زنجیرە کتێبی کەلەپووری
دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد/ ژمارە 19

# هەورامان و هونەر

## بەشی یەکەم
## دیداری هونەری

جەلیل عەباسی (قەقنەس)



# هەورامان و هونەر

هەورامان و هونەر

بەرگی یەکەم (دیداری هونەری)

دانان و ئامادەکردنی: جەلیل عەباسی (قەقنەس)

*

دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی

زنجیرە کتێبی کەلەپووری

دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی

ژمارە (19)

******

ناوی کتێب: هەورامان و هونەر /بەرگی یەکەم/ دیداری هونەری

نووسینی: جەلیل عەباسی (قەقنەس)

تابلۆی بەرگ: هونەرمەند لوقمان ئەحمەد (ڕۆژاوای کوردستان)

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: مەریوان سەلیم

تایپ: ئەدهەم عەباسی (ئەشا)

سورپەرشتی چاپ: دەرباز مامەند
چاپ: یەکەم/2007/دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد/هەولێر
ژمارەی سپاردن:2007/774/ب.گ.کتێبخانە گشتییەکان
تیراژ:1000
چاپخانەی دارا
ژمارەی سپاردنی ب.گ. کتێبخانەکان: (774)ی ساڵی (2007)

دیداری یەکەم:

*( ئوسمان هەورامی )*

" ڕەنگە لەگەڵ
بیستنی ناوی



(گۆرانی)دا چەند ناوێك وەك هونەرمەندی دەنگخۆش لە مێشكماندا زیندوو ببنەوە، بەڵام
كاتێ دەڵێین (سیاچەمانە) تەنیا و تەنیا ناوێك وەك ئەستێرە لە ئاسمانی بیر و زەینماندا

*دەدرەوشێتەوە و ئەویش (عوسمان هەورامی)یە. (سیاچەمانە) کە (1768) ساڵ پ.ز گیانی بەبەر (گاتا)کانی (زەردەشت)ی پێغەمبەردا کردووەو پاش (2348) جار چرپینەوە لە ژێر تەپوتۆزی ڕەشەبایەکدا نوقم بوو، کەچی (یۆسۆئاسکە)یەك تۆزەکەی سرپییەوە و وەك گوارەی زێرین کردییەوە بەر نەرمەگوێی مێژووی لە مێژینەی مۆسیقای ئاموورابیدا و پاش ئەویش تەنیا ئوسمان هەورامی توانیی ببێتە باخەوانی دەست ڕەنگینی ئەو باخە ڕازاوەیە و هەر ئەویش بە گوتنەوە و لقوپۆپ لێکردنەوە لە زریانی نەمان پاراستی و گەیاندییە لووتکە، هەر بۆیەش نازناوی (باوکی سیاچەمانە)ی خەڵات کراوە _ کە هەر شیاوی خۆشیەتی _ چونکە گەر باوکی سیاچەمانە واتە ئوسمان هەورامی نەبووایە، ئێستا بۆشاییەکی گەورە لە گەنجینەی کەلەپووری کوردیدا ئازاری دەداین کە ئەویش هەمان نەمانی سیاچەمانە _ ئەم چریکە ڕەسەنە ئاموورابییە _ بوو. هەر بۆیە ئێستاش و تا دواساتی مێژووی مۆسیقاش وشەی سیاچەمانە هەر لەگەڵ ناوی (ئوسمان هەورامی)دا ئاوێتەیە و لێك جیا ناکرێنەوە:..."*

* * *

= کاك ئوسمان حەز ئەکەم سەرەتای ئەم گفتوگۆیە باسی خۆت بێت، با لە خۆتەوە دەست پێبکەین؟

+ لە خەزەڵوەریساڵی 1314ی هەتاوی (1935 ز) لە گوندە جوان و نەشمیلانەکەی کەیمنە سەر بە بەشی هەورامانی لهۆن لە داوێنی بنەماڵەیەکی ڕەنجبەر و هونەر دۆست لە دایك بووم و ناویان نامە (ئوسمان). بە چریکەی ڕەسەنی سیاچەمانە، بە دەنگی دایك و باوکم کە هەردووکیان دەنگخۆش بوون و گۆرانیان ئەچریکاند، گۆش کرام و بە هەوای ساف و ڕۆح نەوازی (هەیات) و (نوەیجەڕ) (1) پەروەردە بووم و بە گشتی بنەماڵە و بە

تایبەتیش دایکم کردمیانە کوڕی سیاچەمانە. ئێستاش لە کۆڕی هونەردۆستاندا ناسراوم بە ئوسمان هەورامی.

= چۆن و لە چ تەمەنێکدا دەستت کردە گۆرانی گوتن؟

+ بنەماڵەی ئێمە چ ژن و چ پیاو هەموویان دەنگخۆش بوون. گوتیشم کە بە سیاچەمانە گۆش کراوم. کەوابوو ئەبێ زمانیشم هەر بە گۆرانی کردبێتەوە. تا ئەو جێگەیەش لە بیرم دێ، ساڵی 1333 (1954) واتە لە تەمەنی 19 ساڵیمدا دەستم کردە گۆرانی گوتن بە گشتی و دەنگم لە نێو خەڵکدا بڵاو بوویەوە و وەك گۆرانیبێژ ناسرام.

= بۆ یەکەمجار چۆن بوو لە کۆڕێکدا گۆرانیت گوت. هەروەها چۆن دەنگی خۆت ناسییەوە و ئاشکرات کرد؟

+ کاتی تازەلاوی و گەنجێتیم لە نێو باخ و سەر کێوەکاندا بۆ خۆم یانخود لەگەڵ ئامۆزاکانم و زۆرتر ئامۆزا (حمەحسین) گۆرانیمان ئەگوت و بۆم دەرکەوتبوو کە دەنگم خۆشە و توانای گوتنیشم هەیە. جا دواتر کە تازە دەگەیشتمە برگەی نۆزدەهەم لە بڕبڕەی ژیاندا و لەسەر لووتکەی بڵندی جحێڵی و هەرزەکاریدا ئەژیام، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر بە تەنیا ڕۆیشتم بۆ هەوارگەی هەیات. وەرزی ڕازاوەی بەهار بوو. بۆنی گیا و گوڵە سەوز و ڕەنگینەکانی بەهار مەستی کردبووم و هەروا کە چاوم نوقمی سەیرانی ئەو هەموو جوانیە بوو، هەستیشم فڕیبووە ناو گوڵزاری گۆرانی و بۆخۆم خەریکی گوتنەوەی سیاچەمانەیەك بووم، ئیتر بەبێ ئەوەی خۆم ئاگام لەخۆم بێت، دەنگم هەڵبڕیبوو. تمەز کاروانێك لەبیارەوە هاتووە و بەرەو هەورامانی تەخت ئەڕوا، کەئەگاتە سەر کانیە فێنکەکەی هەیات و لەوێ ئەحەسێتەوە، گوێیان لەدەنگی سیاچەمانەکە ئەبێت.

سەرکاروان کە (شێخ عوسمان)ی نەقشبەندی دەبێت، کابرایەك ئەنێرێ تا خاوەنی ئەو دەنگە بناسێ. کابراش دێت و من ئەناسێت و ئەڵێ: ((قوربان کوڕەکەی لای مۆمنە !))

ئەپرسێ: (کام مۆمن؟) ئەڵێ: (مۆمنی عەزە) و ناوی منیشی پێدەڵێ. پاش ئەوەی گوێ ئەگرن بۆ سیاچەمانەکە و ئەحەسێنەوە ئەکەونەڕێ بەرەو هەورامانی تەخت و ئیتر لەوێ بڵاوئەبێتەوە کە کوڕە هەرزەکارەکەی لای مۆمنی عەزە دەنگی خۆشە و... ماوەیەکی پێ ئەچێ. قسە بەتەخت و تەتە (2) و نوەیجەڕدا درز ئەکات و ئەگاتەوە گوندی خۆمان و

(ئەنوەربەگ) (3) ئەیبیسێتەوە ! ! ئەویش یەکێ لەپیاوەکانی نارده شوێنم. که ڕۆیشتم دیتم کۆڕی دیوەخان گەرمە و قرمەی بەرزە. ئیزنی دانیشتنم پێدرا و لەناکاو ئەنوەربەگ گوتی:

(ئادەی کوڕی مۆمنه بەزمێکمان بۆبڵێ... بیستوومە دەنگێکی خۆشت هەیە.) گوتم:

( قوربان وانیه.. من گۆرانی نازانم.) ئاغا تووڕە بوو و گوتی: (بەگۆڕی سان ئەگەر گۆرانیمان بۆ نەڵێی، شەو و ڕۆژێك ئەتخەمە ناو حەوزەلارە.) (4) منیش چارەم نەما. تا ئەو کاتە لای هیچ کەسێك گۆرانیم نەگوتبوو، لەڕوویشم نەدەهات. بەڵام لەترسی هەڕەشەکانی ئەنوەربەگ دەمم کردەوە و بۆ یەکەمجار لەکۆڕێکدا گۆرانیم گوت. ئیتر بۆ هەر کۆڕ و شایی و زەماوەندێکیان ئەبردم و بەو چەشنە دەنگم ئاشکرابوو و ناسرام وەك گۆرانیبێژێکی لاو. ئەبێ بڵێم دوای ماوەیەك بەگزادە جافەکان بانگیان کردم بۆلای خۆیان و ئیتر هەرلەناو ئەوان بەتایبەت لەگەڵ (حەسەن بەگ) و (ئەحمەدبەگ)ی جافدا گۆرانیم گوتووە و زەوقی هونەریم زۆرتر لەلای ئەوان پەروەردە بووە.

= لەلاویەتیدا سەبارەت بەهونەر چ بیر و ڕایەکت هەبوو و چۆن سەیرت دەکرد؟

+ چونکە خۆم دەنگم خۆش بوو و لەبنەماڵەیەکی هونەردۆستدا ئەژیام و گوێم بەدەنگی گۆرانی ڕاهاتبوو، بیر و ڕایەکی تایبەتیم بەهونەری گۆرانی هەبوو. شەیدای ئاهەنگ و شیعری فۆلکلۆری بووم و گۆرانیم بەبەشێك لەژیان و بوونی خۆم ئەزانی. هەواڵی مۆسیقام نەئەزانی و زانستیانە لەگەڵی ئاشنا نەبوبوم، بەڵام هەر لەم حاڵەشدا وابیرم لێ ئەکردەوە کەئەم گۆرانیانە لەخۆوە بەدی نەهاتوون. ئەبێ سەرچاوە و بنەڕەت و هەرواش مانا و فەلسەفەیەکیان هەبێ. ئەو ئاهەنگانەی کە گۆرانیان پێدەگوترێ واتە هەواکان ئەبێ شتێك بن... جا چی بن و چۆن هاتبێتن، ئەوەم نەئەزانی و تەنیا هەستی خەستی خۆمم بەگوتن و گوتنەوە دائەمرکاند. کات و سات و چۆڵ و ئاوەدانیم بۆ نەبوو. هەمیشە کرکەم ئەهات بەتایبەت لەگەڵ ئامۆزا حمەحسەین، کە لە خۆم گەورەتر بوو. لەبەند و بەندەنەکان و باخ و مێرگ و هەرد و هەوارە جوانەکانی کەیمنەدا دەمانگوت و ژیانی لاویەتیمان ئاوێتەی گۆرانی و چریکە ببوو.

= ئایا لەو سەردەمەدا گۆرانیەکانتان تۆمار دەکران یان نا؟

+ خۆتان باش ئەزانن کەلەو سەردەمەدا تەنانەت تا پانزە بیست ساڵی لەمەوبەریش ئامێری تۆمارکردن یا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئەو چەشنە شتانە نەگەیشتبوونە لای ئێمە و هەر هەواڵێکیشمان لێ نەئەزانین و گۆرانیش لەهەورامانداا تەنها بەهۆی گوتنەوە و لەبەر کردن ئاوا ماوەتەوە و یەکێ لەهۆکارەکانی لەجێ وەستانی ئەو هونەرەش هەر نەبوونی ئامرازی پێویست بوو.

= یەکەمین گۆرانیتان چی بوو؟

+ هەروەك گوتم نەبوونی ئامرازی تۆمار لەلایەك و نەخوێندەواریی منیش لەلایەکیترەوە بوونەتە هۆی لەبیر چوونەوەی هەم زۆربەی ئاهەنگەکان و هەم چۆنیەتی و کات و ساتی دەرهێنانیان و هەر ئەوەیە کەمن ناتوانم بیری لێبکەمەوە کە یەکەمین گۆرانیم کامە بووە.

= بۆچی نەچوونە قوتابخانە و هۆی نەخوێندەوار مانەوەتان چی بوو؟

+ کاکی برام، کاتی منالّیی ئێمە قوتابخانە یا هەرنەبوو یا ئەگەریش ببوایە تایبەتی کوڕە مەلا و بەگزادە و چینی بەدەسەڵات بوو. (5) هەر ئەوانیش بەدەیان فرۆفێڵ نەیانهێشت رەعیەت و بۆرە پیاو بڕۆنە مەدرەسە و بخوێنن. لەبەر ئەوەی کە چاویان نەکرێتەوە و هەر ژێرچەپۆکی ئەوان بن. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئێمەومانان یەخسیری فەقیری و هەژاری بووین و ئەبوا لەگەڵ نەداری و دەست کورتی و رەنج و مەینەتی بێ حاسڵ و ژێر چەپۆکی و چەوسانەوە بەشەڕ بهاتباین و زۆرانمان بگرتبایە. هەر بەمندالّی یا دەکراینە شوانی بەرخ یا ئەکەوتینە شوێن هێسرێك و ئەبووینە کاروانچی. بەشەو و بەرۆژ ڕەنجمان ئەکێشا و ئارەقەمان ئەڕشت تا بتوانین بۆ تێر کردنی زکی مندالّۆکە وردەکانیتر یاریدەدەر و عاسای دەستی باوکی ڕەنجبەرمان بین.

= کاك عوسمان، ئاشکرایە زەینی هونەریی خۆتان لەگەڵ تاڵ و سوێریی ژیان و لەهەمان کاتیشدا جوانیی سروشتی هەورامان بوونەتە یەك و وەك زانستگەیەکیان لێ هاتووە و ئێوەیان ئاوا پەروەردە کردووە کە ئێستا مایەی شانازیی دنیای هونەرن و ئەمەش هیچ شك و گومانێك هەڵناگرێت. بەڵام ئایا نەخوێنەواری هیچ دەورێکی پێچەوانەی لەژیانتدا گێڕاوە و کاری کردۆتە سەر زەین و بیر و ڕات یا نا؟

+ ئاشکرایە کە نەخوێندەواری زۆر کاریگەریی پێچەوانەی لەژیانی مندا هەبووە. وەك: من هێشتا نەمتوانیوە هەموو ئاهەنگەکان بەشیعری تایبەتیی خۆیانەوە تۆمار بکەم. نەمتوانیوە بەجوانی لەشیعری کەڵە شاعیرەکان سوود بەرم. ئاشکرایە کە شیعری شاعیرەکان و تەنانەت فۆلکلۆریشم تێکەڵ کردوون. ئێستاش هەر بەو هۆیەوە لێکدانەوەی شیعرەکان و ئەلبوم کردنی گۆرانیەکان کارێکی سەخڵەت و ئاستەم و تەنانەت نەلواوە و ئەم هەموو زیانەش کەلە گۆرانی دراوە ئاکامی نالەباری نەخوێندەواری بووە. بەڵام ئەزموونێکی باشیش بووە بۆئەوەی بەلێزانی و لێبڕاوی گیان و سەر وماڵیشم لەڕێگەی مناڵەکانما دانێم و هانیان بدەم تا بڕۆنە زانکۆ و سەرکەون بۆ پلە هەرە بەرزەکانی زانیاری و لەداهاتوودا بەسوود و بەهرە بن بۆ کۆمەڵ و بەتایبەت ژیرانە لەخزمەتی ئەم گەلە چەوساوە و ستەمکێشەی خۆماندا بن.

= وەك فەرمووتان ئێوە لەگوندی کەیمنە لەدایك بوون و هەر لەوێش گەورە بوون. دیارە پاش ژن هێنان چوونەتە (گەچینە) (6). جا بۆ زۆربەی خوێنەرانی خۆشەویست روون نیە کە هۆی ئەم کۆچەی ئێوە چی بووەو تەنانەت هەندێ داستانیشی لەسەر دروستکراوە.. تکایە لەم بارەیەوە ڕوون کردنەوەیەکتان هەبێ!

+ بەڵێ وایە. لەساڵی 1333ی هەتاوی (1954) ژنم هێنا کە کچێکی خەڵکی دێی گەچینەی سەر بەهەورامانی عێراق بوو و ناوی ((بەهیە)) بوو کەئێستاش هەر هاوڕێ و هاوژینی یەکترین. دوای ساڵ و نیوێك یا زۆرتر خوا مناڵێکی پێداین. جوان لەبیرمە وەرزی هاوین بوو و خەڵکی کەیمنە کاریان ئاژەڵداری بوو و کۆچیان کردبووە هەوارەکانی نوەیجەڕ و هەیات. ماڵی ئێمەش بۆ ئەو ساڵە نۆرەی هەواری نوەیجەڕمان بوو، لە گەڵ دایکم چوبووینە هەوار، مناڵەکەمان چەند مانگانە بوو کە لەپەیوەندی لەگەڵ دایکم و خێزاندما چەشنە ناکۆکیەك کەوتە ناو ژیانمان و هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە من کەیمنە بەجێ بهێڵم و کۆچ بکەم بۆ گەچینە و ببمە عوسمان گەچینەیی.

= ناکرێ زۆرتر ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەنەوە؟

+ ئەگەر لێم زیز نەبن، هەر ئەوەندە بەست بێ چەنکە ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی ئەوتۆی لەگەڵ ژیانی هونەریمدا نیە و دڵنیاشم کە تەنیا سەری خوێنەرانی پێ دێشێت و هیچیتر.

= ئاماژەتان کرد کە بوونە ئوسمان گەچینەیی.. من ئەمەوێ بڵێم کە ئاوا نازناو دەرکردن نیشانەی ماوەیەکی زۆری مانەوەو نیشتەجێ بوونە لە جێگەیەکدا، ئێوە چەند ساڵ لە گوندی گەچینە نیشتەجێ بوون؟

+ تا ساڵی 1979 لەوێ بووین واتە ماوەی 20 ساڵ یا ڕەنگبێ زۆرتریش. تا ئەوە بوو کە گوندە سنوور نشینەکانی کوردستانی عێراق تووشی ڕووخان و وێرانی و ڕاگواستن بوونەوە و دانیشتوانیان بە زۆرەملێ کۆچێنران و منیش ماڵم چووە هەڵەبجە و لەوێ سەقامگیر بووم.

= چەند ساڵ لە هەڵەبجە مانەوە؟

+ لە 1979 بە دواوە لە هەڵەبجە بووم تا ساڵی 1988 کە ژاراوی قینی کوێری دوژمنە دێرینەکەی گەلی کورد واتە ڕژێمی بەعسی عێراق هەڵەبجەشی قڕ کرد و خنکاندی. ئیتر ئەوانەی لەو قڕانە ڕزگاریان بوو، هەڵاتن و ئێمەش ملمان نا بە لارەوە بەرەو ئێران و ئێستاش وەك ئەزانن لە ئۆردووگای سەریاسداین.

= وەك ئاشکرایە هەر نەزمێك لە لایەن خاوەن هەستێکەوە داهێنراوە.. ئێوەش وەك لووتکە لە سیاچەمانەدا هەر ئەبێ خاوەنی چەندین ئاهەنگی تایبەتی خۆتان بن.. بۆیە حەز ئەکەم بفەرموون لەتەمەنی هونەریتاندا چەند نەزم و ئاهەنگی گۆرانیتان داهێناوە؟

+ هەروەك پێشتر گوتم بەداخەوە ئەلبوومێکی ڕێکوپێکم لە گۆرانیەکانی خۆم بەدەستەوە نییە و تا ئەو جێگەیەش کە بیروزەینم بەرایی ئەدات ئەتوانم ئەم گۆرانیانە ناو بەرم کە لە داهێنانی خۆمن: 1_ ئامینە نازەنینە 2_ وربێزە جەخاو 3_ دووربینم کێشا 4_ هۆڕابە 5_ دڵەڕۆڵەگیان و... بۆ ئەم ئاوارە بوونەشمان نەزمی (لایلایە)م داهێناوە کە لە ڕاستیدا شیوەنێکە بۆ هەڵەبجەی شەهید. پێویستە ئەوەش بڵێم کە زۆربەی زۆری نەزم و ئاهەنگەکان لە زۆر بواردا کەموکورتی و تەنانەت ناڕەسەنایەتییشیان هەبووە و من بە پێی توانام هەوڵم داوە بۆ ساغ کردنەوەیان و چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتیانە بە چەشنێك کە شیاوی گوتنەوە بن و ڕەسەنایەتیەکەیان بپارێزرێت.

= ئایا بۆ فێر بوونی گۆرانی مامۆستایەکتان هەبووە؟

+ ڕاستەوخۆ مامۆستام نەبووە کە ئاشنای سەرەوژوور و سەرەوژێری ئاهەنگەکانم بکات بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بنەماڵەی ئێمە بەهرەیەکی خواپێداویان لە دەنگخۆشی و توانای گۆرانی گوتن هەبووە و لە ژن و پیاو کەم کەسمان هەیە کە گۆرانیبێژ نەبێت. هەر بە مێرمندالّی دەنگی دڵبزوێنی دایکم بە لایلایە و سیاچەمانە چڕینەوە نیشتۆتە گوێم و فێر بووم لەگەڵ گۆرانیدا بژیم، هەڵبەت زەین و زەوق و هۆگریی لەڕادەبەدەری خۆم و سروشتی جوانی هەورامان و ژیانی شاعیرانەی ئەو ناوچەیەش هەرکامەیان هاندەرێکی بە هێز بوون بۆ زەوقی هونەریم. هەموو ئەمانە بوونەتە فێرگە و مامۆستایەکی بەتوانا و منیان پێگەیاندووە و تەنانەت سەدانی وەك منیشیان پەروەردە کردووە.

= باشە ئەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەنگی کامە گۆرانیبێژ کاری کردۆتە سەرتان و شوێنی کامە هەناسە کەوتوون؟

+ بە تێکڕا دەنگی هەموو گۆرانبێژەکانی پێش خۆمم بە لاوە خۆش بووە، دەنگی دایکم یا (حای یاقۆ)ی مامم یا (مامە حەکیم) و... سوکنایی پێبەخشیوم و هەمیشە سیاچەمانەکانی ئەوانم بە ئەشقەوە چڕیوەتەوە. بەڵام ئەوەی کە زۆرتر شەیدای کردبم دەنگی زوڵاڵی گۆرانیبێژێکی نارنجلەیی بوو بەناوی (حاجی حسێن) کە ئێستاش هەر ماوە و بە پیریش هەر چریکەی بەرزە. زۆرجار ئاواتم خواستووە ئەو دەنگە زوڵاڵە و ئەو توانایەی حاجی حسێنم هەبوایە، دواتر وام لێهات کە پێنج هەنگاویش ئەوم بەجێهێشت، واتە ئاواتەکەم هاتە دی. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەش ئەتوانم بڵێم کە شوێنکەوتووی هەناسەیەکی تایبەتی نیم بەڵکوو من هەناسەی تایبەت بە خۆم هەیە

= چۆن گۆرانی ئەڵێی.. ئایا کات و ساتی تایبەتیت بۆ هەیە یانخود هەمیشە ئەتوانی بڵێیت؟

+ شیعرێکی فۆلکلۆری هەیە کە ئەڵێت:

هەروەختە بەیۆم هازە گۆرانی      نە چۆڵم پەی هەن نە ئاوەدانی

بەرلە هەموو شتێك ئەم شیعرە پیشان ئەدات کە هەستی گۆرانی گوتنیش وەك هەستی شیعر هۆنینەوە وایە، ئەبێ ببزوێ، بجوڵێ، بهەژێ. گۆرانی گوتن دەستکرد نیە.

هەستێکی دەروونیە کەئەبێ شتێك کاری لەسەر بکا و بیهەژێنێ. هەڵبەت گۆرانیبێژ هەموو کاتێ ئەتوانێ گۆرانی بڵێ بەڵام ئەوە ئیتر گۆرانیەکی ڕاستەقینەی هونەری نیە بەڵکو شتێکی وشك و ئاساییە. من جاری واهەیە حەز ئەکەم هەموو ئاوازەکان بڵێمەوە کەچی جاری واش هەیە هەرناتوانم دەم بکەمەوە و ئەگەر شتێکیش بڵێم ئەوە زۆرم لێ کراوە و ڕەنگە پەسەندی لای خۆم نەبێ و بەشتێکی سەرکەوتووی هونەری سەیری نەکەم. بەڵام کەهەستم ببزوێت ئیتر ئەو هەوایەی ئەیلێم بەلای خۆمەوە لوتکەیە. حەز و تاسەی خۆم دائەمرکێنێ و سوکنایی دەدا بەدڵ و دەروونم.

= لەگۆرانیەکاندا زۆرتر چ هۆنراوەیەك ئەڵێنەوە. ئایا بۆ هەر ئاوازێك شیعرێکی تایبەتی هەیە یان نا؟

+ بۆ زۆربەی ئاوازەکان شیعری تایبەتی هەیە. بەڵام بۆ هەموویان وانیە. بۆگۆرانی گوتن ئەچمە خزمەتی هەناسەی فێنکی شاعیرە ناودارەکانی هەورامان بەتایبەت مەولەوی و بێسارانی و جاروباریش سەیدی. بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەخوێندەواری نەمتوانیوە بەتەواوی شیعرەکان لەبەرکەم و ڕەنگە لەهەندێ شوێندا تێکەڵیان بکەم کە ئەویش بەو مەرجەی یەك مانا و مەبەست بگەیەنن و کاڵای پڕ بەباڵای ئەو ئاوازە بن. بەگشتی لەشیعری فۆلکلۆری ئەڵێمەوە و دڵخۆشم کە توانیومە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئاسەوارە پڕ بایەخە لەسینگمدا بهێڵمەوە. هەروەها جاروباریش شیعری دانراوی خۆم ئەڵێمەوە کەئەوانیش تایبەتن بەئاوازەکانەوە.

= کەوابو چێژ و زەوقی شیعریشتان هەیە و ئەمەش لەگەڵ کۆسپی هەرە گەورەی نەخوێندەواریتاندا جێی سەرنجە؟

+ هەڵبەت شاعیر نیم و ناشتوانم ئەو ئیدیعایە بکەم. هەر ئەوەندە جاروبار سۆزێك بەر ئەبێتە دەروونم و هەڵم ئەنێ نەزمێك داڕێژم. ئەویش تەنیا بۆناو گۆرانیەکان نەك وەك شتێکی ئەدەبی. من پێموایە هیچ مرۆڤێك خاوەن هەست و جوانی پەرەست نیە کە بەدیتنی ئەو سروشتە جوان و ڕەنگینە هەستی نەبزوێ و هیچ نا، وشەیەکی جوانی وەك شیعر هەروەك چووزەی چنوور لە کانگای دڵیا چەکەرە نەکا و هەڵنەتەقێ.

= گۆرانیەکانتان لەچ ڕێبازێکدان؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم چ دەورێك ئەگێڕن لەدنیای هونەردا؟

+ بەگشتی ئەتوانین بڵێین ئاوازەکان کەهەر لەکۆنەوە هاتوون، ریالیزمین بەواتای ئەدەبی، واتە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ژیانی سەردەمن. شیعرەکانیش کە دیارە پاڵپشتی ئاوازەکەن و تاڕادەیەکی زۆر نوێنەری ئەو ژیانەن. منیش بەش بەحاڵی خۆم لەتەغەزۆل کەڵکم وەرگرتووە بۆ نواندنی دیمەنی جوانی وڵات. ئەوەش بڵێم کە لە ژیانی هونەریمدا لە پیاهەڵگوتن بێزار بووم بەتایبەت لە هەوەسڕانی لەگۆرانیدا، هەوڵیشم داوە لایەنی جوانیناسی و عەشقی ئینسانی بگرم و لەگەڵی بڕۆم.

= ئێستا بیروڕات دەربارەی هونەر چیە؟

+ هونەر ڕۆحی هەمیشە زیندووی کۆمەڵانی جیهانە بەهەموو بەش و لقەکانیەوە. هەر گەل و نەتەوەیەك بە ڕابردووی فەرهەنگی و هونەرییەوە ئەناسرێ. لەگەڵ هاتنە کایەی ئادەم و حەواوە دڵنیام فەرهەنگ و هونەریش هاتوون و بوون بەبەشێکی هەرە گرینگ لەژیانی مرۆڤ و هەرگیز لێی جیا نابنەوە. دابڕانی نەتەوەیەك لەفەرهەنگ و هونەر لەڕاستیدا واتە مردن و لەناو چوون و سڕانەوەی ئەو گەلە لەڕووی زەویدا. لەهەمان کاتیشدا گەشە و نەشە و پەرەسەندنی هونەری هەر نەتەوەیەك واتە شانازی و سەربەرزی و ژیانی هەتایی و بەختەوەرانەی ئەو نەتەوەیە. بەڵام زۆر بەداخەوە گەلی ئێمە لەم خاڵەی دووهەم بێبەشە چونکە لەمێژساڵە نەتەوەی ئێمە لەژێر چەپۆکی دوژمناندا ژیاوە و هەر سەرکوت کراوە و تەنانەت بۆساتێکیش سەربەخۆ نەبووە یاخود باشتر بڵێم نەیانهێشتووە چاو بکەینەوە و سەربەخۆ بژین بۆخۆمان. هەر دەردیان پێداوین و نەشیان هێشتووە دەرمانی دەردەکانمان بدۆزینەوە و چارەسەریان بکەین. تا هەبوون ئاغا و میر و خان و بەگزادەکان و پاش ئەوانیش بەرەی دەسەڵاتدار واتە ڕژێمەکان لەلایەکەوە و مەلا و شێخ و هەزاران دوژمنی دیکە لەلایەکیترەوە هەمیشە سێبەری دێزیان بەسەر ئەم گەلەوە هەبووە و بۆپاراستنی بەرژەوەندی نامرۆڤانەی خۆیان بەریان بەگەشە و نەشەی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەری ئێمە گرتووە و کۆسپێك بوون لەڕێگای خوێندن و فێربوون و زانیاری و چاوکردنەوە و تەنانەت بچوکترین جم و جۆڵی ئێمەدا و

نەیانهێشتووە راستیەکان بدۆزینەوە و بیانبینین. هەربەم هۆیەشەوە هەست و بیر و زەینی خەڵکی و بەتایبەت هەستە ناسکەکان وەك خونچەی تینوو لەبێ ئاویدا تاساون و ژاکاون و ئەمەش بووەتە هۆی گەشەنەکردن و لەجێ وەستان و تەنانەت فەرامۆش بوون و لەبیرچوونەوەی ئێمە و فەرهەنگ و هونەری ئێمە. ئەوەیەکە ئێستا تاڕادەیەکی زرۆ ئێمە لەفەرهەنگ و هونەری خۆمان دوورین و نەمانناسیوە و نایدۆزینەوە. ئێستا کەسی واهەیە کە بەمن یا دیکەی گۆرانیبێژەکان دەڵێ لۆتی و خراپتر لەوە بەگۆرانیەکان واتە بەجوانترین و ڕەسەنترین ئاهەنگی ئەهورایی ئەڵێ بەیتوبالۆرە و بەمچەشنە بێزاری و دووری و نامۆیی خۆی بەرانبەر بەناسنامە هونەرییە پڕ لەشانازیەکەی دەرئەبڕێ. بەڵام شوکر وادیارە گەنجەکانمان لەم دوایەدا بیریان لێ کردووەتەوە و کەوتوونەتە ڕێگە بەرەو لوتکەی بەرزی سەربەخۆیی فەرهەنگی. ئەمەش بەوەدا دیارە کە بۆ وێنە ئێستا لاوێکی خوێندەوار رێزی یەکێکی وەك من ئەگرێت و نەخوێندەواریەکەم ناکاتە بیانوو بۆ دوورە پەرێزی و ناشلێ لۆتی و بەیتوبالۆرە، بەڵکو حەسرەتمەندە کە بریا من خوێندەوار بوومایە تا زۆرتر لەخزمەتی هونەردا ڕۆڵم بگێڕایە. من هیوادارم کەئەم جموجووڵە فکریە درێژەی هەبێت و بگاتە ئەو ئاکامەی کە گەلی ئێمە چاوەڕوانیەتی.

= چەند کاسیتێکم لەئێوە هەبوو کەئامۆژگاریی گۆرانیبێژەکانتان کردبوو لە پێداهەڵدان بەتایبەت بۆ ئافرەتان خۆیان بپارێزن. ئەکرێ لەم بارەیەوە ڕوون کردنەوەیەکی باشترتان هەبێ؟

+ جوانیخوازی و جوانپەرەستی هەستێکی قووڵ و ڕەسەنی مرۆڤە. خولقێنەری شیعر و گۆرانی و تەنانەت شاکارە هونەریەکانیش و ئەشتوانم بڵێم خولقێنەری هەست و ژیانیش هەر جوانیە. عەشقیش دەنگدانەوە و ڕەنگدانەی جوانیە لەدەروونی مرۆڤ. لەهەمان کاتدا ئەبێ بزانین کەئەم عەشق و مەیل و هەستە نەبەستراوە بە سینگ و بەژن و باڵای ئافرەتێکەوە، بەڵکوو زۆر لایەنی رەسەنی مرۆڤانەشی هەیە. من هەمیشە گوتوومە کەلە گۆرانیدا ناوی ئافرەتێکی تایبەت مەهێنن. تائەتوانن تێبکۆشن گۆرانیەکانتان ڕەنگدانەوەی بیر و باوەڕی مرۆڤانە و ژیانی راستەقینەی گەلەکەمان بن. ئەوە ئامۆزا حەمەحسەین و کاك جەمیل و ئەم دۆستە بەڕێزە هونەردۆستانەش لێرەن و ئاگادارن،

هەرچەند لەباری تەمەنەوە لەوان بچووکتر بووم بەڵام هەمیشە پێشنیارم پێ کردوون هونەرمەندێکی ڕاستەقینە و بەڕێز و وشیار بن.

= ئایا بۆخۆتان پێش هاتووە کەشیعری ئاوەها زەق بڵێن یا هەرچەشنە پیاهەڵدانێك؟

+ بەڵێ من بۆخۆشم هەڵبەت لەتافی لاویدا ئەو کارانەم کردووە. جوان لەبیرمە پیاوێکی بەڕێز و خاوەن هەست ڕۆژێ پێیگوتم: ((وشیاری خۆت بە! سەری کەو مەنێ بە زڕ کەوەوە!)) ماوەیەکی دوورودرێژ ڕابوورد جامن تێگەیشتم و هەستم بە قووڵی و پڕ واتایی ئەو گوتە بەنرخە کرد. ئەو خاوەن هەستە شیعر و گۆرانیی ڕەسەنی چواندبوو بەسەری جوانی کەو و مەبەستیشی لە زڕکەو ئەو شیعرە جاهێلانە و زەقانە بوون کە بۆ پیاهەڵدان ئەگوترێن، بەو چەشنە ئامۆژگاریی کردبووم کەبە پێچەوانە لەهونەر و بەهرەکەم سوود وەرنەگرم. منیش ئەو ئامۆژگاریەم کردووەتە ئاوێزەی گوێم و هەتاهەتایە سوپاسی ئەکەم و بەکاری ئەگرم.

= ئێوە لەلاوێتیدا ئاوازی ((مەلە سەرشین))تان خۆش ویستووە. ئایا ئەو ئاوازە هی خۆتانە.. هۆی ئەو خۆشویستنە چی بووە؟

+ ئەو ئاوازە هی من نیە و بەداخەوە ناشزانم کێ دایهێناوە. بەڵام ڕاستە بەلای منەوە خۆش بووە و حەزیشم کردووە خۆم هەمیشە بیڵێمەوە. بەگشتی ئەو ئاوازە خۆش و دڵبزوێنە و هەموو کەس خۆشیدەوێت. ئەوەش دەنگێکی مەلە سەرشین بۆئێوە کە دڵنیام ئێوەش بەلاتانەوە خۆش ئەبێ و کار ئەکاتە سەر هەست و زەینتان... :

(( هەی داد هەی بێداد... هۆ... هۆمەلە سەرشین گیان

ئامێ گیان توخا هەی بێدادیمەن

کورە بێدادیم لەدەس ئای... ئاخ... سەرشین گیان

ئایایای... شەو تەنیاییمەن

جاگم کەردەی نەچیر هۆ...، مەلە سەرشین گیان

دەی گیان نۆ سەیادیمەن...))

= ئەو خۆشەویستییەش دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی ئەشقێك.. واتە خۆشەویستیی تۆ بۆ کچێك هەر بەو ناوە؟:

+ ... ... لەوەیان گەڕێ، با زۆر لەسەری نەڕۆین، لەوانەشە ئەوشتانەی تۆ بیستووتن هەمویان راست نەبن.

= ئەڵێن کاتێ لەگەڵ حمەحسەین و مەجنوون گۆرانیتان گوتووە کەهەر ئەو ئاوازەی مەلە سەرشین بووە، داواتان لێ کردوون ئەوان نەیڵێن تاخۆتان بەتەنیایی بچریکێنن. ئایا ئەمە ڕاستە و ئەگەر ڕاستە بە چ هۆیەکەوە بووە؟

+ ئەوە هیچی ڕاست نیە و منیش لەژیاندما ئەو کارەم نەکردووە. ئەوە بەجێی خۆی کە من ئەو ئاهەنگەم زۆر خۆشویستووە یان دەنگم لەوان خۆشتر و توانام زۆرتر بووبێ، بەڵام هەرگیز ئیزنم بەخۆم نەداوە ئەو کارە بکەم و بەکارێکی ناحەزیشی ئەزانم. هەڵبەت هەموو کاتێ لەگۆرانی لێسەندنەوە و وڵامدانەوە واتە دووقۆڵی یا... هەوڵم داوە زۆرتر لەهاوڕێکانیەم بسێتنمەوەو زووتر وڵامیان بدەمەوە کە ئەمەش وەك یاریدەدانێك بووە تا ئەوان زۆرتر ماندوو نەبن و توانایان تاسەر بمێنێ و ئەم کارەشم بەئەرکی سەرشانی خۆم زانیوە و هەوڵمداوە چۆنیەتی دەستپێکردن و وڵامدانەوەو دوایی پێهێنان و هەروەها هەندێ لەخاڵە تاریکەکانی هونەریان بۆ ڕوون بکەمەوە و بەم کارەی خۆیشم رازی و دڵشادم.

= لە پۆلێنکردنێکی هونەریدا ئێوە چۆن دەڕوانن خۆتان و چ پلەوپایەیەك بۆ خۆتان دائەنێن و بە چ چاوێکیش سەیری دیکەی گۆرانیبێژەکانی هەورامان ئەکەن؟

+ بۆخۆم ئەوەندە بڵێم کە پێ خۆشحاڵم بتوانم لەپێناوی بووژاندنەوەی هونەری ڕەسەنی گەلەکەما خزمەت بکەم و هەرکێ و هەرچیش بم ئەوە ئەرکی سەرشانمە و ئەبێ بیکەم و سەیری پلەوپایەش ناکەم. سەری ڕێزیش دائەنێم بۆهەموو هونەرمەندێکی دڵسۆز و ڕەسەنی هەورامان و هیوادارم نمونەیان زۆرتر بێ. بەڵام ڕا دەربڕین لەمەڕ پلەوپایەی هونەرییەوە کاری خاوەنڕایانی هونەرناسە و پەیوەندیی بەمنەوە نیە واتە من ناتوانم بڵێم خۆم لەچ پلەو پایەیەکدام، بەڵام ئەوە ئەڵێم کە شوکر هەورامان هونەرمەندی بەرزی زۆری تێدایە و هەرکامە بەچەشنێك خەریکی خزمەت کردنن. بەوەش خۆشحاڵم کەهونەرمەندە گۆرانیبێژەکان دەوری منیان داوە و تەنیام ناهێڵن و بوونەتە مایەی ئومێد و هیوا و دڵخۆشیم بەدوا ڕۆژی هونەری گەلەکەمان.

= ئاشكرایه كەسیاچەمانه بەبوونی ئێوەوەیه كەئاوا پارێزراوه و بووژاوەتەوە، كه ئێوەش تەمەنتان خەریكه بەرەو ژوور پاڵی پێوه ئەنێ. بەبیروڕای ئێوه پاش خۆتان سیاچەمانەچیی لێ بەسەر دێت و كامه گۆرانیبێژ ئەتوانێ بیپارێزێ و سوچی خاڵیی نەبوونی ئێوه پڕ بكاتەوە؟

+ ئەبێ بڵێم زۆربەی هونەرمەندەكان خزمەتی سیاچەمانەیان كردووه و منیش تەنیا یەكێكم لەوان. ئێستاش زۆرمان هەن كه هێشتا لاون و ئەكرێ جێگەی هیوا بن بۆدوا ڕۆژ، بەڵام بەڕاستی ناتوانم یەكێك دەستنیشان بكەم و تەنیا هیوادارم یەك و دوان نەبن و تادێ زۆرتر بن و كارامه و لێزان و دڵسۆزتریش بن. ئەوەش بڵێم كه شوكر هونەرمەندەكانمان ناڕوانن بۆپلەو پایه و پێشكەوتنی تاكەكەسی. بەڵكوو دڵنیام كەهەموو خەمیان بووژانەوەی سیاچەمانه ئەبێت و ژیرانەش لەخزمەتیا ئەژین و چریكەی ڕەسەن هەروا كەله بەرەبەیانی بوونی ئێمەوه هەبووه، تادوایین وشەی دوایین لاپەڕەی مێژووی ئەم گەله هونەرمەنده هەر ئەمێنێ بەسەربەرزی و بەختیاری.

= ئاوازی گۆرانیی هەورامی چۆن داهاتوون و بەچەند بەش ئەناسرێن و بۆچی؟

+ هەروەك ئەزانین سیاچەمانه هەرلەگەڵ ئاڤێستا و سروودەكانی ئەهورامەزدادا هاتووه. ئەتوانم بڵێم سیاچەمانه بەشێكه لەهۆره كەڕەنگه ڕەسەنترین چریكەی ئەهوورایی بێ. ئەم ئاوازه ڕەسەن و دڵبزوێنه بەرەبەره هاتووەته پێش و دواتریش زۆربەی ژن و پیاوه بەزەین و هونەرمەندەكان گوتوویانەتەوه و تەنانەت بۆخۆشیان ئاهەنگیان داهێناوه. نازانم كێ بێ سیاچەمانەی حاجی یاقۆ یان حمەعەلی خاوه یان حێدەر و یان مامۆحەكیم و... نەناسێت و بەهرەی ڕۆحیی لێ نەبات؟ بادرێژەی پێنەدەم و بگەڕێمەوه سەر بەشی دووەمی پرسیارەكەتان. بۆدابەش كردنی گۆرانی هەورامی، ئەبێ بڵێم من بەرلەهەموو شتێك سیاچەمانه بەگشتی بەدایكی گۆرانی هەورامی دائەنێم. ئێمه لەهەورامان بەهره و ناسنامه و گەنجینەیەكی هونەری بەنرخمان هەیه كەئەبێتە گۆرانی. ئەو گۆرانیەش بووەته چەند بەشی جیاواز وەك سیاچەمانه، بەرزەچڕ، سەحەری، دەرەیی، گۆشی (خاو) و چەپڵه كەئەویش بۆخۆی ئەبێته دوو بەشەوه. چەپڵەی كرژ و هی خاو (ورده بەزم). بەداخەوه من ناتوانم وەك نۆته هەمویان دیاریی بكەم و لەم بارەیەوه كۆڵم. (7)

= هەموومان ئەزانین کەحاجی مریەمی دایکتان دەنگێکی خۆش و بەسۆزی هەبووە و تەنانەت ئەڵێن کەئەویش ئاهەنگی تایبەتی داهێناوە. ئێوە چی لەم بارەیەوە ئەزانن؟

+ بەڵێ دایکم دەنگی زۆر خۆش بووە و ئێستاش هەر بەسۆزە، سەرەڕای پیریش. دەنگی ئەو کاتەی کەلایەلایەی بۆئەکردین یان مەڕی دەدۆشین و بەگۆرانی ئەیلاواندن تاهەتایە لەگوێما ئەزرنگێتەوە. ئەویش هەروەك دیکەی شاژنە هونەرمەندەکانی کەیمنە بەتایبەت و هەورامان بەگشتی خاوەنی سیاچەمانەی تایبەتی خۆیەتی.

= لەزۆربەی ئاهەنگەکاندا و بەتایبەت لەم دواییانەدا لەشیوەنی هەڵەبجەی شەهیددا زۆر ناوی ((دڵە)) ئەبەن. لاموایە ئاوازێکی تایبەتیشتان داناوە بەناونیشانی ((دڵە ڕۆڵە گیان)) حەز ئەکەم لەو بارەیەوە قسە بکەن. مەبەست لەو گۆرانییە و ناو هێنانی پەتیا پەتیای (دڵە) چیە؟

+ کوڕە بچکۆلەکەم ناوی دڵسۆزە کەپێی ئەڵێن دڵە. زۆرم خۆش ئەوێت و گۆرانیی تایبەتیشم بۆگوتووە و لەبەر خۆشەویستی زۆر ناوی ئەبەم. هەڵبەت ئەو ناو هێنانەش لەبەکارهێنانی وشەی ناڕەسەن و ناحەز تاڕادەیەکی زۆر ئەمپارێزێت. لەلایەکیشەوە کە ئەڵێی دڵە گیان ئیتر لەباری تایبەتی دەرئەچێ و باری گشتی ئەگرێتە خۆی. لەشیوەنی هەڵەبجەشا کەناوی لێ ئەبەم یادێکە لەو هەموو جگەرگۆشانە کەخنکان و تاسان یا ئاوارە و پەڕیوە بوون کەئەویش یەکێکە لەو دەرکراوانە.

= ئاماژە کرا لەقسەکانمانا بە شیوەنی هەڵەبجە. وەك ئەزانن کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە و ئەو ئاکارە دژی مرۆڤایەتیە کاری کردوەتە سەر هەموو هەستێك بەتایبەت هەستە ناسك و بەبەهرەکان و چ بەشیعر و گوتار و پەخشان و چ بەئاهەنگ و وێنە لەلایەن هۆنەرە بەڕێزەکانەوە هاواری برینداریی هەڵەبجەی شەهید هەڵ کراوە. ئێوە وەك هونەرمەندێك کە خۆتان لەناخی کارەساتەکەشدا بوون چیتان کردووە؟

+ جا منی زام زەدە و دەرکراو بێجگە لەدەربڕینی هانای بەرز و شیوەنێکی ئینسانی بۆمردنی هەڵەبجە چیم لەدەست ئەهات؟... بۆئەو کارەساتە دڵتەزێنە گۆرانیی شیوەنی هەڵەبجەم ساز کرد، هەوڵم داوە سوچێك لەو کۆستە هەرە گەورەیە دەربخەم و بەو چەشنە فرمێسکە لێڵەکانم بەسەر تەرمی هەڵەبجەدا هەڵڕێژم.

= دەنگی ئێوە بەچریکەی ڕەسەنی هەورامی ئەناسرێت و هەرئێوەش سیاچەمانەتان زیندوو هێشتووەتەوە، ئەی لەبواری گۆرانی سۆرانیدا چیتان کردووە؟

+ ئەبێ بلێم هیچ. بەس ئەوەندە کەجاروبار گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك ئەلێمەوە. چونکە دەبێ دان بەوەدا بنێم کەبەلامەوە زۆر بەڕێزو خۆشەویستە. هەروەها مەقامی مەلاوەیسیش ئەلێمەوە کە لە مامۆستا عەلی مەردانم بیستووە و جاروباریش خۆم لەقەرەی هۆرە ئەدەم کە بەڕای من لە هونەری کوردیدا هۆرە و سیاچەمانە برابەشن. بێجگە لەوە هیچ جوولانەوەیەکم لەو بوارەدا نەبووە و زۆرتر و بەتەواوی خۆم بۆسیاچەمانە تەرخان کردووە و هەربەو ڕێبازە مەزنەدا ڕۆیشتوم.

= حەز ئەکەم لەبارەی شیعری خۆتانەوە باسم بۆ بکەین؟

+ پێشتریش ئاماژەم کرد کەوەك شیعر، شیعر ناهۆنمەوە بەڵکو جاروبار کوڵی دڵم دێتە جۆش و نەزمێك دائەڕێژم بۆگۆرانی کەتێیدا باسی سروشتی جوان و شاخە بەرزەکانی هەورامان ئەکەم و یادێکیشە بۆ رابردووی خۆم و بەو چەشنە داخەکانم لەتەمەنی رابردوو، لەدووری لەزێد و پەڕێوەیی خۆم هەڵئەڕێژم.

= کاك ئوسمان هەرکەسە بۆخۆی لەژیانیدا بیرەوەری زۆری هەیە و فارسیش ئەڵێ: ( ژیان تەنیا بیرەوەریەکە و بەس). ئەوەش بڵێم کە هەر بیرەوەریەك و بەتایبەت بیرەوەریی هونەرمەندێك چ تاڵ و چ شیرین جێگەی سەرنجە و نرخ و بایەخێکی هونەریی هەیە. بۆیە حەز دەکەم بیرەوەریەکی هونەریت ببیسم؟

+ ئەوە کە ئەڵێن ژیان بیرەوەریەکە، ڕاستە. سەرتاسەری ژیانی هونەری من، گەشتەکانم لەنێو باخ و مێرگ و هەوارگەکانی هەورامان و بەسەر کەژوکێوە سەربەرزەکانیا، لە ڕاوکردن بگرە تاشوانی و ئاودێران و کۆچبازیی نێوان گوند و هەوارگە و هێسرەوانی و کاروانکردن لەگەڵ هەڤالاندا، گۆرانی گوتن و گەڕان بۆ گوڵ و گیا بەهارییەکان، هەموو لەجێی خۆیانا بیرەوەرین، ئەویش بیرەوەریەك تا بڵێی شیرین کەئێستا خەم و حەسترەتیان بۆ ئەخۆم. لەڕاستیدا ژیانی هەورامان تابلۆیەکی جوان و رازاوەی هونەریە و گێڕانەوەی بیرەوەریەك وەك دۆزینەوەی دیمەنێك لەو تابلۆ نەخشینەدا کارێکی دشوارە بەڵام با پەنجە بنێمە سەر خاڵێکی ئەو تابلۆیە:...

هێشتا گونده سنوورییەکان نەکۆچێنرابوون و ئێمە لەگوندی گەچینە بووین. ڕۆژێکیان چووم بۆهەڵەبجە و فەردەیەکم ئارد کڕی بۆ ماڵ و تا گوندی (گوڵپ) بە ئۆتۆمۆبیل هاتمەوە، ئۆتۆمۆبیل لەگوڵپ بەرەو ژوور نەدەڕۆیشت واتە باخەکۆن (8) و گەچینە ڕێگەی ئۆتۆمۆبیلیان بۆ نەکێشرابوو، من هەر لە گوڵپ هێسرەوانێکم بە کرێ گرت کە ئاردەکەم تا ماڵی خۆمان بەرێتەوە. ئاردمان بار کرد و کەوتینە ڕێ. لەنێوان گوڵپ و باخەکۆندا هێندە نەڕۆیشتبووین کابرای هێسرەوان گوتی: براڵە هاودەنگیم ناکەی گۆرانیەك بڵێین؟ گوتم: بابە خۆ من ئوسمان هەورامی نیم گۆرانی بڵێم. من گۆرانی نازانم. گوتی: چۆن ئەبێ هەورامیەك گۆرانی نەزانێ؟ من خۆم دەنگم لەسەدی وەك ئوسمان هەورامیش خۆشترە.

واقم وڕمابوو. خوایە ئەم هونەرمەندە دەنگخۆشە کێیە کە من نایناسم و هێشتا نەمدیوە. هەروا لەگەڵ خۆمدا بیرم ئەکردەوە کەکابرا دەنگی لێ هەڵبڕی:...

((ئای مەچۆ گیان مەچۆ دەی خانمەخاسەکەم

ئاخ پاو و پاڵات وەبان دەی دیدە ڕاسەکەم))

کابرا دوو دەنگی گوت و ڕۆحی من ماندوو بوو. دەنگی زۆر ناخۆش بوو هیچ، هەرلە نەزمەکەشی نەئەزانی. بۆدەنگی سێیەم خۆم پێ نەگیرا و لەپشتە سەریەوە وڵامی گۆرانیەکەم داوە:...

((توخا باوەهار بێوە گیان هەنار کەرۆ گوڵ

دەی ئاوەختە وەشا گیان بلمێ چەم و دۆڵ

ئاخ مەچۆ گیان مەچۆ دەی خانمەکەی گوڵم

ئاخ دەس بنیە وەبان خانم... ئاخ پەڕەکەی دڵم))

کابرا، کەدەنگەکەی بیست لەجێی خۆی وەستا. واقی وڕما و وشك بوو. منیش گۆرانیەکەم بڕی و وەستام. گوتی: خۆ تۆ کاك ئوسمانی؟! گوتم: بەڵێ خۆمم. سەری خستە خوارەوە و سەدجار شەرمەزاریی خۆی دەربڕی. منیش دڵخۆشیم داوە و بۆ ئەوەش پیشان بدەم کەدڵم لێی نەئێشاوە نەزمی مەلە سەرشینم پێشکەش کرد و بۆم گوت:...

((ئانە کۆملی هۆ... هۆسەرشین گیان ئامێ گیان دەی منیچێ بەرە

ئازیز توخا منیچێ بەرە

چەنی خاڵەکات ئای مەلە سەرشین گیان ئازیز توخا تێکەڵم کەرە

دەی گیان تۆ تێکەڵم کەرە...))

کەگەیشتینە ماڵەوە ئاردەکەی داگرت و بەکۆڵی خۆی بردیە ژوور و هەرچیم کرد دانەنیشت و فلسێکیشی لێوەر نەگرتم، زوو سەری خستە خوار و لێیدا ڕۆیشت. منیش کەوتمە بیری فەقێکەی لای مامۆستا قانیع کەشیعرەکانی دزیبوو و خۆی بەقانیع لەقەڵەم دەدا و ئەویش ئەڕواتە لای.. ئاخۆ کابرای فەقێ چەندە شەرمەزار بوبێت!.

= ئێوە هەر زوو لاقتان شکاوە و لەئاکامدا ئێستاش تۆزێ ئەشەلن و ئەشزانن دڵخوازەکانتان ناوی ((بەقە شەل))یان لێناون. ئەو کارەش بووەتە ڕازێکی ئەفسانەیی لەسەر زاری خەڵکی، حەز ئەکەم ڕاستیەکەی لەدەمی خۆتانەوە ببیستم؟

+ بەڵێ، من بۆخۆشم ئەو ڕازەم بیستووە کەهیچی ڕاست نیە و ناشزانم چۆنیان داهێناوە و لەناو خەڵکیشا جێیان خستووە! جابۆئەوەی سەرچاوەی درۆی ئەو ڕازەش ئاشکرا بکەم باسی چۆنیەتیی شەل بوونم ئەگێڕمەوە و تۆزێکیش ئەگەڕێمەوە پێشتر لەو کارەساتە:...

ماڵمان لەگەچینە بوو. باری ئابووریشمان زۆر شپرز بوو. من بۆبژێوی خێزان، ئیش و کاری جۆربەجۆرم ئەکرد. ڕۆژێکیان ((شێخ کەریم))ی کوڕەزای ((شێخ حیسامەدین))ی باخەکۆن (خوای لێ ڕازی بێ) ناردبووی بەشوێنما بۆ گوێز تەکاندن. منیش چووم و دەستم بەکار کرد. ئەو ڕۆژگارە کرێکار ڕۆژی پێنج تمەنیان ئەدایێ و منیش ئەو ڕۆژە تا ئێوارە گوێزم دەتەکاند و ئێوارە ربعە دینارێکم لەشێخ کەریم وەردەگرت. هەروا خەریکی گوێز تەکاندن بووم کە لەناو باخەکەدا هەرایەك پەیدا بوو. دیتم شێخ کەریم و ((شێخ ئەحمەد))ی برای، بەرەو لای من دێن. شێخ ئەحمەد بانگی لێ کردم: (ئوسمان، گوێزەکە مەتەکێنە وەرە خوار.) منیش هەر بەدارەکەوە گوتم: ( یا شێخ، ئێوە منتان لەئیش و کاری ئەمڕۆم کردووە. ئەی من چ بکەم؟) باخەوانەکە بانگی کردمە لای خۆی و ربعە دینارێکی دامێ و ئیتر من ئەوانم لەباخەکەدا

بەجێهێشت و هاتمەوە بۆ ماڵ. پاش چەندین ڕۆژ، تاسەی کەژوکێوم کرد و کەوتمە ڕێ. هەروا کەئەچووم دیتم مارێکی هەرە گەورە لەبەر پێمدایە. ڕەنگە نزیکەی چارەکە سەعاتێك شەڕمان کردبێ تامن مارەکەم کوشت و گەڕامەوە بۆ ماڵ. پاش ماوەیەکیتر چوومە نێو باخ بۆگوێز تەکاندن. بەدارە گوێزێکدا سەرکەوتم و شەنم گرتە دەستەوە و خەریکی کار بووم. تومەز بەسەر لقێکی وشکەوە وەستاوم و پێم نەزانیوە. لەگەرمەی کاردابووم کە لقەکەی ژێر پێم شکا و من لەو سەرەوە بەر بوومەوە و کەوتمە خوار و لاقم بەشێوەیەکی زۆر خراپ و نالەبار شکا. ئیتر من لەهۆش ئەچم و خەڵك بەدارە مەیت ئەمبەنەوە بۆزێدە ڕاستەقینەکەم کەیمنە بۆلای دایك و باوکم. لەوێ ئەنێرن بەشوێن (شێخ حمە سادق)ی هەورامانی تەخت کەجەڕاحێکی زۆر لێزان و کارامە بوو. شەش مانگی ڕەبەق چەند جەڕڕاحی لێزانی کەیمنە و هەورامانی تەخت خەریکی گرتنەوەو شکاندن و دیسان گرتنەوەی لاقی من بوون و من زەجرم کێشا تابەتەواوی گرتیانەوە. بەڵام بۆهەمیشە شەل بووم چونکە ناچار بوبون چەندجار لەلاقی من ببڕن. من بۆماوەی دوساڵی ڕەبەق لەجێگادا کەوتم و حاڵم خراپ بوو و ژیانم لەژاری مار تاڵتر. کەپاش دوو ساڵ کەوتمەوە سەرپێ، دیتم وڵات پڕ بووە لەم ئەفسانەیە کەگوایە شێخ ئەحمەد دۆعای لێ کردووم و دۆعاکەی کاری تێکردووم و ئەم لاق شکان و شەل بونەم ئاکامی ئەو دۆعایە بووە. ئەم چەشنە قسەو باسەش کەهەر وەك گوتم ئەساسی نیە، ئەگەڕێتەوە بۆ گرفتی نەخوێندەواری گەلی ئێمە کە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆپیلانەکانی چەوسێنەرانی دلڕەشی کورد کەهیوادارم بەرەی دواڕۆژمان ئەو کۆسپە لە نێو بەرێت و دێوەزمەی بەسامی نەخوێندەواری لەوڵاتەکەماندا دەربەدەر بکرێت و وڵاتەکەمان بەزانست و زانین سەربەرز بکرێتەوە.

= ئێوە وەك مامۆستایەکی هونەری کوردی لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندە دەنگخۆشەکانی هەورامان پەیوەندیتان هەبووە و باشتریشیان دەناسن. حەز ئەکەم بۆئەوەی هەم بەگشتی یادێکمان لێ کردبن و هەم بۆ ئاشنا بوونی زۆرتری خوێنەران لەگەڵ گەنجینەی گۆرانی لە هەوراماندا، ناویان بەری و بیانناسێنی؟

+ هەروەك پێشتر گوتم هەورامان مەڵبەندێکی رازاوە و خنجیلانە بووە و سروشتێکی هونەری و شاعیرانەی هەیە، زۆر هونەرمەندی لێ هەڵکەوتوون کە دڵنیام بیرم بەرایی نادات ناوی هەموویان بەرم بەڵام تا ئەو جێگەیە لەمێشك و زەینمدایە ناویان ئەبەم هەرلەگەڵ ئەو ناو بردنەش سڵاو و ڕێزی خۆم ئاراستەی یەکەیەکەیان ئەکەم. من لەگەڵ ئەم هونەرمەندانەدا ناسیاویم بووە و لەگەڵ زۆربەشیاندا گۆرانیم گوتووە:...

1 مەحموود ناسراو بە خولەسوور کەلە ساڵی 1356ی هەتاوی (1977) کۆچی دوایی کرد

2 حاجی حمەڕەش کۆچی دوایی 1985

3 عەبە تەپەڕەشی کۆچی دوایی 1987

4 حەیدەر

5 ئەحمەدی نازار کۆچی دوایی 1976

6 مامە حەیدەری شوان شەهیدی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە

7 کێخا حمە سەلیم کۆچی دوایی 1976

8 حمەعەلی کۆچی دوایی 1979

9 نەسروڵڵا کەیکاوس کۆچی دوایی 1980

10 سابیر بێرواسی کۆچی دوایی 1988

11 شێخ حەیدەری عەبایلیێ

12 مەعرووف عەبدولڕەحیم کە هەم گۆرانیبێژ، هەم شاعیر و هەم شمشاڵ ژەنێکی بەبەهرەیە

13 مەحموود شیرانی

14 حاجی عەزیز

15 حمەساڵح (حەتە) تەوێڵەیی

16 حەسەن رەحمان

17 حەمەی برزوم

18 ئەحمەد مازیبنی

19 عارف بنجدڕەیی

20 سەعید زەلامی

21 حمەخان گوڵپی

22 حمە هانەگەرمڵەیی

23 حاجی حسەین نارنجڵەیی

24 عەلی نەوسوودی

25 حەسەن بەگی دوڕۆ

26 حمەعەلی خاوەر

27 حمەجافری نۆدشی

28 حمەحسەین خالیدی کەیمنە

29 شەفێع خالیدی کەیمنە

30 مەجنوون خالیدی کەیمنە

31 حاجی یاقۆی خالیدی کەیمنە

32 محەمەد خالیدی (حمەقولتە) کەیمنە

33 محەمەد میرزایی (حمەتەنە) کەیمنە

34 حەکیم عەباسی (مامۆ حەکیم) کەیمنە

35 رەحمان خالیدی (رەحمانە) کەیمنە شمشاڵ و زوڕناژەن

36 محەمەد (حمەقیژەڵە)

37 فارس خالیدی کەیمنە

38 عبدوڵلا عەباسی کەیمنە

39 بەیزا خالیدی کەیمنە

40 فەرخی خالیدی کەیمنە

41 مەریەمی دایکم

42 فەرخی خێزانی مامە حامید لەکەیمنە

43 بەیزا دایکی زاهێر خالیدی

44 عۆدە شەمسە

45 رەحیم حەمەڕەشی بێرواسی

46 فەتحوڵلا ئەمینی جوانڕۆ

57 جەلال هەرسینی

48 جەمیل نەوسوودی

49 کامیل نەوسوودی

50 حەمە نەوسوودی (حەمەلە)

51 عەتا زەڵمی

52 نەوزاد هانەدنی

53 سەمین نگڵی

54 خۆسرەو جاف

55 محەمەد مازی بنی

56 حەمەمین خواشتی

57 حەمەخانی بەڵخەیی

58 عەلی تەوێڵەیی

59 عەلی گوڵپی

60 تەوفێق زاوەری

61 حاجی محەمەد پلیس کەیمنەیی

62 قوربانی خالیدی

63 حەیران خالیدی

64 ئەشرەف یوسفی دزاوەر

65 سەعدی هانە گەرمڵەیی

66 مراد کەیمنەیی

67 کەریمە سیاو

68 رۆستەم کەریمی

69 فەرەج میرزایی

70 ئەحمەدی عەزیزی (سەحەر)

71 حەمەساڵح فەتاحی زادە

72 ئەمین دەمەیەوی

73 ڕەشە غولام ئەحمەدئاوایی کە مامۆستای هەموومانە

74 فاتمەخان بڵبەری

75 سیروان عارف

80 جەهان بەخش شۆشمەیی

81 عومەر شۆشمەیی

82 سابر شیانی

83 سەباح خەرپانەیی

84 مەولوود شۆشمەیی و... هتد. (9)

= کاکە ئوسمان وەك مامۆستایەکی گۆرانی، دوابەدوای ئەم دیدارە حەز ئەکەم ئەگەر قسەیەکی تایبەتیت لەگەڵ گۆرانیبێژەکاندا هەیە بیڵێیت؟

+ زۆر دەمێکە داخێکی گرانم لەدڵایە. ئەبینم زۆربەی گۆرانیبێژەکان دوور کەوتونەتەوە لەمیراتی هونەری ڕەسەنی خۆیان. سیاچەمانە زۆر کەمتر ئەگوترێتەوە، ئەمەش بەڕاستی جێی داخە. تاقمێك گۆرانیبێژی لاو کەوتوونەتە لاسایی کردنەوە ئەویش نەك لاسایی هەوا ڕەسەنەکان! شتی وا ئەبیسی وەختە شەق بەری! ئەمەوێ بەو گۆرانیبێژە لاوانە بڵێم ئەگەر لە بیری پێشکەگوتندان باوەك کابرا گوتی، سەری کەو نەنێن بەزڕکەوەوە! ئەبێ ڕێگە و شێوەی پێشکەوتن بزانن. ئەگەر لەبیری داهێنانی تازەن، باهەر لەگۆرانیە کۆنەکان بکۆڵنەوە و بزانن کەسیاچەمانە وەك دارێکی سەرسەوزی پڕ بەرگە، دەی با لەو دارە لقێکیتر بکەننەوە و پێوەنی بکەن، تێفکرن کەئەگەر لەسەر سەلسەلەی ئێمە بۆ وێنە کار بکرێت ئەو هەوا دوئاهەنگییە ئەکرێتە چوار پێنج ئاواز. هەورامان هەژار نیە!

فەرهەنگ و هونەری هەورامان گەلێك قووڵ و ڕەسەن و ورد و دەوڵەمەندە، کەوابوو بۆچی ئێمە سواڵ بکەین؟ ئەگەر ڕاست ئەکەین با هونەرەکەی خۆمان ببوژێنینەوە و

گەشەونەشەی پێ بدەین نەك بەلاسایی کردنەوەی بێ جێ هەم خۆمان سووك بکەین و هەم هونەرە مەزن و پڕ لە شانازییەکەمان. گۆرانی ئەرکێکی زۆر گرانە و پێویستە گۆرانیبێژ لەو ئەرکە بەجوانی تێبگات. جەماوەریش نابێ دەستەوەستان بوەستێ بەڵکوو پێویستە بەر بەوانە بگرێ کەئەیانەوێ هونەرەکەی لەکەدار بکەن. نابێ مەودا بدا بەهەر کەسێك بیەوێت رەسەنایەتیی فەرهەنگ بەرێتە ژێر پرسیار و تانە و توانج. بەکورتی هەم لەگۆرانیبێژەکان و هەم لەجەماوەر دەپاڕێمەوە هۆشیان بەخۆیان و فەرهەنگ و هونەرەکەیانەوە بێت و نەهێڵن لەنێو بچێ و سووکایەتیی پێ بکرێ. گۆرانی ئەمانەتێك بوو کەئێمە تا ئێستا هەڵمان گرت و پاراستمان و ئێستاش کەئەخرێتە دەستی جیلی نوێ، بانەفەوتێ. پاراستنی هەتاهەتایی ئەو ئامانەتە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە و من هەر ئەوە ئەڵێم و ئیتر ئەیخەمە ئەستۆی شعور و بیر و هۆشی جیلی داهاتوو.

*

*شێوەنێك بۆ کپبوونی گەرووی داودیی هونەرمەندی گەورەی کورد ئوسمان هەورامی:*

*" ئەو بولبولەی تا دوێنێ*

*لەناوجەگەی گوڵە زەرد و سوورەکاندا،*

*پڕ بەناخی ئەی جریواند.*

*ئێستا لاڵە.*

*ئێستا دڕکی یاساوڵی باخچەی گوڵانی لێ زاڵە.*

*ئەو بولبولەی تادوێنێ بەجریوەی،*

*باخچەی هێنابووە لەرزە،*

*ئێستا ماتە.*

*ئێستا کۆتری ئاوارەی رێی نەهاتە.*

*ئەو بولبولە*

*ئێستا... لاڵە.*

*ئێستا ماتە.*

*ئەو بولبولە*

*ئێستا زەدەی تیری ژەنگاوی و ژاراویی کارەساتە ".*

زۆر بەداخەوە کاك ئوسمان هەورامی، ئەو بولبولە تاقانەیەی باخچەی هونەری هەورامان، لەبەهاری ساڵی 1371ی هەتاوی (1992 ز) تووشی نەخۆشیی گەروو هات و ئیتر نەیتوانی پڕ بەناخی سیاچەمانە بچریکێنێت و ئێستاش سیاچەمانە بێ ئوسمان ماوەتەوە و باخی چڕی هونەریش بێ بولبول!.

هاوینی 1988 قەڵاچۆ

* * *

پەراوێزەکانی دیداری یەکەم:...

*1 _ هەیات و نوەیجەڕ دوو هاوینەهەواری خۆش و دڵکەشی گوندی کەیمنەن کە هاوینان دانیشتوانی ئەو گوندە بە ئاسوودەیی تیایاندا دەژین.*

*2 _ تەخت و تەتە دوو لووتکە کێوی هەرە بەرزوبڵندن کە دەکەونە لای سەرووی گوندی کەیمنەوە، هەردووکیشیان بوونەتە سنووری سرووشتیی نێوان هەورامانی تەخت و لهۆن.*

*3 _ ئەنوەر بەگ کوڕی ئەفراسیاو بەگ (سالار) کاتی خۆی (خان)ی گوندی کەیمنە بووە، بەداخەوە ئەم کابرایە بە پێچەوانەی باوکی کە پیاوێکی چاك و شەریف و شۆڕشگێڕبوو، کابرایەکی خراپ و چەوت و لاسار بووە و ئەزیەت و ئازاری خەڵکی گوندەکەی زۆر داوەو ناوێکی چاکی لەپاش خۆی بەجێنەهێشتووە، لەم ساڵانەی دواییدا بە کلۆڵی و چارەڕەشی ژیا و هەر بە و چارەڕەشیش مرد!.*

*4 _ حەوزەلارە حەوزو ئاوێکی سازگار و خۆش و دڵگیری گوندی کەیمنەیە.*

*5 _ کاك ئوسمان نەیدەویست و نەیدەتوانی بە ڕاشکاوی باسی ئەو چینە بکات دەنا زۆر لەوە زۆرتر خراپ و ستەمکار بوون کە ئەو باسیان دەکات.. بەگ و مەلا لە کەیمنەدا بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دوورودرێژ ببوونە پەتایەکی کوشەندە و کەوتبوونە گیانی خەڵکی فەقیروهەژارو بە هەزاران فرتوفێڵ دەیانچەوساندەوە.*

*6 _ گەچینە گوندێکە نەشمیلانەی هەورامانی لهۆنە بەشی ئەمدیو واتە باشووری کوردستان و دەکەوێتە باکووری باخەکۆن و هاوسێی کەیمنە و دوایین و سنووریترین گوندی هەورامانە لەو شوێنە جوگرافییەوە.. بۆتە زێدی هونەرمەندانێکی وەکوو ئوسمان*

و حاجی یاقۆی مامی، گەرچی هەردووکیان دەگەڕێنەوە بۆ گوندە هونەر پەروەرەکەی کەیمنە.

7 _ سیاچەمانە دەزگایەکی جیاوازە و تێکەڵی گۆرانی ناکرێت، واتە دەبێ بە جیا باس لە سیاچەمانە و بەجیاش باسی گۆرانی بکەین.

8 _ گوڵپ و باخەکۆن دوو گوندی هەورامانی لهۆن بەشی ئەمدیو، دەکەونە نێوان گوندی گەچینە و شارۆچکەی خورماڵ، باخەکۆن زێد و نشینگەی شیخ عەلی حیسامەدین بووە و بە گوندێکی پیرۆز دادەنرێت.

9 _ یەکەم، ناوی هونەرمەندەکان بە ڕێکوپێکی و بەدوای یەکدا و بەپێی ناوبانگ و پلەوپایە و تەمەن و... نەهاتووە بەڵکوو تێکەڵییەك لە ئارادایە کە دەبێ بڵێم هیچ مەبەستێکی لە پشتەوە نییە و تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەرفەتێکی زۆرتر و وردبینانە لەکاتی نووسینەوەی ناوەکاندا..

دووەم، دیارە هونەرمەندی دیکەی دەنگخۆش لە هەوراماندا زۆرن بەڵام کاك ئوسمان هەندێکیانی نەبینیوەو هەندێکیشیان ناناسێت (چوونکە تازە کارن) و هەرواش بیری بەرایی ئەوەی نەداوە سەرجەم ناوەکانی لەبەر بێت و ... ئەمەش ناوی چەند کەسێکیدیکە و دیارە منیش هەر دەبێ هەندێ ناوم لەبیر کردبن کە لێرەوە داوای لێبووردنیان لێدەکەم:..

کەیخودا حمەحسێن وڕایی، ڕەحیم هەجیجی، دارا محەمەد هەورامی، ڕەمزی لهونی، حەسەن حسێن، وەهبی ڕەشید، لایق ئیبراهیمی، نەجیم حەسەنی ( شمشاڵ ژەنیشە)، صدیق کەمانگەر، ڕەحمە دەڵەمەرزی، عەینەدین، حەسەن خاوەر، سەعدی جەمیل ئەحمەدی، سەمین نگڵی، ڕزگار فەتاحی، نامیدە فەتاحی، تارا جاف، دڵسۆز عوسمان خالیدی، دڵسۆز حمەحسێن خالیدی، خالد خالیدی (باوان)، حسین ئەحمەدی زادە، ئیسماعیل عەبدوڵلایی، فەرزاد ئەمینی، سیروان خالیدی، عەبدوڵڵا نیکرەفتار، ئەمین بەگ ئەمینی، تەها خوسرەوی، عومەر خوسرەوی، ئیسماعیل خوسرەوی، عومەر سەلیمی، ئەمین عەباسی، بەهمەن لایی، حمەکەریم نۆدشی، نەسرەدین خالیدی، ڕەسوڵ خالدی، حمەعەلی کەریمی (کاکل)، شیرین خالدی، نەسرین خالدی، ئەختەر خالدی، فەرخی

*ڕەسووڵی، بەیزا...، زاهد خالدی، عزەت بێرواسی، محەمەد ڕەسووڵی، مەحمود خالدی، سبحان خالدی، سدیق خالدی، ئەمین ئیمانی، سابیر نووری و...*

*   *   *

**دیداری دووەم:**

**حمەحسێن کەیمنەیی**



" *ئەوی ئاشنای گۆرانی بێت بەتایبەت لە هەوراماندا، کاتێ گوێی لە گۆرانیی (کەلار) یا (سەلەسەلە) دەبێت دەکەوێتەوە بیری ژیانی ئاڵۆز و قۆناغی دوورخراوەیی و دوورەوەتەنیی گۆرانیبێژی بەهرەمەندی هەورامان ( حمەحسێن کەیمنەیی)، یا کاتێ گوێ لە (کەڵە پەی کەڵا) دەگرێ ئاستی بەرزی بڕست و توانای داهێنان و تازەگەریی ئەم هونەرمەندەی بۆ دەردەکەوێت و دان بەوەدا دەنێ کە تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە وەك ئەو (کەڵە پەی کەڵا) بڵێتەوە. هونەرمەند حمەحسێن کەیمنەیی بەشێکە لە سێکوچکەی مامۆستایانی (سیاچەمانە) و بەتایبەتیش (گۆرانی) لە دەڤەری هەورامانی پیرۆزدا، کە ژیانێکی پڕ چەرمەسەریی هەبووە بە چەندین ئاڵوگۆڕو قۆناغی جیاواز و جۆربەجۆرەوە کە کاتێ لەوبارەیەوە لێی دەپرسیت بەزمانێکی تەڕو شیرین و هەناسەیەکی قووڵ و گەرم باست بۆ دەکات و تۆش دەباتەوە بەرەو ئەو کات و ساتە تێپەڕیوەی جاران و پاشان بە بەزمێکی (مێوە دەیمەکا)یش ئەوپەڕی خەم و پەژارەو داخ و حەسرەتی خۆی بۆ دووری لە هەورامان و هەوارگە و باخە دڵ نشینەکانی هەڵدەڕێژێت:...*

*

= کاك حەمە حسەین حەز ئەکەم لە پێناسەیەکی خۆتانەوە دەستی پێبکەن؟

+ ناوم حەمەحسەین کوڕی یۆسف و شۆرەتم خالیدی و بەحەمەحسەین کەیمنەیی ئەناسرێم. ساڵی 1307ی هەتاوی (1928) لەگوندی هونەرپەروەری کەیمنە سەر بەهەورامانی لهۆن لەدایك بووم و لەبنەماڵەیەکی خاوەن بەهرەی هونەری و دەنگخۆشا پەروەردە کراوم. ساڵی 1335 (1956) ژنم هێناوە و 9 منالم هەن و ئێستا ئاوارەم و نیشتەجێی سەولاوا سەر بەشاری مەریوانم. تەمەنم چۆتەسەر سنووری شەست و تەنیا جاروبار بۆخۆم و بەیادی رابردوو زەمزەمەیەك ئەکەم.

= کاك حەمەحسەین ڕادەی خوێندەواریت چەندە؟

+ بەداخەوە نەخوێندەوارم. کەمناڵ بووین مامۆستایەکیان نارد بۆ ئاوایی، ناوی ((فەقیهی)) بوو، لەگەڵ میرزا عەبدولا ناوێکا بۆفەڕاشی قوتابخانە، قوتابخانەش لەماڵێکی کۆندا بوو لەگەڕەکی سەرهانە (1). ئێمەش خراینە بەر خوێندن و تا (ئەلف و

بیٚ)شمان خوێند، هێندەی پێنەچوو ئەنوەربەگ کەئەو کاتە خان و حاکمی ئاوایی بوو تەنگی پیٚ هەڵچنین و دواتریش هەر خۆی مامۆستای دایە بەرشەق و هەردووکیانی دەرکردن و دەرکی قوتابخانەی داخست!

ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی کە ئێمەی رەعیەت نەخوێنین و دەم و دڵ و مێشك و چاومان نەکرێتەوە و چەپ و ڕاستی خۆمان نەناسین و تا مردن هەر ژێر چەپۆکی جەنابی خان بین و سەر هەڵ نەبڕین! ئیتر قوتابخانە هەر نەبوو تا ئێمە گەورە بووین و پێگەیشتین و ئەو کاتەش ئیتر بۆ خوێندن درەنگ ببو و ئێمە خەریکی کاروبار و نان دەرهێنان بووین، بەمچەشنە من و سەدان وەك من نەخوێندەوار ماینەوە و تائێستاش هەر قوڕی زۆر و ستەمی ئەنوەربەگ ئەشێلین و هەر ئەیشێلینەوە !

= ئەی چۆن بوو ڕووت لەگۆرانی کرد و لەکەیەوە دەستت پێکردووە؟

+ چل ساڵی رەبەقە گۆرانی ئەڵێم و لەخزمەتی سیاچەمانەدام. وەك پێشتر گوتم بنەماڵەی ئێمە گۆرانیبێژ بوون و بەواتایەکیش دەنگی خۆش بەمیرات بۆمان هاتووە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەر بەمێردمنداڵی گویٚ و مێشك و رۆح و هەستم ئاشنا و ئاوێتەی گۆرانی بوون. کە گەورەش بووم وەك تازە لاوێك و لەگەڵ هەڤاڵانم هەرگۆرانیم گوتووە و نەوەستاوم، بەڵام دەنگم نزیکەی 35 ساڵ بەرلەئێستا و لەئاوایی (کەلار)ی کوردستانی عیراقدا بڵاو بۆوە و ناوبانگم دەرکرد وەك گۆرانیبێژێك و هەرلەوێش چاوم بەئامێری تۆمار کردنی دەنگ کەوتووە.

= چۆن بوو چویتە کەلار و لەویٚ چەندە مایتەوە؟

+ لەکەیمنە دەرکرام و دوور خرامەوە بۆکەلار و ماوەی شەش ساڵی رەبەق لەویٚ مامەوە.

= ئەو دەرکردنەت، ئەوەندەی من ئاگاداربم چیرۆکێکی سەیری هەیە حەزدەکەم لەزاری خۆتەوە گویٚم لێبێت؟

+ ئەنوەربەگ (خانی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی کەیمنە) دەری کردم. من لەگەڵ ئەو و دارودەستەکەیدا ڕانەئەهاتم. ئەو ستەمەم قبووڵ نەئەکرد و سەرم بۆ ئەوان دانەدەنواند و هەمیشە بەرهەڵستم ئەکردن. هەمیشە دەنگی نارەزامەندیم لەو زۆر و ستەمکاریە بەرز بو،

نەمدەتوانی لەئاستی کردەوە نالەبار و ناحەزەکانیاندا بێدەنگ بم. ستەمی ئەوانیش بەڕادەیەك نەبوو تاملْ بکرێت و چاوپۆشی لیْ بکرێت. لەئاکامی ئەو بەرهەلْستکاری و تێهەلْچوونانەدا بوو کە ئەنوەربەگ چەندجار پیاوە تفەنگچیەکانی خۆی ناردە سەرم بۆ کوشتنم. هەلْبەت منیش وشیارانە بە پیلانەکانیم ئەزانی و خۆمم لێیان لائەدا. دواجار هەمو پیاوەکانی ناردە سەرم و گرتمیان و خستمیانە زیندان و زیندانەوانێکیان بۆ دیاری کردم کەگوایە لەهەموویان گورج و گۆلْ و لێهاتووتر بوو ناوی (دەروێش لەتیف) بوو. ئەنوەربەگ بەمکارەی، خۆی بەسەرکەوتوو ئەزانی. چونکە چەندینجار تەقەی لیْ کردبووم یان خستبومیە ناو ئاو یان...، کەچی من هەر کۆلْم نەدابوو. بەلاّم ئەمجارە ئیتر یەخسیر و دەستبەسەر بووم و ئەویش دلْنیا بوو کە ئەمکوژێت و لەدەستم رزگاری ئەبێت! بەلاّم چارەنووس پێچەوانەی ویستی ئەو گەڕا و من بەبیانووی دەست بەئاو لەزیندان هاتمە دەر و توانیم زیندانوانەکەم لەجێی خۆم زیندان بکەم و دەرکەی لیْ داخەم و خۆم هەلْێم. کە ڕایشم کرد پەنام بردە بەر عەودللاّخانی دزلْی بەلاّم وەری نەگرتم، لەوێوە بۆ لای سانی هەورامان لەوێشەوە بۆلای وەکێلْی جوانڕۆ و پاشان بۆ هەرچی ـ خان ـ ی دەسەلاّتدار بوو پەنام برد و هیچکام ڕووی خۆشیان پیْ نەدام و جێیان نەکردمەوە چونکە پشتی ئەنوەر بەگیان ئەگرت کەلە خۆیان بوو و لەلایەکیشەوە ئەیانویست من تەمیْ بکرێم و لەهیچ کویْ جێم نەبێتەوە، تا سەرەنجام خۆم بدەمە دەست ئەنوەربەگ و چۆکی بۆدابدەم. ئەوەبوو کەڕووم لەکوردستانی ئەودیو (عێراق) کرد و سوێندم خوارد تابەگی هەورامان حوکم بکەن و بمێنن، تەنانەت ئاوی هەورامانی لهۆنیش نەخۆمەوە! کەگەیشتمە سلێمانیش هەر تووشی گێرەوکێشە بووم. دەوری حکومەتی مەلیك (فەیسەلْ) بوو، لەبەر دەرکی سەرا لەگەلْ چەند دۆستێکا راوەستابووین و قسەمان ئەکرد، دیتمان چەند مەئموور هاتن و هەموویان پێچاینەوە و بردینیان بۆ زیندان و بەتاوانی ئەندامێتی حزبی شیوعی 11 سالْ زیندان و شەش دینار جەریمەیان بۆ من نووسی. بەلاّم ئەوەندەی پیْ نەچوو (شێخ ئەمینی خورمالْ) پێی زانیم و بووە هۆی رزگاریم لەو بەندوداوە و من پاش رزگار بوون چوومە (ئەحمەدئاوا) و لەوێوە بۆ هەلەبجە و لەوێشەوە بۆ کەلار بۆ لای

(داوودبەگ) و ئەویش لەبەر خاتری شێخ محەمەد ئەمین پەنای دام و ئیتر لەوێ نزیکەی شەش ساڵ مامەوە و لەدەورەی (عەبدولکەریم قاسم)دا گەڕامەوە کەیمنە.

= رەنگە گۆرانی (کەلار)یش هەر هی ئەو کاتە بێت؟

+ بەڵێ وایە، ئەو نەزمەم هەرلەوێ داهێنا و هەرلەوێش بۆ یەکەمجار گوتم و پێشکەشم کرد بەشۆڕە ژنێکی کوردی کەلار، کەناوی ((فاتمە)) بوو.

= گۆرانیت زیاتر لەگەڵ کام دەنگخۆشدا گوتووە و یەکەم گۆرانیشت کامە بووە و هەروەها بۆخۆت چ داهێنانێکت هەبووە؟

+ لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەکانا گۆرانیم گوتوە و بەتایبەت لەگەڵ هونەرمەندانی هێژا، عوسمان هەورامی، جەمیل نەوسوودی، مەجنوون و شەفێع کەیمنەیی، حەیدەر، حەمەجافری حەمێ و چەند هونەرمەندی خەڵکی هاوار و لەهەموانیش زیاتر لەگەڵ مامۆستا ئوسمان وتوومە. یەکەم گۆرانیشم لەبیر نەماوە و ناشزانم کەی و لەکوێ و چۆنم وتووە. هەموو گۆرانیەکانم وتوونەتەوە و بۆخۆشم چەند گۆرانیم داهێناون وەك: کەڵەپەی کەلا _ کەلار _ دوونەزمی ئاخ سەلە و سەلەگیان و...، کورە بەداخەوە پیری زۆری بۆ هێناوم و بیری لێ سەندوومەتەوە و بەجوانی رابردووی هونەری خۆمم بیر نایێتەوە، تەنانەت ناوی گۆرانیەکانی خۆیشم.

= چۆن گۆرانی ئەڵێی؟ ئایا کات و ساتی تایبەتیت بۆهەیە یان نا؟

+ گۆرانی وتن وەك هۆنراوە هۆنینەوەیە، ئەبێ هەستی مرۆڤ بهەژێت تا بتوانێ گۆرانی بڵێت. ئەو هەژانی هەستەش کاتی وا هەیە لەوپەڕی خۆشیایە و جاری واش هەیە لەوپەڕی خەم و زویریدا. لەو کاتانەدا مرۆڤ خۆی پێ ناگیرێت و دەم ئەکاتەوە. من کاتی وا هەیە ئەگەر بەملیۆنیش پووڵم بدەنێ گۆرانیم بۆ نایەت و بەپێچەوانەوەش کاتی واهەیە ئەگەر مردوویشم مردبێت ئەو سۆزەم بۆ دێت و ئەگەر نەیڵێم لەوانەیە شەق بەرم. بەتایبەتی جاری واهەیە یادی رابردووی هەورامان لەناخمدا گینگڵ ئەدات و شێت و هارم ئەکات. ئیتر وەك وتم چ لەشیوەنا بم و چ لەشادی، ئەبێ دەنگ هەڵبڕم و کوڵی دڵم هەڵڕێژم. دێڕە شیعرێك هەیە لەم بابەتەوە کە مامۆ ئوسمان ئاماژەی پێکرد، منیش پێموابێ بەجوانی مەبەستەکە بداتە دەستەوە، ئەویش ئەمەیە:

هەروەختە بەیۆم هازە گۆرانی                نەچۆلم پەی هەن نەئاوەدانی

= ناوی هەورامانت برد، ئێستا تا ڕادەیەك لێی براوی چۆن بیری لێدەكەیتەوە؟

+ من پەروەردەی هەورامانم. بەشاخ و داخ و كێو و هەرد و مێرگ و دۆڵ و باخ و هەوارگە خۆشەویستەكانی ڕاهاتووم و گیانم تێكەڵاوی شنەی شەماڵ و بۆنی گوڵ و گیاكانی بووە كە هەستی هەژاندووم و چریكەی پێ فێر كردووم. بەڵام ڕووی خاوەنی شەڕ و شەڕخواز ڕەش بێت كە بووە هۆی وێران بوونی هەورامان و ئێمەشی لێ بڕی و ئاوارەی كردین. ئێستاش كەلێی بڕاوم چاوم لێڵە و سۆمایان بڕاوە و هەمیشە حەسرەت ئەخۆم بۆ ئەو ژیانە پڕ لەشانازییەی پێشوو. جاروبار بۆخۆم دائەنیشم و كوڵی دڵم بە سەحەرییەك دائەمركێنم و یادی ئەو ڕۆژانە ئەكەمەوە كەلەسەر بەزاییەكانی ((تەتە)) و ((نوێجەڕ)) و ((تەخت)) و... چاوم ئەبڕییە دەرەی چەمی بیارە و دەشتی پانی شارەزوور و بەخۆشییەوە هەوایەكم ئەچریكاند. دووری لەهەورامان و بێبەشی لەو هەوا پاك و بێ گەردە و لەو بەهەشتە خەملێوە دووچەندان پیری كردووم و هەستی كوشتووم، مەگەر جاروبار هەناسە ساردەكەی مامۆستا سەیدی بێت بەهانامەوە و خەمی دەروونم بەهاوارێك بسڕمەوە:

"وەیادی ساڵان وەیادی ساڵان

دڵە تۆ وەیاد ویەردەی ساڵان

وەس نیشە خەمناك چەنی خەیاڵان

بابشمێ وەسەیر بارگەی ئەوداڵان

ئەرپەی وایەی دڵ وەرپەی سەوابەن

سەیری عەداڵان پەی ئێمە بابەن

سەیری سەربەرزان گەشتی سەر كاروان

شادی خەمانەن رۆشنی چاوان

سا با ڕاگەی چۆڵ بگێرمێ نەوەر

تەی كەرمێ هەردان كەش و كۆ و كەمەر

جەهیچ مەنزڵێ نەگێرمێ قەرار

تابشمێ نەسەر پای دامانی غار

وەبانی ئەو تەخت حاجەت نما کەین

پەی یاوای مراد دەس بەدوعا کەین"

= با بگەڕێینەوە دواتر، ئاماژەت بەوە کرد کە بەتاوانی حزبی شیوعی گیراوی، ئایا هەر بەڕاستی ئەندامی ئەو حزبە بویت؟

+ نا... ئەندامی شیوعی یان هیچ حزبێکیتر نەبووم، بەڵام دۆست و هاوڕێی زۆرم هەبوون کە ئەندامی ئەو حیزبە بوون و ئەو ڕۆژەش کە گیراین پێکەوە بووین و لەسەرچنار گەڕابوینەوەو خەریکی قسە و باس بووین. پۆلیس منیشی بەئەندامی ئەوان زانیبوو، ئەوەبوو لەگەڵ ئەواندا گیرام و مەحکەمەیان کردم.

= ئەم گۆرانیانە چۆن دەبینی؟ کێ دایهێناون و چۆن داهێنراون؟

+ زۆربەی زۆری هەواکان کۆن و لەمێژینەن و بنەڕەتی داهێنانیان نازانرێت. دواتر هونەرمەندی لێزان هەبوون و هەرلەو مایەیەدا هەوا و بەزمیان داهێناون. وەك ((ئەحمەدی نازاری))، ((حەیدەر))، ((ڕەشە غوڵام)) و... بەڵام هەموو ئەم داهێنانەش هەر ئەگەڕێنەوە سەر بنەمای رەسەنی پێشوو.

= ئەی هونەرمەندە گۆرانیبێژەکان لە چ پلەو پایەیەکدا دەبینی؟

+ پێشتر هونەرمەندی بەبەهرەمان زۆر هەبوون وەك ئەوانەی ناوم بردن یان وەك ((تەوفێقی حەمە و زۆراب و مەجنوون و...)) کەیەك لەدوای یەك هاتوون و چوون و ناو و یادیان بۆ ئێمە ماوەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ مام ئوسمان هەورامی لەسەرووی هەموویانەوەیە لەچریکە. گەروویەکی ڕەسەن و هەناسەیەکی دوورودرێژ و بەتوانا، ئەتوانم بڵێم پێشتر وەك ئەو لەدایك نەبووە و دواتریش هەر نابێت و کەس جێی ناگرێتەوە. ئەتوانین بڵێین ئوسمان بەڕاستی هەڵکەوتە و تاقانەیە و ئەبێ وەك باوکی سیاچەمانە ناوی بەرین و یادی بکەین.

= ئەی خۆت؟:

+ ... ... خۆم لەمەڕ خۆم چی بڵێم؟.. ئەوەیان لە ئەستۆی ئێوە و جەماوەردایە.. ئەوەندە بڵێم: زۆر خۆم بە بەختەوەر و بەختیار دەزانم کە تا ئێستا بە سەربەرزی و رووسووری هاتووم و توانیومە خزمەتی بەشێك لە هونەری گەلەکەم بکەم.

= کام گۆرانیت پێ خۆشترە لەهەموویان و پێچەوانەش؟

+ گۆرانی شك نابەم خۆشم نەوێت و نەیڵێمەوە، بەڵام بەزمی ((مێوە دەیمەکا))م لەناو هەموو گۆرانیەکانا پێ خۆشترە و هەمیشەش بۆخۆم هەر ئەو گۆرانیە ئەڵێم و سوکناییم پێدێت:

( توخوا) مێوە دەیمەکا... (ئازیز)... (دەی)... سوەیلی رەشتێنێ

(ئاخ) دوور وەتەنیەکەی... (ئازیز)... (دەی)... ئێمەش کوشتێنمێ

ئەم گۆرانیەش کەبەو دێڕە شێعرەی خۆمەوە دەست پێدەکات هەر ئەگەڕێتەوە بۆ یادی هەورامان و بیر لەوەرزی گەلاڕێزان ئەکاتەوە و هەواکەشی زۆر ئارام و هێمن و دڵ هەژێنە و خەیاڵی ئاڵۆزم هێور ئەکاتەوە.

= لەبنەماڵەی خۆتان هیوات بەکێیە بۆ پاراستنی گۆرانی.. ئایا منداڵەکانی خۆت گۆرانی ئەڵێن یان نا؟

+ وەك ئەزانن دەنگی خۆش لەبنەماڵەی ئێمەدا وەك میرات وایە، ئێستا تەنیا یەکێك لەکوڕەکانم (سیروان) گۆرانی ئەڵێت و لامواپە لەداهاتوودا سەرکەوێت، هەڵبەت ئەگەر بەوردی و ژیرانە درێژەی پێبدات و لەسەری بڕوات، کە هیوادارم و داواشی لێدەکەم ئەو کارە بکات و لەو ڕێبازەدا هەنگاوی چالاکانەدا هەڵگرێت.(2)

= دوایین قسەت؟

+ ئاواتی سەرکەوتن و بەختەوەری بۆهەموو ئەوانەی دڵیان بۆ فەرهەنگی گەلی کورد لێدەدات و دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستیم لەبەرانبەری هەموو هونەرمەند و دەنگخۆش و گۆرانیبێژێکی بەئەمەك و داوای برایانەشم لەوان بۆ پاراستنی باشتر و گەشە و نەشەی گۆرانی و سیاچەمانەی هەورامان.

پەراوێزەکانی دیداری دووەم:

1_ سەرهانە، گەڕەکێکی رازاوەو خنجیلەی گوندی کەیمنەیە.

2_ کوڕێکی دیکەی حمەحسێن بەناوی (دڵسۆز) ماوەیەکە خەریکی دنیای گۆرانییە بەڵام بەداخەوە هێشتا ئەو تواناو جورئەتەی نەداوەتە بەرخۆی کە لە بوارە رەسەنەکەی هەوراماندا ئیش بکات...!، دوو کچی کاک حمەحسێن (شیرین و پرشنگ)یش دەنگێکی زۆر خۆشیان هەبوو و بە منداڵی گۆرانیی چاکیان دەچڕی بەڵام بەداخەوە دواتر کپ کرانەوە..!

* * *

دیداری سێیەم

جەمیل نەوسوودی



"

*سێکوچکەی سیاچەمانە (ئوسمان و حمەحسێن و جەمیل) لە مێژووی هونەریی هەوراماندا هەرگیز لەیاد ناچێت و هەمیشە زیندوو و پیرۆز دەمێنێتەوە، سێکوچکەیەک*

*كه خۆیان بۆ پاراستن و پەرەپێدان و بووژاندنەوەی ڕەسەنترین بەشی مۆسیقای كوردی واتە سیاچەمانە تەرخان كردووەو جێی خۆیان لە ناخی دڵی هەموو دڵسۆزێكی هونەری كوردیدا كردۆتەوە. یەك لەو هونەرمەندانەی كە دڵی بۆ پاراستنی ئەم هونەرە ڕەسەنە لێیداوە و ژیانی خۆی لە پێناویدا بردۆتە سەر هونەرمەندی بەهرەداری گەروو زێڕین (جەمیل نەوسوودی)یە كە وەكوو گۆرانیبێژێكی ڕەسەن و لێهاتوو ناسراوەو بە (مامۆستای گۆرانی) ناوبانگی دەر كردووەو جێپەنجەی لە بواری گۆرانی و سیاچەمانەدا دیارو بەرچاوە:...*

*

= كاك جەمیل تكایە، خۆت و ناونیشانت؟

+ جەمیل ئەحمەدیم كوڕی عەبدوڵڵا، بەهاری ساڵی 1325ی هەتاوی (1946) لەدێی ((قەڵاگا))ی سەر بە نەوسوود لەدایك بووم. پاش ماوەیەك باوكم كۆچی دوایی ئەكات و دایكیشم من ئەگوێزێتەوە بۆ نەوسوود و ئیتر هەرلەوێ ئەژیم و گەورە ئەبم، هەر ئەوەشە كە بە جەمیل نەسوودی ناوم دەركردووە.

= كاك جەمیل هیچت خوێندووە؟

+ نا. نەمخوێندووە... نەخوێندەوارم.

= بۆچی؟... خۆ نەوسوود وەك كوێرەدێیەك نەبووە كە قوتابخانە و مامۆستای تێدا نەبێت؟

+ بەڵێ وایە... بەڵام وەك مامۆستا ئوسمان وتی، كاتی منداڵیی ئێمە باری ئابووریی بنەماڵە باش نەبووە و باوك و دایكەكان بەهەزار ڕەنج و مەینەت و چەرمەسەری بژێوی خێزانیان دابین كردووە و ئاشكرایە كە ویستوویانە منداڵەكانیشیان سەرەگوریسێكیان بۆ بگرن و یاریدەدەریان بن. هەروەها نرخی خوێندنیش وەك ئەمڕۆ نەناسراوە و باوك و دایكەكان كەوتوونەتە شوێن قسەی مەلا و شێخ و بەگ و... و فریویان خواردووە و خوێندنیان بەشتێكی غەیرە دینی زانیوە و لێی سڵەمیونەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش من كە هەر بە منداڵی باوكم مردووە و دایكم شوویەكیتری كردووە، ئیتر

بابەپیارەکەم ناسنامەی بۆ نەگرتووم و بەو بۆنەیەوە نەمتوانیوە بچمە قوتابخانە و نەخراومەتە بەر خوێندن.

= لەکەیەوە گۆرانی ئەڵێیت و چۆن بوو هاتیتە ناو ئەم ڕێبازە هونەرییەوە؟

+ ساڵی 1347ی هەتاوی (1968) بەئاشکرا و لەناو خەڵك دەستم کردە گۆرانی وتن و لەماوەیەکی کورتدا وەك گۆرانیبێژێك ناسرام. پێش ئەوەش بۆخۆم و لەناو دۆستانی هاوتەمەنمدا هەر گۆرانیم ئەوت و هۆگری ئەم هونەرە بووم، ئەوەش بڵێم کەدەنگی ڕەسەنی ئوسمان هەورامی زۆر کاری لەسەر کردووم و گۆرانیی پێ ناساندووم و هانیداوم لەسەر ئەم کارە.

= زۆرتر لەگەڵ کام هونەرمەنددا گۆرانیت گوتووە؟

+ لەگەڵ عوسمان و حەمەحسەین و فەتحوڵڵا و بەخشە و عەلی گوڵپی و نەوزاد و هەموو ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشانەی ئەمڕۆی هەورامان وتوومە بەڵام زۆرتر لەگەڵ کاك ئوسمان بووم، بە ڕادەیەك کەناومان تێکەڵ بووە و هەرکە ناوی یەکێکمان برابێ هی ئەویش لەپاڵیا هاتووە و ئوسمان و جەمیل لەڕاستیدا بووەتە یەك ناوی هاوبەشی هونەری هەروەك ئوسمان و

حەمەحسەین تەنانەت ئوسمان و جەمیل زۆرتر جێی خۆی لەناو جەماوەردا کردۆتەوە.

= لەبەرچی؟

+ یەکەم لەبەر ئەوەی دەمێکە پێکەوەین و هاوبەشی گۆرانیمان وتووە... دووهەم لەبەر ئەوەی کەس نەیتوانیوە تا دواهەناسە لەگەڵ ئوسماندا ڕابێت و درێژەی پێبدا بەتایبەت لەسیاچەمانەدا هەربۆیە ناوی ئوسمان و جەمیل زۆرتر لەبەشی سیاچەمانەدا دێت و لێك جیا ناکرێتەوە. سیاچەمانە هەوایەکی سەخت و سەرکەش و چریکەیەکی تایبەتە و هەموو کەس نەیتوانیوە و ناتوانێ بیڵێ و شوکر من توانیومە زاڵ بم بەسەریدا و لەگەڵ کاك ئوسمانیش تاسەربڕۆم و نەخنکێم. با ئەوەش بڵێم زۆر کەس لەگەڵ ئەو بلیمەتەدا وتوویانە بەڵام دوای دوو سێ بەزم خنکاون و بەجێ ماون.

= بۆیە کاك ئوسمان پێتدەڵێت : (مامۆستای گۆرانی)؟

+ لەبەر ئەوە و هەروەها بەهۆی ڕادەی توانایشم لەداهێناندا. من لەڕابردوودا لەداهێنان و تازەگەری لەناو گۆرانیدا دەسەڵاتی بەرچاوم هەبووە و گۆرانیشم بەهەموو تایبەتمەندییەکانیەوە ئەناسی و هەر ئەوەشەکە مامۆستای گەورە و بلیمەتی سیاچەمانە (کاک ئوسمان) گەورەیی کردووە و بە مامۆستای گۆرانی ناوی بردووم.

= من بۆخۆم ئوسمان و جەمیل و حەمەحسەین بە سێ کوچکەی پتەو و ڕەسەنی گۆرانی ئەزانم. ئێوەش ناوی خۆتان بەجیا و ناوی ئوسمان و حەمەحسەینتان بەجیا هێنا. حەز ئەکەم ڕوون کردنەوەیەکتان لەو بارەیەوە هەبێت؟

+ وەك ئەزانن گۆرانی دابەش ئەکرێن بە ((سیاچەمانە)) و ((وردەبەزم)) و ((چەپڵە)) و... هەربەو پێیەش گەروو و چریکەکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە وەك من لەگەڵ ئوسماندا بۆ سیاچەمانە ـ حەمە حسەین لەگەڵ ئەودا بۆ خاو و شەفێعیش لەگەڵیا بۆ چەپڵە، ئەبێ بڵێم کاك ئوسمان بەسەر هەموو بەشەکانی گۆرانیدا زاڵ بووە بەڵام ئێمە هەرکام لەبەشێکدا دەسەڵاتی باشمان هەبووە هەربۆیەش ئاوا جیا ئەبینەوە. بیروڕاکەی ئێوەش جێگای تایبەتی خۆی هەیە و ڕاستە بۆسەرجەمی گۆرانی وەکوو سێکوچکە ئەتوانین ناوی ئەو سێ کەسە بەرین.

= کاتی گۆرانی وتن لەشیعری کامە شاعیر کەڵك وەردەگری؟

+ تا ئەو شوێنەی زەینم بەرایی بدا لەمەولەوی و سەیدی و بێسارانی و وەلی دێوانە و هەندێ شاعیری دیکە، زۆرتریش لەفۆلکلۆر ئەڵێمەوە و جاروباریش هی خۆم ئەڵێمەوە.
بۆ وێنە ئەو تاکە بەیتە کە کاك ئوسمان بەگۆرانی گوتی، هی منە:

(ئارۆ ڕامکەوتە کەلی ئەشکەوڵ

من چاگەم زانا هەڵەبجە بیەن چۆڵ)

= ئەی چۆن کاك ئوسمان ئەڵێ هی ئەوە؟

+ پێموایە کاك ئوسمان لەیادی نەمابێت یان لە گۆرانیەکەدا بەهەڵەدا چووبێت چونکە ئەو شیعرە هی منە و باس لە وێران کردن و چۆڵ بونی هەڵەبجەی شەهید ئەکات... ئەوەتە کاك ئوسمانیش ئاماژە ئەکات کە من ڕاست ئەڵێم و ئەو لەکاتی گۆرانیەکەدا لێی شێواوە. (1)

= بەڵێ وایە. ئەی خۆت چەند بەزم و گۆرانیت داهێناون؟

+ بۆخۆم چەند گۆرانیم داهێناون. هەڵبەت هەر لەسەر بنەڕەتی گۆرانیە پێشووەکان واتە گۆڕانکاریم تێدا کردوون و وەك چۆن پەیوەنی درەخت ئەکەن منیش ئەو کارەم کردووە و لەبەزمێك، بەزمێکیترم داهێناوە بەڵام بەداخەوە کە ئێستا هیچیانم لەبیر نین و ناوونیشانیان نازانم چونکە کاتی خۆی تۆمار نەکراون، ئەوەیە کە لەبیر ئەچنەوە، ئەوەش بڵێم ئەم تۆمار نەکردن و نەنووسینەوەیە کە هەر ئەگەڕێتەوە بۆ نەخوێندەواریی ئێمە، دەردێکی گران و کوشندەیە و زۆرجار ئەبێتە هۆی لەنێو چوون و فەرامۆشبوونی ئاسەوارو شوێنەوارەکانمان.

= ئایا کات و سات و زرووفی تایبەتی هەیە بۆگۆرانی وتن یان نا؟

+ بەڵێ هەیە، من بۆخۆم جاری واهەیە هیچ شەوق و زەوقم نیە و ئەگەر گۆرانیش بڵێم ئەوە هیچ سۆز و کاریگەرییەکی نابێت، بەڵام جاری واش هەیە لەسەر زەوقم و حەز بەگۆرانی ئەکەم و کە گوتیشم، ئەوە لەناخی هەستمەوە هەڵ ئەقوڵێت و خۆم چێژی لێدەبەم. زۆرتریش دوو شت لەسەر گۆرانیبێژ کار ئەکەن: یەکەم شادی و دووهەم خەم. هەردووکیش ئەبێ بگەنە ئەوپەڕی ڕادەی خۆیان. لەو دوو حاڵەدا هونەرمەند بەدەستی خۆی نیە و ئیلهامێکی دەروونی ناچاری ئەکات کەگۆرانی بڵێت و دەنگیشی هەڵبڕێت.

= یەکەم گۆرانیت کەتۆمارت کرد چی بوو؟

+ لەبیرم نەماوە بەڵام یەکەم کاسێتم لەگەڵ کاك ئوسمان ساڵی 1350 (1971) تۆمار کرد لەدێی گەچینە. شەو لەهانەگەرمڵەوە کەوتینەڕێ و هەر ئەو شەوەش گەڕاینەوە بێ ئەوەی کەس پێمان بزانێ و(2)، یەکەم کاسێتمان پێکەوە تۆمار کرد و بەداخەوە بیرم نیە کە گۆرانیەکان چی بوون بەڵام دڵنیام کەهەر دوودیوی کاسێتەکە سیاچەمانەی ڕەسەن بوو.

= زۆرتری نەزمەکان بەڕای ئێوە هی کێن؟

+ زۆربەیان کۆن و لەمێژینەن و بەشێکن لەکەلەپووری کورد، دواتر هونەرمەندان هاتون و سەرقەل و پەیوەنیان کردوون و نەزمی دیکەیان پێ زیاد کردوون بۆ وێنە نەزمی ((سەوزێ مەزەدار)) هی ئەحلەی حەمە داوودە، ((سوەیبە داد)) هی قالە شوانە و...

ئێمەش کەبە لاوێتی دەستمان کردۆتە وتنەوەی گۆرانیەکان لەبیروڕای پیرە بەئەزمونەکان کەڵکمان وەرگرتووە و ئاشنا بووین لەگەڵ نەزمەکان و هەرواش لەگەڵ خاوەن و داهێنەری هەندێکیان و پاشان هەوڵماندواە بۆپاراستنی هەردوولا واتە هەم گۆرانیەکە و هەم داهێنەرەکەشی.

= ئەی چۆن بە ((سوییبەداد)) دەڵێن بەزمی ((جافرە شێت))؟

+ چوونکە ئەویش دەنگێکی خۆشی هەبووە و بەتایبەت ئەو بەزمەی زۆر بەجوانی وتووەتەوە و دەکرێ بڵێین لەخودی قالەشوان و لەهەر کەسێکی دیکەش باشتر و خۆشتری وتووە، من خۆم لەبیرم دێ هێشتا گەنج بووم و تازە دەستم کردبۆوە دارەدارە لەژیانی هونەریدا، لەسێبەری پیرە پەلگەکەی حەوزەلارەدا (3) خەوتبووم، بەدەنگێکی خۆش و گیان هەژێن ڕاچڵەکیم... دەنگەکە سەرسامی کردبووم، پرسیم ئەوە کێیە گۆرانی ئەڵێ؟ گوتیان ئەوە جافرە شێتە و سوەیبەداد دەچریکێنێ من لەو ڕۆژەوە ئەو دەنگخۆشەم ناسی.

= باشە چۆن بەزمی ((خواڵەداد)) و ((پەروین داد))ت فەرامۆش کرد، ئەڵێن هی خۆتن؟

+ ........... ڕاستە هەردووکیان هەر خۆم دامهێناون، لەگەرمەی هەڕەتی هەرزەکاریما سەودای ئەوینی کچێکی نەشمیل لەگوندی ((تولۆوك))دا کەوتەسەرم و بەرهەمەکەی ئەو دوو گۆرانیە بوون، خواڵەداد بەتەواوەتی چەمەری و شیوەنێکە لەتاو ئازاری ئەشق و خۆشەویستیمدا بۆ ئەو دڵبەرە نەشمیلەیە.

= کام نەزمت لەهەموویان پێ خۆشترە؟

+ زۆرتر شەیدای سیاچەمانەم و وەك پێشتر وتم زۆرتر لەبواری سیاچەمانەدا سەرکەوتووم. لەناو سیاچەمانەشا نەزمی ((ئاخ ئازیز))م لەهەموویان لا خۆشترە و هەمیشە بۆخۆم ئەیڵێمەوە بەتایبەتی کاتی تەنیاییم:

(( ..جا.. ژنەفتم دووربا (ئاخ... ئاخ ئازیز.. ئای) لەیل زوکامشەن (گیان ئاخ لەیل) (گیانەکەم) دشواری باڵای (ئایای... ئای ئازیز... دەی) نۆنەمامشەن (گیان ئاخ لەیل) ))

= ئەی چۆن دەڵێن ((ئەمنەی باڵابەرز))ت زۆرتر وتووەتەوە، ئەمە بەواتای خۆشویستنی ئەو گۆرانیە نییە؟

+ ئەمنەی باڵابەرز بەزمێکی خۆشە، من یەکەمجار لەنەوسوود و بەدەنگی ((بەخشە))گوێم لێ بوو، زۆرم خۆشویست و زۆریشم وتووەتەوە بەڵام دیارە چێژ و حەز و زەوقی مرۆڤ بەستراوە بەپلەی تەمەنەوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئەو پلەیە ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت، حەزی منیش دیارە وەکوو تەمەنم بەرەو مزری دەچێت.

= یەکەم گۆرانیبێژ بەڕای ئێوە کێ بوو؟

+ نازانم. ئەوەندە ئەزانم وەك مێژوو کۆنە. هەڵبەت چەند ڕاش هەیە و یەکێك ئەڵێت حەزرەتی داوود گۆرانیی وتووە یەکێ ئەڵێ حەزرەتی زەردەشت و هەندێکیش ئەڵێن یۆسۆ ئاسکەی گۆرانیبێژی دەرباری خان ئەحمەدخان. بەڵام من بەڕای خۆم ئەوەی حەزرەتی زەردەشت بەڕاست ئەزانم و هەروەاش سیاچەمانە کۆنتر ئەزانم لەحکوەمتی بابان و ئاردەڵان و... هەرچەند یۆسۆئاسکە بە مامۆستای سیاچەمانە ئەزانم بەڵام بەیەکەم سیاچەمانە بێژی نازانم و لەمەودواش ئێوە باشتری لێ ئەزانن تا من!

= چۆن سەیری پلەوپایەی گۆرانیبێژەکان ئەکەیت؟

+ ئەوەی ئاشکرایە ئەم هەڵسەنگاندنە دەبێ لە کاك ئوسمانەوە دەسپێبکات نەك بەر لەو. کاك ئوسمانیش لەپلەی یەکەمدایە و پاشان کاك حەمەحسەین ئەڵبەت لەکاتی خۆیدا. ئێستا، کە ئەو پیر بووە و خەریکە ماڵ ئاوایی لەگۆرانی ئەکات، من چوومەتە پلەی دووهەم چونکە کەسیتر نەیتوانیوە لەگەڵ کاك ئوسماندا تاسەر بچێت و هەروا زاڵیش بێت بەسەر کەش و هەوای تایبەتی گۆرانیەکاندا. دۆستانی دیکەش هەن کەهەموویان جێی ڕێزن و پاشانیش ئەوە جەماوەری کوردە کەئەبێ ئەم پلەوپایە هونەرییە هەڵسەنگێنێت و دیاریی بکات.

= ئەی هونەر بەگشتی و گۆرانی بەتایبەت چۆن ئەبینی؟

+ هونەر بەسەرەکیترین ئامرازی پێویستی ژیانی کۆمەڵ ئەزانم و بەناسنامەی هەر نەتەوەیەکیش دایدەنێم بەڵام لای ئێمە بەداخەوە سەرەڕای هەموو ئەو دەوڵەمەندییەمان هێشتا کز و لاوازە... گۆرانی هێشتا بەجوانی نەناسراوە... وەك کاك ئوسمان وتی: هێشتا هەندێکەس پێی ئەڵێن بەزم و بالۆرە و ئەڵێن حەرامە و...، هەرچەند زۆربەی جەماوەریش ڕیزی لێ ئەگرن و لێی تێدەگەن بەڵام هێشتا کەمە. ئەم هونەرە ئەبێ

بپارێزرێت و گەشەی پێ بدرێت. ئەبێ بەجوانی لەناو هەموو چینەکانی کۆمەڵدا جێ بخرێت و زیندوو بکرێتەوە. ئێمە هەموومان قەرزاری گەلەکەمانین و هەرچی هەوڵ بدەین بۆ بوژاندنەوەی کلتور و کەلەپوورەکەمان هێشتا هەرکەمە. پێویستە جیلی داهاتوو زۆرتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و ئەرکی سەرشانی خۆی لەبواری نەتەوایەتیدا بناسێت.

= کاك جەمیل ژیانی هونەریت تا ئێستا چۆن تێپەڕ کردووە؟

+ زۆر باش بووە و لێی ڕازیم. من وەك مامۆستا هێمن ئەڵێت گۆرانیم بۆ خۆم وتووە و خزمەتی هەست و زەوقی خۆم کردووە کەچی ئەم گەلە جوامێرە ڕێزی لێ گرتووم و هەمیشە بەتەنگمەوە بووە و خزمەتی کردووم و بەراستی جێی دڵخۆشی و شانازیی ئێمە بووە.

= بایادێکیش لەسروشتی هەورامان بکەین؟

+ سەدجار یادی بەخێر... ڕووی شەڕ و شەڕخواز ڕەش بێت کە ئەو بەهەشتەی کردە وێرانە و ئێمەی ئاوارە کرد. من خۆشترینساڵ و ساتی ژیانم لە کەژ و کێو و هەوارگە جوانەکانی هەورامانا بردۆتە سەر. بەشەڕەبەق (کەوەڕاو) و گۆرانی وتن بەناو بزازەرا و نوەیجەڕ و تەخت و هەزارانی (4) و... دا گەڕاوم و شەو و ڕۆژم بۆ نەبووە. سروشتی دڵڕفێنی هەورامان و هەوراگەکانی زۆری کار لەهەستم کردووە و ئەتوانم بڵێم یەکەم مامۆستای شەوق و زەوقم بووە بۆ گۆرانی. هەورامان سەراپا شیعرە، گۆرانیە، چریکەی ڕەسەنە، تابلۆیەکی نەخشینی یەزدانییە کەلە هیچ کوێی ئەم جیهانەدا وێنەی نیە.

= دوایین قسەت؟

+ ئاواتم ئەوەیە کە ئەم کتێبە (هەورامان و هونەر) زووتر بکەوێتە بەر دەستی جەماوەر و لەمەودوا مێژوویەکی تۆمارکراوی هونەریمان هەبێت و چیتر بێ سەروشوێن نەبین و هەروەها کوردە جوامێرە بەدەسەڵات و هونەردۆستەکانیش بەشێك لەدەسەڵاتی ئابووریی خۆیان تەرخان بکەن بۆ خزمەت بەفەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و هەموو هونەرمەندە دەنگخۆشەکانیش تێبکۆشن بۆپاراستنی چریکەی ڕەسەن و بووژانەوە و دەوڵەمەندتر کردنی ئەم خەرمانە بەپیتە و پڕ بەدڵ سوپاسی ئێوەش ئەکەم و هیوادارم سەرکەوتووبن.

*

پەراوێزەکانی دیداری سێیەم:...

1_ ئەم دیدارە لە هاوینی 1988 لە گوندی قەڵاجێ و لەماڵی خاڵۆزا و دۆستانی ئازیزم کاک سدیق و کاک سەلیم رەحیمی و بە بەشداری و ئامادەبوونی هونەرمەندان ئوسمان و جەمیل و حمەحسێن و گیانشاد (خاڵۆ)ی شمشاڵژەنی هانەگەرمڵەیی و چەند هونەردۆستێکی دیکە تۆمار کرا، هەر بۆیەش جەمیل ئاماژە بە قسەکانی ئوسمان دەکات لەمەڕ راستکردنەوەی باسی ئەو تاکە شیعرەی جەمیل.

2_ یەکەم، هانەگەرمڵە یەکێکە لە گوندە جوانەکانی هەورامانی لهۆن بەشی ئەودیو کە دەکەوێتە نێوان کەیمنە و بیارەوە، چەندین هونەرمەندی دەنگخۆشی تێدا هەڵکەوتوون و ئێستاش هونەرمەندی دەنگخۆشی بە بەهرەی لێیە، دووەم، مەبەستی جەمیل لە رستەی (کەس پێمانی نەزانی...) دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئەوکاتی هەردوو رژێمە چەوتەکەی ئێران و عێراق، چوونکە هاتوچۆ لە نێوان هەردوو بەشە لێکدابڕاوەکەی هەوراماندا قەدەغە کرابوو بەڵام ئەو پیلانە دوولایەنە نەگریسە هیچکات نەیتوانیوە خەڵکی هەورامان لێك جیا بکاتەوە!

3_ حەوزەلارەی نەوسوود یەکێکە لە جوانترین و سەرنجراکێشترین شوێنە گەشتیارییەکانی هەورامانی لهۆن (لەگەڵ حەوزە لارەی کەیمنەدا جیاوازە).

4_ بزازەرا و هەزارانی دوو هاوینەهەواری خۆش و دڵگیری گوندەکانی کەیمنە و دزاوەرن و دەکەونە لای سەرووی گوندی کەیمنەوە.

* * *

دیداری چوارەم

شەفیع کەیمنەیی



*" ئەگەر بمانەوێ گۆرانیبێژەکان وەك گرووپ و دەستە دیاری بکەین واتە گەر نیازی پۆلینکردنی هونەرمەندانی بواری گۆرانیمان هەبێت دەبێ ناوی گرووپی (برایانی کەیمنەیی) بەر لە هەموو شتێکیدیکە لەبەرچاو بگرین کە بریتین لە (ئوسمان هەورامی) و (حەمەحسێن کەیمنەیی) و (شەفیع کەیمنەیی) کە هەر کامەو شێواز و گەروو و هەناسەو تایبەتمەندیی خۆیان هەیە: ئوسمان بۆ سیاچەمانەو گۆرانی، حەمەحسێن بۆ گۆرانی (گوشی و خاو)، شەفیع بۆ گۆرانی (وردە بەزم و چەپلە). هەرچەند جاروباریش لەگەڵ ئوسماندا خۆیان لە چریکەی سیاچەمانە داوە و تەنانەت حەمەحسێن زۆر جار تا دواین هەناسەش لە گەڵیدا چووە بەڵام هەرکامەیان هەر لەو بازنەیەدا زۆرتر و دیارتر بەرچاو دەکەون کە ئاماژەمان پێکرد. شەفیع کەیمنەیی کە دەبێتە میراتگری دەنگی زوڵاڵ و بەهرەی بێ سنووری باوکی، خوالێخۆشبوو (سۆفی محەمەد) و کاکی (مەژنوون)، بەشایەتیی هەموو گۆرانیبێژو خاوەن ڕایان وەك شارەزای وردەبەم و مامۆستای چەپڵە ناسراوە و لەو بوارەشدا خاوەنی ئەزموون و جێپەنجەی خۆیەتی. ئێستاش دوای تەمەنێکی چڵ ساڵانەی خزمەت و درەوشانەوەی هونەری هێشتا هەر شەفیع کەیمنەیی تین و گەرمی دەبەخشێتە کۆڕو کۆبوونەوەکان ولە چڕینی گۆرانی ڕەسەن (وردەبەزم و چەپڵە) بەردەوامە:...*

*

+ کاك شەفیع تکایە با لە زاری خۆتەوە بتناسین ؟

= ناوم شەفیع خالیدیيە، کوڕی محەمەد، لەساڵی 1320 (1941) لەگوندی کەیمنە سەربە هەورامانی لهۆن لەدایك بووم. باوکم گۆرانیبێژێکی بەبەهرە بوو و خاوەنی سیاچەمانەی تایبەت بەخۆیەتی. هەربۆیە بەمنداڵی لەگەڵ گۆرانیدا ئاشنا بووم و بوومە هۆگری. ئەوەش بڵێم دەنگخۆشی لەبنەماڵەی ئێمەدا رەنگ و ڕووی ئیرسی لێنیشتووە. ئێستاش لەسنە نیشتەجێم و تائێستاش هەرلەگەڵ گۆرانیدا هاتووم و لەئاستی توانای خۆمدا خزمەتم بەو چەشنە لەهونەری کوردی کردووە.

+ رادەی خوێندەواریت؟

= تاپۆلی پێنجەمی سەرەتاییم خوێند و دەستم لێ کێشا چونکە یەکەم باری ئابووری و دووهەم باری نالەباری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی چەوتی مەلا و بەگ و... ئیزنی خوێندنی پێ نەئەدراین. لەلایەکیتریشەوە هێندە هۆگری گۆرانی بووم کەهەمیشە خەریك بووم و توانا و کاتی خوێندنم بۆ نەمابۆوە بۆیە دەستم لە خوێندن هەڵگرت.

+ چۆن بەیەکجاری و لێ بڕاوانە دەستت کردە گۆرانی گوتن؟

= باخێکمان هەبوو پێمان دەگوت ((وێرانێ)) نزیکەی 8–10ساڵم تەمەن بوو، لەناو باخا خەوتبووم کەهەستامەوە بۆنێکی ئێجگار خۆش و رۆحنەواز هەموو باخی پڕ کردبوو، منیش کەلەو بۆنە خۆشە سەرمەست ببووم بەدەنگی بەرز دەستم کردە گۆرانی وتن و لەناخی دڵمەوە ((ئامینەگیان))ێکم وت، کەلەو کاتەدا نەزمێکی بەناوبانگ بوو. پاشان نوسراوەیەکم بەبەردێکی پشت باخەکەمانەوە هەڵکەند و نوسیم: (شەفێع خالیدی گۆرانیبێژ) کەڕەنگە ئێستاش هەر مابێت. لەو ڕۆژەوە بێ ئەوە شەرم لە کەس بکەم یان هەر شتێکیتر، بەئاشکرا گۆرانیم وت و بوومە گۆرانیبێژێکی بچکۆلە و درێژەم پێدا تا گەورە بووم و ناسرام و دەنگم بڵاو بۆوە.

+ بۆخۆت چ نەزمگەلێکت داهێناون و تائێستاش چەند نەزمت لەخەرمانی هونەری تۆمار کردوونەتەوە؟

= لاموایە گۆرانی نەبووە نەیلێمەوە بەتایبەت لەگەڵ مامۆستایان ئوسمان هەورامی و حەمەحسەین کەیمنەیی، کاتی خۆیشی لەگەڵ جەمیل نەوسوودی و رەزابەگی کەڕاوادا گۆرانی زۆرمان تۆمار کردووە بەهەموو بەشەکانیەوە، بۆخۆشم چەند بەزمم هەبوون یان لەم لاولا هێناومن و دەسکاریم کردوون وەك: ئێران ئێران ــ غونچە گوڵ ــ هەوار هەوار ــ سەوزەی سیاچەم ــ رەنگ زەردی خەزان و... کەبەداخەوە ناوی هەموویانم لەبیر نەماوە. ئەوەش بڵێم بێجگە لەتافی لاوی لەگەڵ ئەو چەند دۆستەی ناوم بردن، نزیکەی 175 گۆرانیم لەرادیۆ و تەلەفزیۆندا تۆمار کردوون و ئێستاش هەر لە رادیۆدا هاوکاری ئەکەم.

+ گۆرانیت چۆن دەست پێکرد و چۆن فێری بوویت و یەکەم گۆرانیت لەگەڵ کام گۆرانیبێژ گوتەوە؟

= هەر بەمنداڵی هۆگری گۆرانی بووم. ئەتوانم بڵێم ئێمەی دانیشتووی هەورامان بەگشتی و کەیمنە بەتایبەت، هەر بەگۆرانی گۆش کراوین و رۆح و مێشك و هەست و هەناسەمان هەر لەبێشکەدا لەگەڵ دەنگی رەسەن راهاتووە. بەرلەهەموو کەس و هەموو شت لەلایەن باوکمەوە گۆرانیم بیستووە و فێری بووم و دوای ئەویش لای ((مەجنوون))ی برام کە دوو دەنگخۆشی بەبەهرەی هەورامان بوون و خاوەنی گەرووپەکی تایبەت و دەنگێکی زوڵاڵ بوون و جێپەنجەیان بەسەر سەنگی سیاچەمانەوە تا ئێستاش دیارە و بۆخۆیان خاوەنی پلەی تایبەت و ناوونیشان و هەروەها نەزمی تایبەتن لەگۆرانیدا. ئەوەش بڵێم سەرەڕای باوکم و کاکم، دەنگی زوڵاڵی دیکەی هونەرمەندە رەسەکانیش کاری لەسەر زەوقی هونەریم کردووە و هەستی بزواندووم و پێی گەیاندم.

+ نەزمی تایبەتی باوکت و کاکت کامە بوون و تۆش کام گۆرانی لەوانەوە فێر بوویت؟

= باوکم سیاچەمانەیەکی بووە کەئێستاش هەر بەناوی خۆیەوە بەناوبانگە واتە ((نەزمی سۆفی حەمە)) (قولتە) کە نەزمەکە خۆی ناوی دیاریکراوی نیە و سیاچەمانەیەکی یەکجار سەرکەشە، بێجگە لەوەش من نەزمەکانی (سەوزە سەوزە) و (ئاخ لەلەرزانە)م یەکەمجار لەو بیستوون و هەورەها (خاڵ خەنەین) و (مەلوول)م لەکاکم بیستوون و لەوانەوە فێریان بووم. هەڵبەت باوکم هەوای عیرفانی ((شێخانە))شی هەبوون و لامواپە زۆرتر بەهۆی سیاچەمانە تایبەتیەکەی و پاشان بەهۆی هەوا عیرفانیەکەی ناوبانگی دەرکردووە.

+ هەندێ بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر هەن سەبارەت بەکاك مەجنوون، حەز ئەکەم وەك برا و هەروەها هاوکاری هونەری کە زۆرتر لەو بارەیەوە ئاگاداریت هەیە، باسی لەسەر بکەیت و روون کردنەوەیەکت هەبێت؟

= مەجنوونی کاکم یەکێك بووە لەدەنگخۆشە بەبەهەرەکانی هەورامان. خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵ و چریکەیەکی رەسەن و توانایەکی تایبەت بەخۆی بووە و پاش ماوەیەکی هەرە کورت ناوبانگی دەرکردووە. زۆرتر لەگەڵ دەنگخۆشە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی وەك ((حەیدەر)) و ((حەمەعەلی خاوە)) و ((حەمەحسەین)) لەکاتی لاوێتیدا و... و... گۆرانیی وتووە. رێزی تایبەتی لێگیراوە و خۆشەویستی هەمووان بووە. بۆ وێنە ساڵێکی زوو بەشداری زەماوەندێك بووین لەهەڵەبجە، هەموو گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان کۆببونەوە

و شادیەکەمان ئەگێڕا، هێندە قەڕەباڵغ بوو کەس کەسی نەئەناسی. لەگەرمەی شایی و گۆرانی و هەڵپەڕکێدا هاواریان کرد: ((ئەوا مەجنوون هات)) کە گەیشتە ناو کۆڕەکە هەرهەموو هەستانەوە لەبەری و دەستەی گۆرانیبێژانیش هەموو بێدەنگ بوون و گێڕانی شاییەکەمان دایە دەستی ئەو. ئەو هەموو بەهرەیە و هەرواش ئەو پلەوپایە بەرز و خۆشەویستیە ئەبێتە هۆی دلگیر بوون و چاوچنۆکی و قین هەلگرتنی هەندێ گۆرانیبێژی بێ مایە و لەئاکامدا بەرلە ساڵی 1340
(1951) داوەتی ئەکەن بۆهەڵەبجە بۆزەماوەندێك و لەوێ گوایە ((کلّ))ی دەرخوارد ئەدەن و ئیتر گەرووی ئەگیرێ و دەنگی ئەنووسێت و ئەو چریکە رەسەنە بۆتاهەتایە لاڵ و خامۆش ئەکرێت و بێدەنگ ئەبێ و ئیتر تائێستاکە مەجنوون نەیتوانیوە دەم بکاتەوە، سامەگەر لەبەر خۆیەوە و بۆدڵی خۆی جاروبار کرکەیەکی کردبێت. ئەوەش بڵێم هەموو جەماوەر و هەموو دەنگخۆشە بەناوبانگەکانی هەورامان بۆئاکامی ئەو کارەساتە نالەبارە بەخەم و پەژارە بوون و هەمیشە یادی ئەویان کردۆتەوە و بۆجێی خاڵیی ئەو حەسرەتیان کێشاوە.

+ چۆن دەڕوانیتە هونەری گۆرانی ؟

= گۆرانی بەبەشێك لەکەلەپووری نەتەوەیی ئەژمێردرێت و پێشکەوتی ئەو بەشە پیشاندەری پێشکەوتی رادەی شارستانیەتی هەرگەلێکە. گۆرانی هەورامی وەکوو گەوهەرێکە لەملی هونەری مۆسیقای کوردیدا و لەهەمان حاڵیشدا هۆی حەسانەوەی هەست و رۆحی مرۆڤە و بۆتە بەشێك لەخووی ژیانمان.

+ راوبۆچوونت سەبارەت بەکاری گۆرانیبێژانی ئەمڕۆ چیە، ئایا لەکارەکەیاندا داهێنان هەیە یان نا و هەرواش هونەرمەندی رەسەن بەکێ ئەوترێ؟

= هەبوونی جیلی نوێ لەهەر بوارێکا و بەتایبەتی لەگۆڕەپانی گۆرانی هەوراماندا هۆی شادمانی و شانازییە. جیلی تازەش هەر ئەبێ داهێنانی تازەی هەبێت و تائێستاش کەم و کورت و جاروبار ئەم چەشنە داهێنان و تازەگەرییە ئەکەوێتە بەرچاو. لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە بەبیانووی داهێنان و تازەگەری، هەندێ شوێنکەوتووی نازانستیانە و لاسایی کەرەوەشمان هەن کە بەرچاوتر و زەق تریشن! ئەم چەواشەگەرییە ئەبێتە هۆی شێواندن

و لاواز کردنی خەرمانی هونەریمان و ئەبێ پێشی پێ بگیرێ. هونەرمەندی رەسەنیش بەکەسێ ئەوترێت کەدەنگ و هەناسە و چریکەی رەسەنی هەبێت، سیاچەمانە بناسێت و بەجوانی بەسەریدا زاڵ بێت و زانستیانەش لەپێناوی گەشە و نەشە پێدانیدا هەوڵ بدات و چالاکی بنوێنێ، کەسێك کەخۆی بەئەرکۆمەند و لێپرسراو بزانێت و بەواتای پێشینان: ((سەری کەو نەنێت بەزڕ کەوەوە)).

+ سروشت و جوانی چ کاریگەریەك بەسەر هەستی هونەرمەندی گۆرانیبێژەوە دائەنێت و تۆخۆت لەم بوارەدا چۆنی؟

= سروشت و جوانی رۆح ئەهەژێنێ، هەست ئەبزوێنێ بەتایبەت هەستی ناسکی هونەرمەند. دڵنیام هەستی ناسك و رۆحی جوانیناس و جوانپەرست زۆرتر لەهەموو شتێك لە سروشت و جوانی تاسیر وەرئەگرێت. سروشتی هەورامانیش بەتایبەتی، هەمیشە بۆتە مایەی ئیلهامی رۆحیی هونەرمەندان و هەستی منیش لەڕادەبەدەر لەدیتنی ئەو دیمەنە جوان و خواکردانەی هەورامان هەژێنراوە و وابزانم زوڵاڵترین دەنگ و رەسەنترین چریکەم لەناو هەوارگەکانی هەورامانا بووە و هەرئەو سروشتە ڕازاوەیە بووە کە ژیانی لەلا خۆشەویست کردووم.

+ بیرەوەریەکی هونەریی خۆتم بۆ ناگێڕیتەوە ؟

= ... ... لەگەڵ ئوسمان و حەمەحسەین و رەزابەگی کەڕاوا رۆیشتین بۆ ڕادیۆ کوردی کرماشان بۆتۆمارکردنی گۆرانی. ئەو کاتە بەڕێوەبەری بەشی کوردی رادیۆ کرماشان کاك ئەمین نەقشبەندی بوو. بەر لەتۆمار کردن هەریەکە و دەنگێکمان وت بۆ هەڵبژاردنی نەزمەکان، منیش بە ((ئێران ئێران)) دەنگم هەڵبڕی. (پێویستە بڵێم کەمن ئەو گۆرانیەم لەکاك حەسەن زیرەك وەرگرتووە و کارم لەسەر کردووە و وتوومەتەوە.) کاك ئەمین گۆرانیەکەی پێ بڕیم و بەتۆزێ تووڕەییەوە وتی: ((برا گیان ئێوەم بانگ کردووە بۆ چریکەی رەسەنی هەورامان نەك بۆ دووپاتە کردنەوەی ئەو بەزمانە، یان هیچ مەڵێن یان تەنیا هەوای رەسەنی هەورامی و هیچیتر.)) منیش زانیم کەئەو مامۆستایە چەندە رێز و نرخ دائەنێ بۆگۆرانی رەسەن و هەرهەمووشمان زۆر پێی خۆشحاڵ بووین و ستۆدیۆی

رادیۆمان پڕ کرد لەچریکەی رەسەن و نەزمی ((باوانم باوانم)). کەدواتر لەبەرنامە هونەریەکانی رادیۆدا بەناونیشانی ((دەنگی برا کەیمنەییەکان)) بڵاو کرایەوە.

* * *

دیداری پێنجەم:

فەتحوڵڵا ئەمینی



*" داهێنان و تازەگەری مادام لەسەر کەلەپووری کۆن و مێژینە بێت، کارێکی پیرۆز وئەرکێکی گران و گرنگی سەرشانی هەموو ڕۆشنبیرێکە، واتە ئەگەر بنەما دێرینەکان بناسین و زیندوویان بکەینەوە و پاشان خوێندنەوەی نوێ و دواتر داهێنان و تازەگەرییان لەسەر بکەین، ئەوە سەرکەوتوو دەبین و کارەکەمان بەنرخ و بایەخ دەبێت. ئەم خزمەتە پیرۆزە ماوەیەکە لە جیهانی گۆرانی و سیاچەمانەدا لە لایەن چەند دڵسۆزێکی ئەو هونەرە میللی و هەرە ڕەسەنەی کوردەوە دەستی پێکردووە و لە برەو و*

*گەشەو نەشەدایە. هەرچەند هەندێ ناشارەزا جاروبار و لەملاولا وردەبەرد داوێنە سەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە و وەك بڵێی ژار بڕژێننە ناو سەرچاوەی ڕەسەنایەتی کلتووری کوردی، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە دەستەی یەکەم واتە خزمەتکارە دڵسۆز و ئاشناکانی ئەو بوارە وشیارن و بە ئاگادارییەوە دەجووڵێنەوە. یەکێك لەو دەنگە ڕەسەنانەی دنیای گۆرانی هونەرمەند (فەتحوڵڵا ئەمینی)یە کە دەبێ بڵێین گۆرانیی هەورامان قەرزاری هەستی پاك و خاوێن و هەوڵ و هیمەتی جوامێرانەو کوردانەیەتی. فەتحوڵڵا ئەمینی گۆرانی دەناسێت و لە ڕووی ئەو ناسین و زانیارییەوەیە کە خەریکی داهێنان و تازەگەری و بووژاندنەوەی ئەو بوارەیە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوبانگ دەر بکات بە خۆشەویستی و جێ پەنجەیشی دیاروبەرچاو بێت و بە کوڕی کوردی ڕەسەن و بولبولی باخی ڕازاوەی گۆرانی بژمێردرێت. دڵنیام تا هەتایە گەلی کورد لە گەڵ بیستنی هەر دەنگێکی (کۆنە هەواران)دا بە ڕێزو حورمەتەوە ناوی فەتحوڵڵای ئەمینی دێنێت و یادی دەکاتەوە:...*

*

= کاك فەتحوڵڵا تکایە خۆتان بەتەواوی بەهونەر دۆستان بناسێنن؟

+ وێڕای سڵاو و سوپاس بۆئێوە و هەموو هۆگرێکی بەهەستی فەرهەنگ و هونەری کوردی، من وەك کەمترین خزمەتکاری هونەر، فەتحوڵڵام ناوە، شۆرەتم ئەمینییە. لەبەرواری 2ی خاکەلێوەی ساڵی 1332 (1953) لە گوندی بێڵەیی سەر بەشارستانی ئێستای جوانڕۆ هاتوومەتە دونیا. دایکم ناوی ئەسمایە و باوکیشم ناوی غەفارە کەلە ساڵی 1359 (1980)دا کۆچی دوایی کرد. لەبنەماڵەی بەگزادەکانی سەید ئەحمەدبەگم و ئەمەش شەجەرەنامەکەم:

فەتحوڵڵا کوڕی غەفاربەگ کوڕی عەبدولغەفوربەگ کوڕی ئەمین بەگ کوڕی عەبدوڵڵابەگ کوەڕی کەیخەسرەوسوڵتان کوڕی ڕۆستەم بەگ کوڕی سەیدئەحمەدبەگ کوڕی سەید ئێناغ.

ساڵی 1353 (1974) ژنم هێنا و ئێستاکە چوار منالّم هەن خەریکی خوێندنن و بۆخۆشم لەجوانڕۆ خەریکی ئیشوکارم. تادوایین قۆناغی ناوەندیم خوێندووە و ساڵی 1355 (1976) بەهۆی چەندین گیروگرفتەوە دەستم لەخوێندن کێشاوە.

= فەرموون چۆن بوونە ڕێبواری ڕێگای هونەر و چۆن بوو ڕووتان لەگۆرانی کرد؟

+ ئەتوانم بڵێم کەمتر کوردێك هەیە بەهرەیەکی لەهونەری گۆرانی نەبێت ئەویش بەهۆی بوونی ئەو سروشتە جوان و ڕازاوە و ڕەنگینەی کوردەواری کە بە ڕاستی ساردوسڕترین دڵ و هەستیش شەیدا ئەکات، منیش یەکێکم لەو هەموو کوردانە کە سروشتی جوانی ناوچەکەم هەمیشە هەستی بزواندووم. هەروەك بۆخۆیشتان ئەزانن پێشتر رادیۆ و ریکۆردەر و ئەم چەشنە ئامێرگەلە لەنێو ئێمەدا نەبوو. خەڵکیش هەمیشە کۆئەبوونەوە دەوری یەك و ئاوازیان ئەگێڕا، ئیتر هەر باس و بابەت و بەزم و بالۆرەیەك بوایە، یەکێك لەو کارانە گۆرانی وتن بوو. داوا ئەکرا لەدەنگخۆشەکان گۆرانی بڵێن و ئەوانیش مەجلیسەکەیان ئەڕازاندەوە. منیش هەمیشە لەو کۆڕانەدا بەشداریکم ئەکرد و هەستم ئەکرد زۆر هۆگری گۆرانیم، بەتایبەت کە لەلایەکەوە هەندێك لەخزمەکانمان گۆرانیبێژ بوون و لەلایەکیشەوە دەنگخۆشەکان ڕێزونرخێکی بەرزیان بەلای خەڵکەوە هەبوو. بەڵام من کەهەستم ئەکرد و حەزم لەگۆرانی بوو، بەهیچ کلۆجێك لەڕووم نەئەهات. تاهەستی هونەری زۆری بۆ هێنام و زانیم کەئەتوانم گۆرانی بڵێم. تا لەساڵی 1342 (1963)دا بۆ یەکەمجار و بەدەنگی بەرز گۆرانیم گوت. هەڵبەت بۆ گۆرانی وتن ئەچووم بە کەژ و کێوا کەکەس گوێی لە دەنگم نەبێت و دەنگم نەبیسێ، تا ڕۆژێك چەند ڕاوچی و کەژەوان، گوێیان لەدەنگم ئەبێت، کە ئەڕۆنەوە بۆ ناو دێ ئەیگێڕنەوە بۆ خەڵك و خزم و کەس و کارم. ئەوانیش زۆریان بۆهێنام. هەر ئەوەبوو کەلە ساڵی 1346 (1967)دا بەئاشکرا گۆرانیم گوت و ترس و شەرمم شکا و ئیتر تا ئێستاش لەخزمەتی هونەردام.

= کاك فەتحوڵڵا قسەکانتان وەك بیرەوەریەك بوون بەڵام حەز ئەکەم بیرەوەریەکی هونەری خۆتان بگێڕنەوە. بەتایبەت لەدەورانی سەرەتای دەسپێکردنی کاری هونەری؟

+ برایەکم هەیە لە خۆم گەورەتر. ئەو، مامۆستای قوتابخانە بوو و منیش قوتابیی ئەو و لەپۆلی سێی سەرەتاییدا ئەمخوێند. ڕۆژێك مامۆستا وتی بەقوتابیەکان هەستن بابڕۆینە

دەرەوە بۆ سەیران. ئێمەی منداڵیش خوا ئەزانێ چەندمان پێخۆش بوو. بەگورجی خۆمان کۆکردەوە و ڕۆیشتین. کەگەیشتینە جێ، کاکم کەئەیزانی دەنگم خۆشە وتی فەتحوڵڵا گۆرانیەك بڵێ با قوتابیەکان خۆشحاڵ بن. منیش هەروەك پێشتر وتم زۆر کەمڕوو و شەرمن بووم و قەد لەوەها کۆڕێکدا ئەویش لەلای کاکمدا توانای ئاوەها کارێکم نەبوو. مامۆستا زۆر پاڕایەوە و منیش هەر نەمگوت تا تەواو لێم تووڕە بوو و دەستێکی کوتام و ناچاری کردم گۆرانی بڵێم. هەرگیز ئەو بیرەوەریەم لەبیر ناچێتەوە و ئەتوانم بڵێم زۆرتر زۆر لێکردنی کاکم بووە هۆی سەرکەوتنی من لەگۆرانی وتندا. هەڵبەت دواتریش کاکم هەمیشە لێی ئەدام تاگۆرانی بڵێم و زۆرجار باوکم کە زۆریشی خۆش ئەویستم ئەو لێدانەی ئەدی و هیچیشی نەئەوت. دواتر زانیم کەباوکم و کاکم دەستیان کردبۆوە یەك تامن ناچار بکەن دەنگم ئاشکرابکەم. ئەوەش بڵێم کەئەو زەمانە گۆرانی و گۆرانیبێژ پلەوپایەیەکی زۆر بەرز و بەڕێزیان هەبوو. ئێستاش هەر ئەڵێم کە یەکەم، سروشتی جوان و هونەرپەروەری کوردەواری و دووهەم ئەو کۆڕ و مەجلیسە هونەریانەی کەباسم کردن و دواییش کاکم وەك مامۆستایەك، بوونە هۆی ئەوەی من ببمە گۆرانیبێژ و بتوانم خزمەتی سوچێك لەفەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەم بکەم.

= ئێستا، کەوەك گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو ناسراون، هەست بەچی ئەکەن و ئایا ڕازین بەوە کە گۆرانیبێژن یان نا؟

+ من لام وایە کەگۆرانیبێژە کوردەکان ئەگەر ڕێز و حورمەتیان هەیە، تەنیا بۆ دەنگەکەیان نیە بەڵکوو بە بۆنەی ئەوەوەیە کە نرخی هونەر ئەزانن و بایەخ ئەدەن بەفەرهەنگی کوردی و بەڕاستی لەخزمەتی گەلەکەیاندان. منیش کەئێستاکە وەك کەمترین خزمەتکاری هونەر ناسراوم، هەست ئەکەم زۆرتر نزیکم بەگەلەکەمەوە. زۆرتر بەستراوم بەفەرهەنگی گەلەکەمەوە و لەم نزیکییەش خۆم بەبەختەوەر ئەزانم. هەست ئەکەم لەهەرکوێ بم دۆست و هەڤاڵانی بەوەفا و ژیرم زۆرن و لەگەڵ ئەوانیشدا خۆش ئەژیم. ئێستا پڕ بەدڵ خۆشحاڵم و خۆشبەختم کەئەگەر خوێندن و کەسبی زانستم نەبووە نسیب و لێی بێبەش بووم، بەجێی ئەوە مەکتەبێکی هەرە مەزن و زانستگەیەکی هەرە گەورەم پێ بەخشراوە، بەمەزنی و بەرزیی هەورامان کە پڕ بەماوەی تەمەنێکی

دوورودرێژ، عیلم و ئەدەب و زانیاریی پێ بەخشیوم و هەرچەند پاش تەمەنێك زەحمەت بەڵام هەرچی بێ ئەمڕۆ خاوەنی شانازییەکم کەهەرگیز و بەهیچ شتێکی دیکە نایگۆڕمەوە.

= ئێوە خۆتان جافن و بەجوانیش لەئاخافتن بەشێوەی هەورامی زاڵ نین، چۆنە کە گۆرانی هەورامی ئەڵێن و هێندەش سەرکەوتوون تیایدا؟

+ بەرلەهەموو شتێك ئەبێ سەرنج بدەینە هەورامانی ڕابردوو کەلەگەڵ ئەمڕۆدا زۆر جیاوازیی هەبووە. زاراوەی هەورامی وەك زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتو، بەسەر هەموو کوردەواریدا زاڵ بووە. فەرهەنگ و هونەری هەورامانیش هەروا، لەلایەکیترەوە ناوچەکانی جوانرۆ، سەلاس، دالاهۆ و تەنانەت تا کرماشانیش مەڵبەندی ژیانی گۆرانەکان بووە و ئێستاش ناوی زۆربەی کێو و کانی و ئەشکەوت و کەژە بەناوبانگەکانی ئەو ناوچەیە هەرناوی هەورامییان بەسەرەوەیە. لەلایەکیتریشەوە جوانرۆ بەشێك بووە سەربە پاوە. وەزع و باری جوگرافیایی بووەتە هۆی پەیوەندی پتەو و هەمەلایەنەی ئێمە لەگەڵ هەورامان و لەڕاستیدا ئەتوانم بڵێم ناوچەی جوانرۆ و پاوە یەك فەرهەنگ و نەریتیان هەیە و هێندە پێکەوە نزیکن کەلە هیچ بارێکەوە مەودا، یان جیاوازیەك لەنێوانماندا هەست ناکرێت و گرینگتر لەمانە ئەوەیە کە وەسڵەتە خێزانییەکانی ئەم دوو ناوچەیە بەڕادەیەك زۆر و ئاساییە کەکەمتر بنەماڵەیەکە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ نەبن. نیوەی خزمەکانی من هەورامین. بۆوێنە دایکی باپیرەم واتە خوالێخۆشبوو (عەبدولغەفوور بەگ) هەورامی بووە لەبنەماڵەکانی مەحمودی و مەستەوفیی لەپاوە، هەروەها دایکی داپیرەشم خەڵکی داریان بووە. ژنی خوالێخۆشبوو محەمەدبەگ وەکێڵی جوانرۆ کچی فەتحوڵلابەگی هەورامان بووە. پەیوەندیی نێوان جوانرۆ و هەورامان لەهەموو ڕوویەکەوە قووڵ و پتەوە. وێڕای هەموو ئەمانەش گۆرانیی هەورامی ماوەیەکی زۆر لەو ناوچەیەدا وتراوە و منیش خزمی زۆرم هەن کەگۆرانی هەورامیان وتووە و سەرکەوتویش بوون. منیش بۆخۆم ئەتوانم بڵێم سەرەڕای ئەو هەموو نزیکایەتیە کە باسم کرد هەستم بەگۆرانی هەورامی بزووتووە و کاری زۆری کردۆتە سەر ڕۆحم. ئیتر با شیعری شاعیرە هەست بزوێنەکان بمێنێ کە نەك هەورامان بەڵکو دنیاش شانازییان پێوە ئەکات. بەسەرنجدان

بەو خاڵانە دوور لەمەنتیق نەبووە کە من گۆرانیی هەورامیم وتووە. چونکە دەرکم کردووە و عەلاقەم زۆر پێی هەبووە تاڕادەیەك توانیومە سەرکەوتوویم، کە ئەمەش مایەی بەختەوەری و شانازیی خۆمە. هیوادارم بەهەموو ئەمانەوە بتوانین ئەو پەیوەندی و یەکیەتییە راستەقینە مرۆڤانەیە بۆهەتاهەتایە بپارێزین تاهۆی شانازی و بەختیاریی هەمیشەییمان بێت وەکوو نەتەوەیەك.

= ئاماژەتان بەوە کرد خزمتان زۆرن کە بەهەورامی گۆرانیان وتووە، تکایە لەم بارەیەوە زۆرتری لەسەر بڕۆن و ئەگەر ئەکرێ نێوی ئەو هونەرمەندانەشمان پێ بڵێن؟

+ هەروەك وتم بنەماڵەی ئێمە دەنگخۆشی زۆری تێدا هەڵکەوتوون کە هەمووشیان تەنیا بۆ هەست و دڵی خۆیان وتوویانە. هەندێکیان مردوون و برێکیشیان ماون و ئێستاش هەر گۆرانی ئەڵێن. ناوی ئەوانەی کە کۆچی دواییان کردووە: خوالێخۆشبوو عەبدولغەفوور بەگ ـ محەمەدئەمین بەگ ـ حەمەجافر بەگ ـ عەلی بەگ ـ داوود بەگ ـ تەیمور ـ حەسەن بەگ ـ قادربەگی پیرۆزە. ئەوانەش ماون بریتین لە: فەرەجوڵڵا بەگ ـ داود بەگ ـ مەنسوور بەگ ـ سەعید بەگ ـ ئەکبەر بەگ و کەرەم بەگ.

= پێموایە حەمەمین بەگ بەناوبانگتر بێت و تەنانەت توانای داهێنانی ئاوازیشی هەبووە وەك سیاچەمانەی خاڵ خەنەین کە ئاوازی ئەو بووە و زۆریش جوان و ڕەسەنە.

+ ئەو هونەرمەندانەی کە پێش لەئێمە ژیاون ئەکرێ بڵێم کە زۆربەیان ئاوازساز بوون و زۆربەشیان هیچ نا ئاواز و نەزمی تایبەتی خۆیان هەبووە بەڵام جێی داخە کە ئێستا ئەو مەسەلە گرینگە بۆ ئێمە ڕوون نیە و نازانین کام نەزم هی کام هونەرمەندە.

= بێجگە لەوە بێ نەزمی و سەرلێشاوایيەکی دیکەش لەگۆرانیەکانی ئێمەدا هەیە، ئەویش یەك دەست نەبوونی شیعری هەر نەزم و ئاوازێکە و هەر ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین ئەلبومێکی سەرجەم و رێك و پێکی گۆرانیمان هەبێت.

+ بەڵێ ئەو بۆشاییە هەست پێ ئەکرێت و من ئومێدەوارم کە لاوە خاوەن هەستەکانی ئێمە بۆ لەنێو بردنی ئەو گیروگرفتە قۆڵی لێ هەڵماڵن و هونەرمەندە بەڕێزەکانیشمان کەمتەرخەم نەبن و یاریدەیان بدەن، من بەشبەحاڵی خۆم ئامادەی هەرچەشنە هاوکاری و یارمەتی دانێکم.

= نەزمی کۆنەهەورانی ئێوە زۆر بەناوبانگە و لاموایە بۆیەکەمجار لەرادیۆ کرماشاندا تۆمارتان کرد. تکایە فەرموون ئەو گۆرانیە هی کێیە و ئێوەش لەچ ساڵێکدا تۆمارتان کرد؟

+ ساڵی 1352 من لەکرماشان سەرباز بووم و هەرلەو کاتەشدا تا ڕادەیەك وەك گۆرانیبێژێك ناسرابوم. ڕۆژێکیان لەماڵی دۆستێکماندا لەگەڵ کاك ئیسماعیلی سابوور ئاشنا بووم. ئەوان وتیان کاك فەتحوڵڵا دەنگی ئێوە زۆر خۆشە، بۆچی نایەن بڕۆین بۆ رادیۆ؟.. هەر بەپێشنیار و ڕێنوێنیی بەڕێزیان چوومە رادیۆ کرماشان، ڕۆژانی سێ شەممەی هەموو هەفتەیەك ئەڕۆیشتم. هەڵبەت سەرەتا تەنیا بۆ سەیر کردن و دیتنی تۆماری بەرنامەی هەینی. دۆستانی بەڕێز کاك حەمەحسەین و کاك جەمیل نەسوودیش هاتوچۆیان ئەکرد. ئەوان بەتەواوی ناویان دەرکردبوو و زۆر ئەناسران و جاروبار منیش لەماڵی خزمەکانما لەگەڵیاندا ئەموت. تا ڕۆژێك کاك حەمەحسەین هاتبوو بۆ جوانڕۆ بۆ ماڵی ئەمین بەگ ڕۆستەمی و کاسیتێکی بۆتۆمار کرد کە یەکێك لەنەزمەکانی هەرئەم کۆنە هەوارانە بوو. هەڵبەت لەگەڵ ئێستادا لەباری هەوا و ئاوازەوە جیاواز بوو. من نەزمەکەم زۆر پێخۆش بوو و هەمیشە بۆخۆم ئەمگوتەوە تا توانیم ئاڵوگۆڕێکی پێبدەم و هەر لەساڵی 1352 (1973) لەرادیۆ کرماشاندا تۆمارم کرد. جا نازانم خودی ئاوازەکە هی کێیە بەڵام من ڕێکوپێکم کرد و تۆمار کرا، ئەو تۆمار کردنەش وەك بیرەوەریەکی هونەری هەر لەمێشك و زەینمدایە.

= حەز ئەکەم ئەو بیرەوەریە ببیستم ئەگەر بکرێ؟

+ هەروەك وتم من سەرباز بووم و هەر بەجلوبەرگی سەربازیشەوە چوبوم بۆ رادیۆ، ئەو سەردەمە سەرپەرشتی رادیۆ کرماشان ئاغەی سیراجەدینی بوو، پێیگوتم: "سەرکارجان ئێوە ئەبێ گوێ بەفەرمانی من بن. من دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی گۆرانیەکە ڕائەگەیەنم". ئاغەی سیراجەدینی پیاوێکی بەڕێز و قسە خۆش بوو و بەرنامەی شادی هەینی ((ئادینە))شی بەڕێوە ئەبرد. من ڕۆیشتمە ژووری تۆمار کردن و ئەوان فەرمانی دەسپێکردنیان دامێ و منیش دەستم پێ کرد:

ئاخ ئارۆ ڕام کەوتە گیان کۆنە هەواران

دەی دماو باڵاو تۆ من وەشیم نەویاران

من درێژەمدا بەنەزمەکە بەڵام فەرمانی کۆتایی هەر نەدرا، تا ماندوو بووم و خۆم بڕیمەوە. دیتم ئەوانەی لەژووری کۆنترۆڵ بوون هەمویان واقیان وڕماوە و وشك ڕاوەستاون. کە هاتمە دەرەوە سەیرێکی خۆشەویستانەی کردم و وتی: "سەرکار گیان بەڕاسی دەنگت وەش بێ". هەر ئەو قسەیەش زۆرتر هانیدام بۆ ڕۆیشتن بەم ڕێگە پیرۆزەدا  ئێستاش ئەڵێم یادی بەخێر و من هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.

= کاتی گۆرانی وتن زۆرتر لە شیعری کامە شاعیر ئەڵێنەوە و ئایا لەچ کاتێکا ئەتوانن گۆرانی بڵێن و خەم و شادی چ کاریگەرییەکی لە سەر توانای گۆرانی گوتنتان هەیە.

+ من هەمیشە دیوانی هەموو شاعیرەکانم لەلایە و ئەتوانم بڵێم کەمتر فۆلکلۆر ئەڵێم و زۆرتر هەوڵدەدەم شیعری هەموو شاعیرەکان بخەمە نێو گۆرانیەکان و بەمچەشنە تاڕادەیەك بە جیلی نەخوێندەواریان بناسێنم. بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەشتان ئەڵێم: هەرکات هەست بەسەر بەرزی و ئازادی بکەم دەنگم لەگەڵمدایە و وەك مۆمێکە لەدەستمدا. ئەوەش بڵێم سرشتی من تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازی هەیە و خەم و شادیم لەدەستی ئەو تایبەتمەندییەدایە. ئەبینی لەگەرمەی شادی و گۆرانی وتندام کە بەخۆم ئەڵێم ئەمە خۆشترین کاتی ژیانمە و ڕەنگە هەر لە گوتنیش ماندوو نەبم، کەچی وەك لەسەر لوتکەیەکەوە کەوتبێتمە خوارەوە ئاوا دڵم و ڕۆح و هەستم دێنە خوار و خەمێکی خەست ڕووم تێدەکات و گریان دامئەگرێ. بۆ خۆشم نازانم ئەمە چ حاڵەت و چ سڕێکە.

= کاك فەتحوڵڵا چ بەرنامە و گەڵاڵەیەکتان بۆ داهاتووی منداڵەکانتان هەیە و ئایا حەز ئەکەن وەك خۆتان هونەرمەند و دەنگخۆش باربێن و ڕێگەی خۆتان بگرنەوە یان نا؟

+ حەز ئەکەم لە هەڵبژاردنی پیشە و چۆنیەتیی ژیانیاندا ئازاد و سەربەخۆبن و هیچ ناچاریان ناکەم ڕێگەیەك هەڵبژێرن. بۆ هونەریش ئەبێ بڵێم هونەری گۆرانی هەم باشە و هەم باش نیە. شتێك نیە کە هەموو کەس بەئاسانی بتوانێ پێی بگا. ساڵەها ئەبێ زەجر بکێشی، خوێنی دڵ بخۆیت تا بتوانی بڵێی بەهرەو بەشێکم لەهونەر هەیە. ئەبێ تەمەنێکی دوورودرێژ زەحمەت بکێشی تا راستی و دروستیی خۆت بەجەماوەر بناسێنی. گۆرانیبێژ ئەبێ زانکۆیەکی یەکجار مەزن تێپەڕ بکات. دەربەدەر بگەڕی بەشوێن زانست و

زانياريدا. سەرەو ژوور و سەرەو خواری دەوێ تا هونەرمەندێك بتوانێ بگاتە پلەی بەرزی ڕاستەقینە. هەمیشە ئەبێ لەگەڵ خەڵك و لەناو خەڵك و بۆ خەڵك بژی. خەڵك بناسێ. نابێ خۆی ون بكات و لە خۆی دەربچێت. هەستی خۆبەزلزانین یەكێكە لەو چەكانەی دژی هونەر كەئەتوانێ هونەرمەند سووك بكا. بیخاتە نێو چاڵی قووڵی ڕسوایی و لەنێوی بەرێ. نیەتی هونەرمەند ئەبێ پاكی، ڕاستی، دڵسۆزی و خزمەتی مرۆڤانە بێت لەئاستی گەلەكەیدا. ئەوەش لەڕادەی بڕست و توانای هەموو كەسێكدا نیە. من بۆخۆم وابیر ئەكەمەوە كەهێشتا لەسەرەتای ئەو ڕێگە پیرۆزەدام. من تەنیا یەك كەس شك ئەبەم كەبتوانین پێی بڵێین هونەرمەند و ئەویش كاك ئوسمان هەورامییە چونكە بەجوانی دەستی پێكرد و بەجوانیش دوایی پێ هێنا. بەڕاستی ڕێك و پێك بوو. جێی داخ و كەسەرە كە ئێستا مات و بێدەنگ ماوەتەوە. كەسێكیش بیەوێ ببێتە عوسمان هەورامی بەڕاستی ڕەنج و زەحمەت و شەونخونی و خوێنی دڵی ئەوێ.

= ئاماژەتان بەكاك ئوسمان هەورامی كرد. ئەزانین كە ماوەیەكە گەرووی كاك ئوسمان نەخۆش كەوتووە و ئێوە واتەنی مات و بێدەنگ ماوەتەوە و ئیتر لەوانەیە ئەو دەنگە زوڵاڵە داوودیە لەو گەرووە زێڕینە و لەو حەنجەرە بێ وێنەیە نەبیسرێت. هەستی ئێوە لەبەرانبەر بەم كارەساتەدا چیە و چۆنە؟

+ كێیە لەكوردەواریدا كاك ئوسمان نەناسێت و لەدەنگە دڵڕفێن و سیحراوییەكەی چێژی نەبردبێت؟ بەبیروڕای من ئوسمان تاقانە چریكەی ڕەسەنی هەورامان بوو. نەك هەر دەنگێكی بەسۆزی هەبوو بەڵكوو كاسایەتیەكی تەواو و ڕاستەقینەشی هەبوو. جێگەی لەدڵی هەمووواندا بوو. ڕووناكیەكی هونەری بوو لەتاریكاییدا. كێ بێت كەبۆ گڕ بوونی ئەو دەنگە، بۆ بێدەنگیی ئەو بولبولە، دڵی پڕ نەبووبێ لەپەژارە و لەدڵسۆ؟ منیش كە شوێنكەوتووی هونەرم و ئوسمان بەمامۆستای خۆم ئەزانم چۆن لەزەریای خەم و پەژارەدا نەخنكێم؟ من واهەست ئەكەم كەسیاچەمانە خنكاوە. چریكەی ڕەسەنی كوردی مردووە. بەڵام چی ئەكرێ؟ ئێمە كەم دەسەڵاتین و خوویشمان گرتووە بەوەی كەپاش لەدەستچوونی ناودارەكانمان ئاخیان بۆ هەڵكێشین، كەچی تاماون و لەگەڵماندان بەدەمیانەوە نین. ئوسمان بولبولێك بوو بێ وێنە لەگوڵزاری هونەری هەوراماندا كەئێستا

تاساوە و دوورە لەگوڵەکان و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە لەدوورەوە ئەڕوانێتە گوڵاڵە هەمەڕەنگەکانی باخچەی هونەر. واهەست ئەکەم کە کێوە سەربەرز و سەربەستەکانی هەورامان، بۆ ماتبوونی ئوسمان تەمی تاڵی تەنیایی و بێدەنگییان لێنیشتووە. ئەوەش بڵێم کەتەنیا خەم خواردنی ئێمە بۆ لەدەست چوونی دەنگی ئەو کەڵە هونەرە بەست نیە و پێویستە ئێستا زۆرتر و باشتر لەرابردوو بەدەمیەوە بین و ڕێزی لێبگرین. ئەبێ کارێك بکەین کە هەست بەتەنیایی نەکات و خەمی تەنیایی وەك خوورە نەیخواتەوە. نابێ بهێڵین رۆحی هونەرمەندی ماندوو بێت و دڵی ناسکی بەخۆی بشکێتەوە. لەدواییدا ئەبێ بڵێم کە ئوسمان لەناخی دڵمدایە و ئاواتەخوازم بۆ پاراستنی چریکەی رەسەنی ئاهوورایی هەر بمێنێ و جارێکیتر ئەو دەنگە بەسۆز و دڵڕفێنەی ببیسین و چریکەی دڵنشینی دیسانەوە گوڵ و گوڵزاری فەرهەنگ و هونەری کوردی برازێنێتەوە.

= کاك فەتحوڵڵا ئێوە خۆتان لەچ پلەوپایەیەکی هونەریدا دائەنێن و چۆن دەڕواننە دیکەی هونەرمەندە گۆرانیبێژەکان ؟

+ ئاشکرایە کاك ئوسمان هەورامی مامۆستای جیلی ئێستایە، هەروەها ئێمە هونەرمەندی بەڕێز و پایەبەرزمان هەبوون وەك کاکە حمەحسەین کەیمنەیی و جەمیل نەوسوودی و...هتد کەبە ڕاستی ئەکرێ شانازییان پێوە بکرێت. هەرچەندە ئێستا پیری برستی لێ سەندوون، ئێستاش هونەرمەندی لاومان زۆرن کەجێگای هیوای دواڕۆژی هونەریمانن و منیش بۆ حۆم کەمترین خزمەتکاری هونەر و هەموو هونەرمەند و هونەردۆستێکم.

= ئێوە داهاتوو و دواڕۆژی گۆرانی هەورامی چۆن ئەبینن.؟

+ بەداخەوە ئەم گەلەی ئێمە خەریکن شتگەلێك لەبیر ئەبەنەوە کە وەدەس هێنانی سەدان ساڵی پێویستە. ئێمە وردە وردە خەریکین رەسەنایەتی خۆمان لەبیر ئەبەینەوە. سروشتی جوانی وڵاتەکەمان ئیتر بۆمان گرینگ نیە. ئازادیخوازی و مرۆڤایەتی و یەکبوونی ئێمە بزرکاوە و بێجگە لەچەند کەسێك کەپیاوانە هەستاون و چاکی دڵسۆزییان لێ هەڵکردووە بۆ پاراستنی ئەو گەنجە، زۆربەی خەڵك سەبارەت بەفەرهەنگ و نەریتی خۆیان نامۆ بوونەتەوە. خۆیان گوڵ نین هیچ، بوونەتە دڕکێکیش بۆ دڵی هونەرمەند و شاعیر و نوسەر و دیکەی دڵسۆزانی فەرهەنگ و هونەری کوردی. شاعیر و نوسەر و

خۆشنوسی بەڕێز و ناوداری جوانڕۆ جەنابی (ساڵەحی) لەدووری وڵاتەکەیدا شیعرێکی هەیە کەلە لاپەڕەی 57ی بەرگی دووهەمی حەدیقەی سولێتانیدا لە چاپ دراوە. ساڵەحی ئاوا ئەڵێت:

" ڤیەن کەی وێنەی سنجاوی وەشەن
سویس کەی وێنەی سەلاس دڵکەشەن
جەی شار پڕشۆڕ پڕ نەخش و نگار
هەر دڵ ئەو دمام پەی یار و دیار"

جا کەواتە ئێمە بۆچی ئەبێ وڵات و یار و دیارمان بدەینە دەستی بێگانە؟ بۆچی بۆ بووژاندنەوەی فەرهەنگ و داب و نەریتە رەسەنەکەی خۆمان تێنەکۆشین؟ ئێمە بۆچ ئەبێ هێندە کەمتەرخەم بین تا فەرهەنگ و کلتورمان کەگەنجینەی هەتاهەتاییمانە بەتاڵان بچێت؟ ئەگەر بەوردی تێفکرین، تێئەگەین مۆسیقای بێگانە بەتەواوی بەسەرماندا زاڵ بووە، تا رادەیەك کە شمشاڵمان وەلاناوە. هونەری هەرە بەرز و مەزنی سیاچەمانە فەرامۆش کراوە و ئەو هونەرمەندانەش کە سیاچەمانە ئەچریکێنن لەرێزی تایبەتی خۆیان بێبەش کراون. هەندێ خوانەناسیش بوونەتە زوڕنای بێگانە و هەر ڕۆژە بۆ بیانوویەك ئەگەڕێن هونەرمەندی رەسەن سەرکوت بکەن. چریکە، هەڵمەت پێك ئەهێنێ، دەنگ، هونەرە و هونەرپەروەری ئەوێت کە بیپارێزێ. بەڵام ئێمە ئەو پارێزەرە دڵسۆزە نین. زۆر بەداخەوە کە زۆربەی رەسم و یاسا و داب و نەریت و شانازیە فەرهەنگییەکانی خۆمان لەبیرچووەتەوە. زەماوەند و شایی و شیوەنمان گۆڕاون. جل و بەرگیشمان گۆڕاون، ئیتر ئافرەتی کورد کەمتر خۆی ئەدا لەکڵاوزەڕ، لەچەك، سەڵتە، هەوری، کەمەرە، هەیاسە و هەروەها پیاوی کوردیش دوور کەوتووەتەوە لەپەسەك، کوڵەباڵ، فەقیانە، بەستنی پشتوێنی سێ گرێ و... و ئەگەر وابچێتە پێش رەنگە لەداهاتوودا بێگانەکان بۆ ئەو شتانە مۆزە سازبکەن و ئێمەش بپاڕێینەوە لێیان تا رێمان بدەن بچینە مۆزەکانیان و سەیرێکی ناسنامەی خۆمان بکەین. تەمەدون و شارستانەتی نوێ بەتوندی بۆ پێشەوە ئەچێت و ئەگەر ئێمە چاو و گوێمان نەکەینەوە مەترسی هێنەرە بۆمان. هەموو سەرکەوتن و سەربەرزی و سەربەستیەك لەپەنای فەرهەنگی رەسەن، خۆناسین و

یەکدەنگی و یەك بڕواییدایە. ئێمە ئەبێ بزانین بۆچی ئەژین و چۆن ئەژین. چیمان هەیە و شوێنی چی کەوتووین؟ دەستی یەك بگرین و پێکەوە فەرهەنگی لەدەسچوومان ببوژێنینەوە. بابکەوینەوە بیری دەیانی وەك قانیع و گۆران و حاجی قادری کۆیی و ئەوان هەورامانیان چۆن ناسیوە ئێمەش بیناسین. بەبیروڕای من ئەگەر نەجووڵێینەوە، فەرهەنگ و کلتورمان لەدەست ئەچێت، هونەری گۆرانیش بەشێکی هەرە گەورەیە لەو فەرهەنگە مەزنە و لەدەسچوونی ئەوانیش واتە لەکیس چوون و مردنی هەموو گەلی کورد، واتە کوژانەوەی چرای ڕووناکی کوردایەتی و ڕەسەنایەتیی کوردەواری. ئەوەش ئەرکی سەرشانی هەموو هونەرمەند و هونەردۆست و قەڵەم بەدەستێکی بەشەرەفی کوردە کەبەر بەو لەنێو چوونە بگرێت و داهاتووی هونەرە مەزنەکەمان بپارێزێ. ئەگەر ئێستاکە کەمتەرخەم بین و گوێی خۆمان بئاخنین، سبەینێ پەشیمان ئەبینەوە و ئەو کاتەش پەشیمانی سوودی نیە و تەنیا ئاخ و دەرد و حەسرەتمان بۆ ئەمێنێتەوە و هیچیتر.

= هەروەك ئاگادارن لەم دواییانەدا مۆسیقا تێکەڵی گۆرانی هەورامی بووە، لەم بارەوە بیرو ڕاتان چییە؟

+ من دڵنیام هیچ دەزگایەکی مۆسیقا ناتوانێ لەگەڵ سیاچەمانەدا لێ بدرێ واتە ئەو ئاوازە بەهیچ دەزگایەك ناوترێتەوە بەڵام بۆ هەندێك لەوردە بەزمەکان و هەروەها بۆ چەپڵەکان ئەتوانین مۆسیقا بەکار بهێنین، ئێستاش گرووپگەلێك خەریکی ئەو کارەن کە پێویستە ئەوانیش دڵسۆزانە سەرنجی کارەکە بدەن و شێوە و ریتمی ڕەسەنی گۆرانیەکان نەگۆڕن و نەیکەنە قوربانیی مۆسیقاکە بەڵکو بە مۆسیقاش هەر خودی ئاوازە ڕەسەنەکەی لێبدەنەوە. داواش ئەکەم لەو مامۆستایانەی کەشارەزاو ئاگاداری ڕاز و ڕەمزی مۆسیقان لەو بارەوە یاریدەی هونەرمەندەکان بدەن، ئەتوانم بڵێم ئەگەر کارەکە بەشێوەیەکی ژیرانە و وردبینانە بکرێ، ئەوا کارێکی جوان و بەجێ ئەبێت.

= بەبڕوای ئێوە گۆرانیی هەورامی چۆن داهاتووە و زۆرتر کێ دایهێناون؟

+ گۆرانی هەورامی بەشێکی هەرە گرنگە لە فۆلکلۆری فەرهەنگی کورد و بەتەواوی ناتوانین بڵێین خاوەنی هەر گۆرانیەك کێیە؟ گۆرانی هی هەموو کەسێکە و مافیشی بەتاقە کەسەوە نیە. هەر ژن و پیاوێك ڕووی ئەکردە کێو و هەرد و هەوارگە دڵڕفێنەکانی

هەورامان بۆ ڕاو یان شکار، ئاڵف بڕین یان ڕانەبێرە و یان گیا و گژی بەهار، ڕۆح و هەستی لەو هەموو جوانی و ڕازاوەییە تاسیری وەرئەگرت و تاسنووری لەسەر خۆچوون ئەڕۆیشت. ئەوسا دەمی ئەکردەوە و نەزمێکی وەك بولبول ئەچریکاند بەمجۆرەیە کەئێمە ئێستا خاوەنی ئەو هونەرە مەزن و بەنرخەین. هەڵبەت زۆر کەسی نەناسراویش هەن کە نەزم و ئاوازیان داهێناوە و لەم بوارەشدا ناوی چەند هونەرمەندێکی بەڕێزی وەك: حەیدەر ــ عەلی ــ ڕەشە غوڵام ــ ئوسمان هەورامی ــ وهتد. لەبیری کەس ناچێتەوە. بەڵام ئەگەر کەم و کوڕییەك هەبێت ئەوەیەکە زۆربەی ئاوازەکانمان بێ ناو و ناسنامەن. بۆ وێنە ئەڵێین سیاچەمانەکەی حاجی یاقۆ یان نەزمەکەی مامە حەکیم و ئیتر نازانین ناوی چیە. چیدی ئەو بێ ناوونیشانییە نابێ بمێنێت. من وەك بچوکترین هونەردۆست داوا لەهەموو هونەرمەند و هونەردۆستانی دڵسۆز ئەکەم ئەگەر نەزمێکیان داهێنا ناوێکی بەموسەممایشی بۆ دانێن و هەروەها بەرواری داهێنانەکەی تۆمار بکەن تا لەداهاتوودا ئێمە فەرهەنگێکی هونەریی ڕەسەن و ناسراو و پوختە و پاراومان هەبێت. بەهیوای ئەو دوارۆژە ڕووناکە.

= کاك فەتحوڵڵا حەز ئەکەم بزانم ئێوە بەش بەحاڵی خۆتان لەم فەرهەنگە قووڵ و دەوڵەمەندەی کوردەواریدا، بەشتان چی بووە و تا ئێستا چەند نەزمتان داهێناوە؟

+ من تا ساڵی 1358 (1979) گوڕێکم لەڕێبازی هونەریدا شك ئەبرد و ئەگەر بەرهەمێکیشم هەبێ هی پێش ساڵی 1358 (1979)یە. چەند ئاوازیشم داهێناون کەئەگەر جێی سەرنج و ڕەزامەندیی جەماوەری بەڕێز و بەتایبەت خاوەنڕایان بن، هۆی شانازیمە و ئەگەر بەپێچەوانەش بێ، شەرمەزارم و ئەبێ بڵێم هەر ئەوەندەم بڕست و توانا هەبووە. نەزمەکانی من لەدوو بەشدان. یەکەم نەزمی خاو و دووهەم چەپڵە. بەداخەوە نەگەیشتوومەتە ئاستێك کەبتوانم خۆم لەقەرەی سیاچەمانە بدەم. ئەمەش نەزمە خاوەکانی من:

ئەرهۆ گەلاوێژ ــ ساناو مەگرەوۆ ــ شەوبۆ گیان شەوبۆ ــ غەریبم ــ فریشتەی جوان ــ ئەی دڵی کەم خەیاڵ ــ هەی لایە ــ دەمێکە دڵم زنجیر کراوە ــ هەروایە ــ بێ مەیل ــ

گۆڕینی کۆنە هەواران ــ رەفێقانی تەریقەت ــ سەرعیل عەرزم هەن ــ پەپولەی ناسك ــ دوکتورەکەم ــ خالۆ ڕێبوار (تازە) وەشا کۆی مەکالْ).

نەزمە چەپڵەکانیشم ئەمانەن:

خان سیاوگیان لەیلەکەم ــ ئەی کەڵی ملبەرز ــ کراسەکەت حەریرە ــ کەمەرە کەمەرە ــ ئەر هۆ محتەرەم ــ سوری سوری ــ کیژە کورد ــ ئامین ئامین ــ عەیدەن شادیەن ــ ناسکە چنور گیان ــ قەد باریك نەمری ــ ئەر هۆ سوەیبەلیٚ.(1)

= ئێوە چۆن سەیری سروشتی هەورامان ئەکەن؟

+ سروشتی کوردەواری بەگشتی و سروشتی هەورامان بەتایبەت، بۆ خۆی بەهەشتێکە ڕازاوە و راستەقینە. پێموایە هەر دڵێك بەوردی سەرنجی بداتیٚ، پڕ ئەبیٚ لەسەفا و ئەگەشێتەوە و تەنانەت زۆربەی ئازارەکانیشی نامێنن. نابیٚ بەچاوی ماندوو سەیری ئەو بەهەشتە بکەین بەڵکو هەمیشە لەدڵەوە، لەناخی هەستەوە ببینین. ئەتوانم بڵێم سروشتی هەورامان لەدنیادا تاقانە و بیٚ وێنەیە بەڵام ئەویش هەروەك ئەوانەی کەتیایدا ئەژین، ستەم لێکراو و بەشخوراو و بیٚ دڵسۆزە، لەحاڵێکدا ئەبوا جیٚ نزرگە و ئاواتی گەڕۆکە بەناوبانگەکانی دنیا بوایە. من بەش بەحاڵی خۆم کە ئەچمە ناوی و غەرقی ئەبم، لەهەر بادەنۆشێك مەستتر و سەرخۆشتر ئەبم و زۆرجار بۆ ماوەیەك خۆم لەبیر بردۆتەوە. ئێستاش کەئامراز و کەرەستەی زۆرتر لەدەستی هونەردۆستاندایە، پێویستە سینەماکارەکانی ئێمە سیناریۆکانیان لە سروشتی هەورامان بنوسن و لەویٚ فیلم هەڵگرن تاهەم رادەی سەرکەوتنی هونەرییان لەسەرەوە بێت و هەم

بەمچەشنە بتوانین ئەم بەهەشتە دڵڕفێنە بیٚ دڵسۆزە، جوانتر و باشتر بناسین و بیناسێنین. دیسانەوە بەیادی گۆران کەسەرمەست لەسروشتی جوانی هەورامان ئەڵێت:

((سیاچەمانە، سیاچەمانە　　بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە))

= هەروەك ئەزانن شاخ و داخ و باخەکانی هەورامان مەکۆ و مەڵبەندی زۆر پەلەوەر و گیانلەبەرن وەك کەو، کەڵەکێوی، کەروێشك وهتد. زۆربەی دانیشتوانی هەورامانیش جاروبار خەریکی ڕاو و شکار ئەبن. ئێوە وەك هونەرمەندێك بەو هەستە ناسکەوە، لەو بوارەدا چۆنن؟

+ منیش زۆر هۆگری ڕاوم. زۆرجاریش ڕۆیشتوومەتە ڕاووشکار، تەنانەت کاتی وابووە لەکێوە بەرزەکانی شاهۆدا بەهۆی بەفروسەرما و بەستەڵەك، مەرگم بەچاوی خۆم دیوە و هێشتاش دەستم لەڕاوکردن هەڵ نەگرتووە. زۆربەی کێوەکان بۆڕاو گەڕاوم. لەهەموو ڕاوەکانیش کەوەڕاو (شەڕەبەق)م لاخۆشترە و زۆرتر هۆگریم.

= بیروڕاتان سەبارەت بەهونەر بەگشتی و هونەری مۆسیقا و گۆرانی بەتایبەتی چۆنە؟

+ منی کوردی چەوساوە و نەخوێندەوار و هەناسە تاساو، چۆن ئەتوانم باسی زانستیانەی هونەر بکەم و لێکی بدەمەوە؟ پێشتر وتم ئێمە تا ئێستا تەنانەت نەمانتوانیوە ناو و ناسنامەیەك بۆ گۆرانیەکانمان بدۆزینەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە ناسکەم بێ وەڵام نەهێشتبێتەوە، پێموایە بتوانم بڵێم هونەر تەنیا بەشتێکی دیاریکراو ناوترێ بەڵکوو ژیان خۆی هونەرە. واتە چۆن ژیان هونەرە، چۆن ئاخاوتن هونەرە و... هونەر پێداویستیەکی سەرەکیی کۆمەڵی مرۆڤە بۆ بەقا و مانەوە و درێژەی ژیان، هەرگەلێکی پێشکەوتوو و تێگەیشتویش، بایەخ ئەدا بەهونەر و ڕێزی هونەرمەند ئەگرێ و پاڵپشتی ڕاستەقینەی هونەری تایبەت بەخۆیەتی. کەچی لەوڵاتی ئێمەدا وانیە و زۆر بەداخەوە ئەوەی هەرناو و باسیشی نیە هونەرە بەتایبەتی لەکوردەواریدا هونەر هەروەك هەموو ئاسەوارێکمان ستەمی لێکراوە و بێ خاوەن ماوەتەوە و تەنانەت کارێکیان کردووە کە لنگاوقوچ لەهونەر تێبگەین و لێی بترسین!. هونەر لەلای ئێمە بایەخی پێ نەدراوە، ئەوەیە کە پەرەی نەسەندووە و گەشەی نەکردووە. هونەرمەندی ئێمە هەمیشە تەنیا ماوەتەوە و کەسی لەپشت نەوەستاوە و تەنانەت کەس نەیناسیوە و دەستەیەکیش کەگاڵە بەبوون و نەبوونی ئێمە ئەکەن، کردوویانەتە کارێك تاهونەرمەندەکانمان وەك دەعبایەك پیشانی هەست و بیری ساویلکەمان بدەن و هەرئەوانیش بوونەتە هۆی ئەوەی گەلی ئێمە خۆی نەناسێت و لەگەڵ فەرهەنگ و کلتوری خۆیدا بێگانە بمێنێتەوە. ئەوەیەکە ئەبیسین فلانە هونەرمەند مردووە بەڵام هیچ گوێیشی نادەینێ. ئەزانین فلانە هونەرمەند لە هەژاری و نەداریدا ناچارە کرێکاری بکات و هەر فیفیشمان لێدێ لەحاڵێکدا ئەو هونەرمەندەی ئێمە گەر هی گەل و نەتەوەیەکی تێگەیشتوو بوایە وەك بت ئەپەرسترا و ئەپارێزرا و ژیانیشی دابین ئەبوو. با لەکاك ئوسمان هەورامی بڵێم: هەمومان ئەزانین ئەو بلیمەتە چ خزمەتێکی

هەرگیز نەبڕاوەی بەهونەر کردووە. ئەزانین کەئەگەر ئەو نەبوایە، نیشانەیەك لەسیاچەمانە نەئەما. لەدڵەوە ئەزانین کەئەبێ پێی بڵێین باوکی سیاچەمانە. ماڵی هەورامان نیە دەنگی زەلاڵی ئەو هونەرمەندە بەبەهەرەیەی تێدا بەرز نەبێتەوە. کۆڕێکی شادیمان نەبووە و ناشبێ بەدەنگی ئەو نەڕازێتەوە، کەچی نەخۆش کەوت و گەرووی گیراو و کەسیش ئیتر نەچوو بەلایا و هەواڵی لێ نەپرسی. لەکاتێکدا پێشتر بتی بتخانەی هونەردۆستان بوو، شەو یان ڕۆژ، یان تەنانەت تاکە ساتێکیش نەبووە دەیان کەس بەدەیان ئامرازی تۆمار کردنەوە لەماڵەکەیا کۆنەبنەوە و دەورەی نەدەن. کەچی ئێستا ئێمەی هونەرناس و نەزان هەر ناوێکیشی لێ نابەین. من دڵنیام تا ئەو نامۆییە لەنێوان گەلی ئێمە و هونەری کوردەواریدا هەبێت، ئێمە بەهیچکوێ ناگەین و هەر ژێرچەپۆکەکەی جارانین.

= وەك ئەزانن ئەم وتوێژە هونەریانە بۆ ئەوە ڕێك ئەخرێن تالە داهاتوودا ببنە کتێبێك دەربارەی هونەری هەورامانەوە، لەم بارەیەوە قسەیەکتان نیە؟

+ بۆهەموان ئاشکرایە کە ڕێز و حورمەت و مانەوەی هەر گەلێك ڕاستەوخۆ بەستراوە بەپاراستنی ئەو گەلەوە. ئەگەر فەرهەنگی ڕەسەنی میللیی هەرنەتەوەیەك نەناسراو بمێنێ و بایەخی پێ نەدرێ ئەو نەتەوەیەش لاواز ئەبێت و زوو تیا ئەچێ.

بەپێچەوانەشەوە ئەگەر فەرهەنگەکەی بناسرێ، بپارێزرێ و گەشە و نەشەی پێ بەخشرابێ، ئەوا ئەو گەلەش سەربەست، سەربەخۆ، بەختیار و سەرفراز ئەمێنێ و زیندووە. جیلی ڕابردوو نەوە بەنەوە و سینگ بە سینگ فەرهەنگ و کلتوریان پاراستووە تاگەیشتۆتە ئێمە و ئێمەش ئەبێ بیپارێزین تا دەگاتە جیلی دواڕۆژ. گرینگترین هۆی مانەوەی فەرهەنگیش نوسینەوەیە، ئەگەر دەبینی زۆربەی ئاسەواری ئێمە فەوتاون، هۆی نەبوونی نوسین و نوسینگە و چاپەمەنی بووە، ئێستا کە ئەم کەموکوڕیە نەماوە و هەموو شت لەبەر دەستدایە، ئەرکی سەرشانی ئێوەیە بەنوسین و نوسینەوە فەرهەنگەکەمان بپارێزن و بیخەنە بەردەستی جیلی دواتر. ئەبێ هەر لەئێستاوە بە جیلی پاش خۆمان پیشان بدەین کەچیمان هەبووە و چیمان هەیە؟ باوکەکانی ئێمە چییان کردووە؟ کاروباریان چی بووە؟ دەستکردیان، زمانیان، داب و نەریت و ڕەسم و یاسایان، شەڕو و

ئاشتییان، چۆنیەتی ژیانیان، گیروگرفتیان و هونەر و ئەدەب و فەرهەنگیان کامە بووە؟
بەرەی پاش ئێمە ئەبێ بزانن و دڵنیابن کەگەلی ئێمە فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و کەسایەتیەکی مەزنی هەبووە و بەخوێنی گەشی خۆیان تائێستا پاراستویانە و ئەوانیش ئەبێ بیناسن و بیپارێزن. ئەم کارەش بێجگە بەنوسین مەیسەر نابێ. نووسەرانی ئێمە ئەبێ بنوسن و بنوسنەوە. شاعیرەکان بهۆننەوە، نیگارکێشەکان وێنە بکێشن وهتد. تا ئەم فەرهەنگە دەوڵەمەندە هەم گەشە و نەشە بکات و هەم بپارێزرێت و زیندوو بمێنێتەوە. کتێبی  هەورامان و هونەریش یەکێکە لەو ئەرکە گرنگانەی کەخراوەتە ئەستۆی ئێوە و ئەبێ بەئەنجام بگات تاسوچێکی خالّی لەکتێبخانەی کوردیی پێ پڕببێتەوە و ببێتە هۆی پاراستنی بەشێك لە فەرهەنگی کوردی، دڵنیام هەموو هونەرمەند و هونەردۆستێکی بەشەرەفیش ئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانێ کەیاریدەی بەئەنجام گەیشتنی ئەو گەلاڵە پیرۆزە بدات. هیواداریشم کەلەو کارە بەنرخەدا ئەوپەڕی ئەمانەتداری و راستی و شەرەفی کوردانە لەبەرچاو بگرن و سەرکەوتووبن و جیلی داهاتوو لەو کارە گرنگەتان کەڵك وەربگرێ و دیسانەوەش ئەڵێم کەئەو کارە پێویستیی بەیاریدەی هەمەلایەنەی هەموو هونەرمەند و هونەردۆستێکی خاوەن هەست هەیە و ئەو ئازیزانەش نابێ و نالوێ خۆیانی لێ لادەن و سەرنجی نەدەنێ. ئەو کتێبە وەك فەرهەنگێکی بەسوود ئەبێت. من چاوەڕوانی ڕۆژێکم کەئەو فەرهەنگە بەنرخە چاپ کرابێت و کەوتبێتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە.

= کاك فەتحوڵڵا لەکۆتایی ئەم قسەو باسەماندا ئەگەر قسە و پەیام و پێشنیارێکی دیکەتان بۆهونەرمەندان هەیە تکایە بفەرموون؟:

+ خۆم بە بچووکتر لەوە ئەزانم کەبتوانم پەیام بنێرم بۆ هونەرمەندانی هێژای کورد. تەنیا ئەوە دەڵێم کە خاکی ژێرپێی هەموو دڵسۆزێکی فەرهەنگی کوردیم و ئاواتم ئەوەیە ئەم فەرهەنگە رەسەن و دەوڵەمەندەمان تاهەتایە سەربەرز بمێنێ و هەمیشە لەگەشەونەشە و بەرەو پێشچووندا بێت و بەپێویستیشی ئەزانم لەناخی دڵەوە سەپاسی هەموو ئەو دڵسۆزە خۆشەویستانە بکەم کە بەهەر چەشنێك ئەبنە هاندەری هونەرمەندانی کورد و رێزیان

لێدەگرم. بابەزمانی مامۆستا (هێمن)یشەوە بڵێم:

" بۆت نوسیوم بۆت بنوسم ئەمن چیم
دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەڵگوردنیم
بەرەو بەرزایی ئەچم گەرچی وردم
خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم"

پاشانیش وەك دوایین وتەم ئەم هۆنراوەیەم ئاراستەی خۆتان و هەموو کوردێکی بەشەرەف ئەکەم و بەختەوەریتان بەئاوات ئەخوازم.

دانای پەڕکەماڵ بەحر ئەقڵ و فام
بولبول شەیدا شاعیر وەشنام
نەمام نۆبەر پەڕسایە و سەفەر
دەردەدارەکەی جەدەرد باخەبەر
سەرپەڕ جەسەودای نیشتمانی بەرز
زکر کوردستان دایم جەلا فەرز
مەحرەم وەحەرەم سەرای دڵی رێش
ئەیووب سەبوور، کوردی جەفاکێش
بمانی بەشاد بەسەرفرازی
خوای کوردانت لێ ببو رازی
برام ژنەفتم بەتاجیل و تاب
کەوتەنی خەیاڵ نویسای کتاب
پاسە دیارەن جە نزیك و دوور
( هەورامان هونەر) سەحنێن پەی زوهوور
فکر بیکر تۆعالی و مومتازەن
پەرێ هەورامان کارێوە شازەن
کارێ مەکەریش خەیرا پەی یاران
گوڵزاری هونەر سێرا پەی سەیران

سەرداریَ مەشهوور چون کاکە ئوسمان

پەی چی تاریفش نەلۆ وە ئاسمان

شعر شاعیران، فەرهەنگ کوردی

ئەو پەخش کەردەن پەی گەورەو وردی

چندساڵەن وەی تەور ئەمانەت دارەن

خەتاش نەکەردەن جەبەد بێزارەن

جاتاریفاتش پەی چێش نەکریۆ

تەپڵی خزمەتش تاکەی نەزڕیۆ

(ئەمینی) مەمنون ئی زەحمەتو تۆن

مانیای رۆژگار بیَ تان و بیَ پۆن

هەرجامەوینو هەر کەسێو کەسەن

یەك ڕەنگ و یەك ڕو هونەرش دەسەن

مشیۆ گیرۆدەی هەزار بەڵابۆ

گەردون نمازۆ ساتیَ دڵشاد بۆ

وەەلحاسڵ برام، ئازیزم (جەلیل)

هونەرمەند کەوتەن بیَ دەلیل زەلیل

باگوڵزارەکەت رەنگیَ بنمانۆ

مەڵهەمە نەڕوی زامان بشانۆ

باقی وەسەلام نەمام نۆڕەس

سورمەی کوی توورباى نەبی وە((قەقنەس))

*

پەراوێزی دیداری پێنجەم:...

1_ ئەم دیدارە پایزی 1986 لە مەریوان تۆمار کرا، دیارە کاك فەتحوڵڵا ئەمینی وەکوو هونەرمەندێکی رەسەن و بە توانای داهێنەر، لە کار و چالاکی و هەوڵ و کۆششی هونەری رانەوەستاوە و هەردەم خەریکی نوێگەری و داهێنان بووە، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ

(بەهاری 2007) چەندین بەزمی دیکەی گۆرانیی رەسەنی پێشکەشی خەرمانی بە پیتی هونەری هەورامان کردوون.

* * *

.

**دیداری شەشەم**

**رەشە غوڵام**



" گەلێ پیرە بەڵام هێشتا هەر کەڵەگەت و بەهەیبەت و ڕێکوپێکە،
لەبەرهەیوانێکدادادەنیشێت کە دەڕوانێتە ناو باخێکی چڕوپڕ بە جۆگەلە ئاوێکی ساف و زوڵاڵ کە بەبەردەمیدا دەڕوات، هەرکاتێکش هەستێتەوە، ئەوا لەبەرامبەریدا شاخی گەردەنکەشی کۆساڵان و لووتکەی بەرزی (تەوەن میر) دەبینێ کە ساڵەهای ساڵی تەمەنی لە ئامێزیدا بردۆتەسەرو ناخی پڕە لە بیرەوەریی لاوێتیی خۆی و سەرکەشیی ئەو شاخە هەرە بەرزە.
ئێستا کوڕێکی مەیلەو چل ساڵەی هەیە خزمەتی دەکات وماڵەکەی لە (ئەحمەد ئاوا)دا بۆتە ژوانگەی ئەویندارانی مۆسیقای ڕەسەن و دێرینی کورد و هۆگرانی سیاچەمانە، بۆتە قوتابخانەیەك بۆ گۆرانیبێژە گەنجەکان و ئەویش بە سنگێکی فراوان و ڕوویەکی خۆش، جارجار بە هۆنراوەیەکی مەولانا مەولەوی و جاروباریش بە هەناسەیەکی گۆرانی پێشوازییان دەکات. ڕەشە غوڵام وەستاو مامۆستای ڕاستەقینەی سیاچەمانەیە، ئەم جیهانە بەرینەی مۆسیقا بە بێ چریکەی (تەقەی تەوەن میر) و (لارەکاو)ی ئەو چۆڵ و بێدەنگ دەنوێنێ.
ئەم چاوپێکەوتنەم بە هاوکاریی کاك ئەمین دەمەیەوی کە یەکێکە لە هۆگرانی سیاچەمانەو قوتابیانی قوتابخانەی ڕەشە غوڵام لە 1988/12/20 و هەر لە ماڵەکەی خۆی لە ئەحمەد ئاوادا لە گەڵی سازدا و چەند چریکەیەکی دیکەم لە قاڵبی شیعروگۆرانیدا لە گەڵی تۆمار کرد و ئەرشیڤەکەم پێ دەوڵەمەندتر کرد. بەداخەوە پاش تەمەنێکی درێژ و پڕ یادەوەری (زۆرتر لە سەدەیەك) ڕێکەوتی 1991/10/15 دڵە پڕلە کوڵەکەی لە لێدان کەوت و بوو بە میوانی هەتاهەتایی خاك. بیستنی ژیاننامەو بەسەرهاتەکانی هەر لە درامایەك دەچێت کە بیسەر تووشی سەرسووڕمان دەکات:...

+ با دیدارەکەمان بە پێناسەیەکی خۆت دەسپێبکەین؟

- ناوم محەمەد رەشید غوڵام نژاد کوڕی غوڵام، بەڕەشە غوڵام دەناسریم، لە گوندی (تفڵی) لای سەوڵاوا لە دایك بووم و ئێستاش لەگوندی ئەحمەد ئاوادام. نازانم تەمەنم چەندە وچۆن و کەی چاوم بەم دنیایە هەڵێناوە ( نەخوێندەواری خەجاڵەت بێت ). هەرئەوەندە دەزانم تەمەنێکی زۆرو ڕۆژگارێکی دوورو درێژم

تێپەڕ کردووە، بۆمەرگی حەمە شای قاجار گریاوم و شەڕی یەکەمی جیهانیش لەلام وەکوو دوێنێیە، هەرزەکاربووم و لە ئەنجامی شەڕەکەم دەپرسییەوە.

+ وەکو ...؟

- وەکو شکستی ئەڵمانیا، وەکو هۆکارەکانی دەست پێکردنی شەڕ، وەکوئەو هەموو کوشت و بڕەی کە من پێموابوو لەراستیدا لەسەر(هیچ)ە شێتۆکەیی و نامەردی و دڕندایەتی نەبێت.

+ ئەی باشە چۆن ماڵ و منداڵ و نەوەو نەتیجەت دیار نین ؟

– من درەنگ ژنم هێناو درەنگ ژیانی هاوسەریم پێکەوەنا (باسێکی زۆر دوورو درێژی هەیە) ئێستاش هەرئەو کوڕەم هەیە، لەوانەیە تەمەنی لە(45)ساڵ بەرەو ژوورتربێت.

+ شتێکم لەو بەسەرهاتە بیستووەو بڕوام نەکردووە، دەکرێ خۆت ڕاستییەکەم پێ بڵێی ؟

–... (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت)... نەوجەوان بووم، تازەدەمویست پێبگەم، بەڵام کەڵەگەت و چوارشانەو سوارچاك و تەرپۆش، شەنگەلاوێك شا بەکالیار نازانێت(1) ئەسپێکم هەبوو، چ ئەسپە کوێتێك! شەو و ڕۆژ بەو کێوو بەندەنە بەهەشت ئاسایەی هەورامانەوە دەگەڕام، ڕاوم دەکردو ڕام دەبوارد، بایەخم بەهیچکەس و هیچ شتێك نەدەدا (یاخی هەی یاخی ) وزۆریش بەخۆم ڕادەگەیشتم. ڕۆژێك ڕێم کەوتە هەزارخانی (2) ئەویش بەڕاسپاردنی حەمەعەلی بەگ بۆ کارێکی تایبەتی، گەیشتمەلای ماڵی پیرەژنێك لەخوارووی ئاواییدا، لەبەردەرکە دانیشتبوو و چاوی بڕیبووە من، منیش شێتانە چاوم بڕیبووە شۆخە ژنێك کە نانێکی زۆری لەسەرشان نابوو بەرەوماڵی پیرەژن دەهات، شۆخە ژنی چی.. عەرعەری باڵا! سەرتەڵی ڕەیحان(3) ! دەتگوت لە پەرییەکانی بەهەشتەو ڕێی لێ ون بووە بۆ سەرزەوی، هەر خۆی شاجوان و شۆخە ژن بوو، من وەکو جادوو کرابم، ئاگام لە خۆم نەمابوو، لەناو جوانیی ئەو شۆخەدا خنکابووم، پیرێژن ئاگای لێیە و تێدەگا کە منی جحێڵ بە تیری برژانگی خوای جوانی ( ئەو شۆخە، ئەو شای پەرییانە) پێکراوم، بۆیە ئاخێکی هەڵکێشاو دیتم پووکەڵاوێکی لە خۆی گرتووە و بەحەسرەتەوە بەشۆخەکە دەڵێت:

(( رووی ڕۆژگار ڕەش بێت، ڕۆڵە بەشی من و تۆش هەر دەبێ وابێ))! ڕووی تێکردم و بە تەوسەوە وتی: ((ئەرێ شۆڕەلاو، بۆ نایەیتە بەرەوە با ئەو شۆخەت لێ مارە بکەم؟!)) کە ئەوەم بیست گێژ بووم، وڕوسەرسام لە دڵی خۆمدا دەمگوت: خەون دەبینم.. جا چۆن ئەو گوڵە پێم ڕازی دەبێت.. من لە کوێ و ئەو پەریی بەهەشتە لە کوێ؟.. پیرێژن گوڕاندی بەسەرمدا: ((ئەوە چیە؟.. هەتیوە بۆ وا لاڵ بوویت.. ئەوە تۆ بەردی متەقت لێوە نایەت؟)) بە ترس و بێ بڕواییەوە وتم: گاڵتەم پێدەکەی پووری.. شتی وا چۆن دەبێت؟ وتی: بەسەری نازداری هەردووکتان گاڵتە ناکەم، ئەگەر بتەوێ لێتی مارە دەکەم و کەر دەنێمە خێوی خاوەن مێردی! گوڕاندی بەسەر شۆخەکەشدا: کچەتیو، گورج ئەو نانی سواڵە(4) بەرە فڕێیدەیە کاولبووەکەی ئەو.. بابە و بگەڕێوە لای پووری خۆت، شەرت بێ نەهێڵم چیتر بەلای ئەو.. بابەیەوە بەو کوڵەمەرگییە بژیت. شاجوان بە بزەیەکی بەهەشتیەوە ڕۆیشت و هێندەی نەبرد گەڕایەوە. دیار بوو شادییەك گیانی ئەویشی هەژاندبوو، وێنەی لە دنیا و لە قیامەتیشدا نەبوو...! وتم: پووری، شەرتە منیش بۆ تاهەتایە ڕەنجبەریی خۆت و ئەو فریشتەیە بکەم. وتی: ((ڕۆڵە ئەو شۆخە کەوا دڵی بردووی ناوی (خورشید)ە و برازای منە. هەتیو بووە و من بەخێوم کردووە، ئێستا ژنی شوانی دێکەیە و دەبێ هەموو ئێوارەیەك بکەوێتە ماڵەوماڵ کردن بۆ سواڵی نان، دەی توخوا حەیف نییە؟)).. با سەرت نەیەشێنم، ئێمە بەڵێنی ئەوین و ژیان و مەرگی پێکەوەمان داو بڕیار درا لە مێردەکەی جیابێتەوە و من بیخوازم. هەر هەمان شەو تەڵاقی لە مێردەکەی سەند و لێی جیابووەوە! بەڵام سەد ئەسەف.. ئاواتی ئێمە قەد نەهاتەدی، من کردم و چارەنووسی شووم نەیکرد، من کردم و خوا نەیکرد، هەی..! نەبوو، کە نەبوو!(60) ساڵی ڕەبەق چاوەڕوان و ئاواتەخوازی یەکدی بووین و پێك نەگەیشتین، (60) ساڵ بە (60) قورئان، بە (60) مەلایکە، بە (60) مەلا، بە (60) پێغەمبەر...، کوڕە چی بڵێم؟! شێت و هار بووین، ناومان زڕاو دنیا دەنگی دایەوە و هەر پێك نەگەیشتین! لەگەڵ هەرجارەو ئامادەبوونی ئێمەدا شتێ ڕووی دەدا، مردنی کەسێك، شەڕێکی قورس، ئاڵۆزییەك و.. ڕەنگبێ هەزاران جار بە سواری ئەسپە کوێت هەموو هەوارەکان

گەڕابین، هەزاران جار لەو کێو و بەندەنەدا شەومان بەسەردا هاتووە و لە ژێر ڕەشتیەکەی مندا و لە ئامێزی یەکدی نووستووین. بنبەرد و ئەشکەوت و لاسێبەر و کانی و باخ نەماوە پڕنەبووبن لە چریکەی ئەویندار‌یمان، دڵنیاش بە، هەموو بەرد و داری ئەو هەورامانە شایەدی داوێنپاکی و لانەدانی ئێمەن. نەمانهێشت تۆزقاڵێك گەردی تاوان و خەیانەت، ئاوێنەی خۆشەویستیمان بگرێت. ئەو دەبووە گوڵزارێك و منیش وەکو بولبول بۆم دەچریکاند. زۆرجاریش وەکو بولبول و قومری پێکەوە چریکەمان بەرز دەبووەوە. بەڵێ.. ئێمە کردمان و چارەنووسی شوومی ئێمە نەیکرد، تا سەرەنجام پاش تەمەنێکی دوورودرێژی نیوسەدەیی،(خورشید)ی ڕۆشنیبەخشی تەمەنی من، بە ناکامی مرد و منی ناکامی هیوا بڕاوی بە تەنیا جێ هێشت! من مامەوە و شێت و هاری و سەوداسەرییەکی کوشندە و خەم و حەسرەتێکی جەرگبڕ، ببومە دێوانەی کەژ و کێو و چەمەریم هەردەم بەرز بوو. خزم و کەس و کار بەدەممەوە بوون و لایان چۆڵ نەدەکردم. پاش (5 ـ 6)ساڵ ژنم هێنا، ئەویش بە زۆری کەس و کارم، ژنەکەشم بەڕاستی جوان و شا ژن بوو، بەڵام قەد خورشیدم لەبیر نەدەکرد و دڵنیام یادەوەریەکانی لەگەڵ خۆمدا دەبەمە ژێر گڵ.

+ دیارە لە ئەشقی خورشیددا بوویتە گۆرانیبێژ؟

= هەربە مێرد مندالّی دەنگم خۆش بوو و گۆرانیم خۆشدەویست، بەڵام خورشید هانی دام و پەروەردەی کردم منیش بەئەشقی ئەو لەسەری ڕۆیشتم و لەماوەیەکی کەمیشدا ناوبانگم دەرکرد.

+ گۆرانی (ئامان خورشید گیان) هی خۆتە و دیارە بۆ خۆشەویستی ئەویشت داناوە، باسی چی دەکات؟

= ... (هەناسەیەکی دیکە)...چی بەزمی گۆرانی بووە، بۆ خورشیدم وتووەتەوە، هەر بەزمانی گۆرانی قسەم لەگەڵ کردووە، بەڵام (ئامان خورشید گیان) وەکوو دوا خاڵی ڕەشی سەر دوا دێڕی داستانی ئەشقی ئێمە بوو، ئەی نەتبیستووە زۆربەی شاعیرەکان مەرگی خۆشەویستەکەیان لاواندۆتەوە؟ منیش هەر تەنیا بە زمانی گۆرانی دەمتوانی کۆستی کوشندەی ئەو کۆچە جەرگبڕەی بلاوێنمەوە، یەك ساڵ بەشەو و بە ڕۆژ

کێلەکەیم لە ئامێز گرتووە و پڕ بە ناخم ئەو شیوەنە گۆرانیەم چرپیوە و کوڵی دڵی کلۆڵی خۆم پێڕشتووە:

ئامان توخا خورشید گیان... لوولەی دارچینی

ئاخ تو عاجزە نەبی... جە شەونشینی

وەی ڕۆ جەشەونشینی

ئاخ شەوگارم شەق کەرد... بە شەونشینی

خۆ ڕەنجم بی وە ڕەنج... فەرادوچینی

ئەی ڕۆ فەرادوچینی

توخا با هەر بناڵو... چارەم سیاوەن

ئاخ من زەلیل مەنەو... خورشید نەخاوەن

وەی ڕۆ خورشید نەخاوەن

... ...(5)

+ کێ فێری گۆرانی کردی و چۆن دەستت پێکرد؟

- وەکو پێشتر گوتم، هەر ئەو کاتەی مێرمنداڵ بووم هە ستم بەوەکرد کەدەنگم خۆشە و گەرووشم بۆ گوتن لەبارە، کەدەستیشم پێکرد لێی دانەبڕام و درێژەم دایە. هەرکەسێك تۆزقاڵێك زەین و چێژی هونەریی هەبێت ئەوە ئەو سروشتە خۆش و دڵکەشەی هەورامان دەبێتەگەورەترین هاندەرو مامۆستای و پێیدەگەیەنێ . من پێموایە لە هەوراماندا هیچ هونەرمەند و وەستایەك پێویستی بە مامۆستا نییە بەمەرجیك خۆی چێژو زەوقی هەبێت، منیش نەکەس فێری کردووم و نەبۆ کەسیشم وتووە، کاتێ خۆم و گۆرانیم ناسی، دەستم پێکرد و ئیتر لەماڵەوە، لەناوباخدا، بەکەژوکێوانەوە، بەتەنیا، لەناوجەماوەردا گوتوومە. من خولیای سێ شت بووم، یەکەم : ئافرەت و جوانی، دووەم: ڕاو و سواری. سێیەم: سیاچەمانە. ڕاوم بۆ خەڵك کردووە، بەڵام گۆرانیم بۆ خۆم وتووە. زۆرجار هەر بەدەم سیاچەمانەوە بزنە کێویەکم ڕاو کردووە و هەرئەوەندەش خاوەنی بووم کە کوشتوومە، بەڵام نەدابەزیوم و نە گۆرانیەکەشم بڕیوە، ئەگەر ـ پاشایش بهاتبایە

لام دەمم نەدەکردەوە و لەهەمان کاتدا کاتێ دەمگوت، ئەوەندە نوقمی عالەمی گۆرانیەکە دەبووم پاشاش بهاتبایە نەمدەبڕییەوە، ئەوەندەش سووك و بێ مەعنا نەبووم گۆرانی بۆ ئەم و ئەو بلێم، بۆ ئافەرینێك یا بۆ پارووە نانێك! گۆرانیم ناسیوە و بایەخم پێداوە و بۆ خولیای خۆمم وتووە، دەتوانم بلێم من و گۆرانی پێکەوە ژیاوین.

+ زۆرتر دەنگی کامە گۆرانیبێژی کۆنت بە دڵ بووە و لەگەڵ کێدا گۆرانیت وتووە؟

= دەنگی مامۆ حەمە (حەمە قوڵتە) و حەمەعەلی بەگ و لاوەی دەلی ـ م پێخۆش بووە و گۆرانیم لەگەڵ وتوون، بەڵام کەم. نەمویستووە لەگەڵ هەموو کەس دابنیشم و گۆرانی بلێم، خۆمم لە هەڕەمەکی وتن پاراستووە. دار و بەرد و هەوارگەکانی هەورامان وەك چۆن نیشانەی ڕاوشکاری منیان پێوەیە، ئاواش شایەدی سەربەستی و بەرزەفڕی و سەربەخۆیی منن، من بەزمگێڕی شایی و زەماوەند و کۆڕی ئاغەو میرو مەلاو شێخ نەبووم، خۆم بە هونەرمەند زانیوە و بایەخم بە خۆم و هونەرەکەم داوە و سووك و هەرزان سەیرم نەکردووە، ئێستاش کە دەبینی جاروبار لەگەڵ ئەم گۆرانیبێژە لاوانەدا وەکو ( ئوسمان هەورامی و عەلی گوڵپی و عەتا و ئەمین دەمەیەوی ) دادەنیشم، لەبەر ئەوەیە ئاوارەن و دڵیان پێخۆشە و دەشمەوێ زۆرتر بەزمە کۆن و ڕەسەنەکانیان فێر بکەم و بیانخەمە سەر شاڕێگەکە، چونکە هێشتا شارەزایی تەواویان نییە. ئوسمان زۆر باشە و من لەمەو دوا لەگەڵیدا گۆرانی دەڵێم.

+ ئەی باشە زۆرتر کامە بەزمت خۆشویستووە؟

= چەپڵەم خۆش ناوێت و قەت نەموتووەتەوە، وردە بەزم و خاویش کەمتر، بەڵام شەیدای سیاچەمانە بووم و هەرچی بەزمی ڕەسەنە وتوومەتەوە و بایەخم پێداوە، بەتایبەتی بەزمی ئەوانەی پێشتر ناومان بردن و هی خۆم و بەزمی (دەروێش ئەمین)م پێخۆش بوون، دەروێش ئەمین گۆرانیبێژی (جافرسان) بوو، سەردەمێکیش پێکەوە لە ـ کلاش و بنجۆ ـ چەتەی دەوڵەتی بووین و پێکەوە دەمانگوت. دەروێش ئەمین شیعری خۆی هەبون بۆ بەزمەکانی خۆی. کاتی خۆی عەباس خانی جوانڕۆ هێرشی کردە سەر لهۆن و پیاوی جەنگاوەری زۆریشی لەگەڵ بوون، جافرسانیش زۆردەترسا کە لهۆن

بشکێت. لە گەرمەی شەڕەکەدا دەروێش ئەمین ئەم دێڕە شیعرە بە سیاچەمانەیەکی هەرە حەزین دەڵێت:

(جەردە یەکێوەن قافڵە هەزار

بە بارو نابار بار مەدان وە شار)

یان مامە حەمە (قولتە) سیاچەمانەیەکی زۆر دڵگیری هەبوو کەهەمیشە بەم دێڕە دەستی پێدەکرد:

( قوفڵی قاپی گەنج زڕەی بان زنجیر

هاڕەی لەرزانەی بن دەرزی و لاگیر)

ئەوانەم لا خۆش بوون و زۆرم وتونەتەوە، ئیتر نەهاتووم هەرچی بەزم و بالۆرەی بێ باییە وەکو گۆرانی بیڵێمەوە. سەرنجم داوە کامە بەزم قورس و ڕەسەنە ئەوەم وتووەتەوە و زۆرتریش بایەخم بە گۆرانی تایبەتی ڕاو و شکار وسروشتی هەورامان داوە.

+ ئاماژەت بە بەزمی خۆت کرد، خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ناویان بەریت؟:

- داهێنانی بەزمی سیاچەمانە کارێکی زۆر قورس و ئاستەمە، هەر مەگەر کوڕی خۆی ئەو توانایەی هەبێت ئەویش دەبێ ڕۆح و گیانی لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندیی هەوراماندا گۆش کرابێت، من خۆم سێ بەزمم هەن ، یەکیان هەمان بەزمی خاوی (ئامان خورشید گیان)ە و دوو سیاچەمانەش بە ناونیشانی (لارەکاو) و(تەقەی تەوەن میر) کە هەردوو لەگەڵ بنەما ڕەسەنەکان و هەرواش کەشوهەوای تایبەتی هەوراماندا یەکدەگرنەوە ، خۆم بە تایبەتی تەقەی تەوەن میرم پێخۆشترە وبیرەوەریی زۆرم لێی هەیە لەگەڵ ڕاو وشکاردا، ( تەوەن میر) سەختێکە لە کۆساڵان شوێنی تایبەتی ڕاوچییان بووەو منیش ڕەنگبێ نیوەی زۆرتری تەمەنم لەوێ بە ڕاوی کەڵە کێوی بە سەر بردبێت. (ساکاو) لووتکەیەکی بەرزی بەرانبەری تەوەن میرەو (بەدهۆ)ش دەڕوانێتە گوندی دەرەکێ. ئەوسێ لوتکەیە لەسێ قوڵەوە دەڕواننە یەکترو ئەگەر بەسەر یەکێکیانەوە تەقە بکەیت هەر سێکیان دەنگ دەدەنەوە . دێڕی سەربەندەکەش خۆم دامناوە وبەزمەکەش

گەلێ یاخی و سەخت و سەرکەشە و تائێستا کەس نەیتوانیوە بیلێتەوە و تەنانەت ئوسمان هەورامیش هێشتا حەقی خۆی نەداوەتێ و بەجوانی دەستەمۆی نەکردووە:

( توخای .. تەقەی تەوەن میر ..خواڵەوەی .. ئای ..ناڵەی .. ئاوەشۆ..

ئازیز لەیل

ئەرێ.. دەنگ داوە وەدەنگ .. لامل زەرد ..ساکاو ..و بەدهۆ..

ئازیز لەیل).

- کورە دەنگم نووساوە، تازە پیر بووم و کەڵکی هیچم پێ نەماوە.

+ شیعرەکەی مەولەویم دیتەوە بیر: (ها پیری ئاما وەپیریمەوە...)؟

= تەکش دان وەلای زویریمەوە.. وایە، ئەوە منم. من هەردەبێ ئاخ هەڵبکێشم، ئاخ بۆ کاتی لاویم، بۆ شەڕەبەق و کەڵەڕاو، بۆ ئەو هەموو خۆشییەی ڕام بوارد، بۆ ڕێزو حورمەتم لای شێخ و ئاغەو خان و مەلاو، بۆ ئەشقی خوایی و بێ سەرەنجامم، بۆ ئەو هەڵمەت و گوڕو تینەی کە ئێستا پێم نەماوە. من بە ڕێزو سەربەرزی ژیاوم، تا ئێستا نەمکردۆتە کارێك هیچ ئەحەدێك فیزو دەمارم بەسەردا بکات، لەوانەیە لە سەدان شەڕو کێشەدا بەشداریم کردبێت، هێشتاش هیچ کەسێك نەیتوانیوە بەردیك، دارێك، شەقەزلەیەك یان چەقۆیەکم لێبدات، ئازاری کەسیشم نەداوە و کەس ناوی بە خراپە نەبردووم، کەچی ئەم پیرییە بێ پیرە

کەلەلای کردووم و تەنانەت هەناسەی گۆرانیشی لێ بڕیوم .

+ جەنابت بە ڕەشە غوڵامی ئەحمەد ئاوا دەناسرێی، بۆخۆشت لە گوندی تفڵی ژیاوی، لەم بارەیەوە چیدەڵێی ؟

- ڕاستە،ماڵم لە تفڵی بووەو لەوێش گەورەبووم، دواتر ئەم شوێنەم دیت و سروشت و کەش و هەواکەیم بەدڵ بوو ، بۆیە بە تەنیا هاتمە ئێرەو ماڵم کردەوەو ئێرەم ئاوەدان کردەوە و هەر خۆشم ناوم لێنا ئەحمەد ئاوا و تائێستەش هەر لێرە ماومەتەوە، بۆیە ئەو ناوبانگەم دەرکردووە.

+ دەبێت مەولەویت لە نزیکەوە دیتبێت..؟

- ناء.. نە مەولەوی و نە هیچ زانایەکی تریش، من کابرایەکی نەخوێندەوارو کەژەوان بوم و خۆم تێکەڵی هەندێ شت نەکردووە، بڕوام وابووە کە دەبێ لەگەڵ هاوشان و هاوسەنگی خۆمدا هەڵسوکەوت بکەم، نەك لە خۆم زیاتر، ئەویش مەولەوی! بەخۆمم وتووە ئەگەر بڕۆمە دنیای دۆستایەتی و کۆڕو کۆمەڵی شێخ و مەلای خوێندەوار یان شاعیرو زانایان، لەوانەیە قسەیەك بکەم پێم پێبکەنن و پێی سووك ببم، کەوابوو وەك فارس دەڵێت: ((کۆتر لەگەڵ کۆترو باز لەگەڵ باز)) باشترە. ناوبانگی مەولەوی ، ئەحمەدبەگ و عەبدوڵڵا بەگ و .. م بیستووە، بەڵام قەت هەولّم نەداوە تێکەڵیان ببم، حەزیشم دەکرد خوێندەوار بوومایە با لەگەڵ ئەو تاقمەشدا دۆستایەتیم بکردبایە، بەڵام ژیانی کوردەواری .. ئەویش لەو سەردەمەی ئێمەدا هەی هوو...!.

+ چۆنە لەگەڵ ئەو تەمەنە درێژەدا ئاوا بەگوڕ ماویتەوە؟

– جا ئەمە مانەوەیە؟ کوڕە من دەمێکە مردووم و بە خۆم نەزانیوە، ئێستاش ئەوە نیە ئیزراییل بە ئاشکرا بەدەورمدا هەڵ دەقونێت و گاڵتەم پێدەکات، من زۆر پیرم، جوان لە بیرمە، هەر دەڵێی دوێنێ بوو حەمەشای قاجاریان کوشت ..

+ خۆ مەبەستت محەمەد شای یەکەم نییە ؟

- نا برا نا.. محەمەد شای یەکەمی چی؟ راستە دەڵێم پیرم ، بەڵام نەك ئەوەندەی نووح!

+ دڵنیایت حەمە شا بوو؟ لەوانەیە ئەحمەدشا بووبێت و ..

- ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ کوڕە ئەحمەدشا (منداڵەکە)، خۆ هی دوێنێیە.

+ باشە بڕۆینەوە سەر باسەکەمان؟

– ئەگەر حاڵ و وەزعم باش بوایە، زۆر شتی سەیرو سەمەرەم بۆ دەگێرایتەوە، بەڵام ئەم نەخۆشییە پەکی خستووم و تەنگی پێ هەڵچنیوم و هەموو شتی لە بیر بردوومەتەوە. هەرچەندیش لەژیانمدا تاکو ئێستا نە حەبێکم خواردووە و نەددانێکیشم کێشاوە، بۆیەش باش ماومەتەوە، کەچی ئێستە هەم گوێم گران بووە و هەم چاوم

کزبوون و هەم ئازای ئەندامیشم دێشێ، بە قەولی مەولەوی (هەر وەزۆر مەنەن ڕای ئامای نەفەس) .

+ دیسان دەگەڕێمەوە لای حەمەشا ..؟

= گەنج بووم و خۆشم رادەبوارد، ئەسپێکی چاکم هەبوو، ڕۆیشتبووم بۆ ئەو کەژی کۆسالانە بۆ گەڕان و ڕۆژ بەسەر بردن،چریکەی سیاچەمانەم بەرز ببووەوە، کابرایەك لەژێردا هات و گەیشتە لام ناوی ئەحمەد بوو، بەگرژییەکەوە وتی: ئەوە چییە ڕەشە، دەڵێی تازەزاوایت و شایی دەگێڕی؟ پرسیم بۆچی مامە ئەحە ئەی خراپە؟ وتی: ((ئەی کورە نازانی حەمەپاشایان کوشت ؟.. ئای لە جەوانی ئەم ڕۆژگارە !)) من بە بیستنی ئەم هەواڵە گێژ بووم، بەسەر ئەسپەکەوە دابەزیم وچۆکم دادا و بەدەنگی بەرز تێروپڕ گریام و شیوەن و بابە ڕۆم بۆ مەرگی پاشا کرد. هێشتاش لە بیرمە چۆن بەکزی و بەکوڵ بۆی دەگریام.

+ ڕات لەسەر گۆرانی چییە، ئەم بەشە لە جیهانی بەرینی هونەر چۆن دەبینی؟:

= گۆرانی شاڕەگی هونەرە، بەڵام هەرتەنیا گۆرانی نییە... چۆن بژی، خۆی هونەرە. خزمەتکردنی کۆمەڵ هونەرە، زەحمەت کێشان هونەرە، خۆ پاراستن لە خراپە و خۆ پێگەیاندن هونەرە، گۆرانییش دەبێ ڕەسەن و هونەری بێت، هونەرمەند دەبێ ئازا و زانا و جوامێر بێت، دەبێ جامیع بێت، بۆدەستی خەڵك نەڕوانێ، لاسایی نەکاتەوە، خۆی هەرزان فرۆش نەکات، دەبێ زۆرشت بناسێت و شارەزایی هەبێت، بەتایبەتی لەسەر خۆی و مێژووی خۆی، دەبێ بایەخیش بە هونەرەکەی بدات. من نازانم ئەگەر گۆرانی ڕەسەن نەبێت مرۆڤ چۆن هەستی خۆی دەردەخات و چۆن زاخاوی مێشکی خۆی دەدات و چۆن کڵوکۆی دڵی خۆی دادەمرکێنێ؟، دیارە مەبەستم گۆرانیی ڕەسەنە نەك هەر بەزموبالۆرەیەك. گۆرانی، خۆی مێژوویە، سەربردەی جەماوەر پیشان دەدات، کەوابوو خزمەت کردن و پاراستنی زۆر پێویستە. هونەرمەندی ڕاستەقینەش ئەوەیە کە بزانێت چی دەکات و کۆمەڵگاکەی چیی پێویستە، دەبێ مەردمدار و خەڵك پەروەر بێت و جەماوەر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە نەك خۆی لەکۆمەڵ بەدوور بگرێت و فیزودەماری بەسەردا بفرۆشێت، گەر ئاواش بوو، ئەوە

نەبوونی زۆر لە هەبوونی باشترە. هونەرمەند دەبێ شتێکی لێ بەجێ بمێنێت و جێپەنجەی لەناو کۆمەڵگەکەیدا دیار بێت نەك بکەوێتە شوێنی ئەم و ئەو و هەر خەریکی دەرۆزەو لاسایی کردنەوە بێت.

+ بەڕای جەنابت سیاچەمانە چییە و کەی و لەکوێوە هاتووە؟:

= سیاچەمانە هاواری ڕەسەنی هەورامانە و هەرلەگەڵ بنەڕەتی هەورامانیشدا هەبووە، گەلێ کۆنە، بەڵام بەدروستی نازانم بڵێم لەکوێوە هاتووە... هەرئەوە دەڵێم کە ڕەسەنترین میراتی پێشینانی هەورامانە. قسەکانی جەنابیشت کە دەڵێی هیی سەردەمی حەزرەتی زەردەشتە زۆر ئاوەز پەسەندە، بەهەر حاڵ سیاچەمانە پیرۆزترین دەنگی زوڵاڵی خەڵکی هەورامانە.

+ ئەی چۆن هەندێك ئەڵێن لە یۆسۆئاسکەوە دەستی پێکردووە؟:

= جا خۆ یۆسۆ ئاسکە هی دوێنێ بوو. سیاچەمانە بەحەفتا پشتیش هی پێش ئەردەڵانەکانە، من بیستوومە کە یۆسۆئاسکە دەنگی زۆر خۆش بووە و ئەویندارى خاتوو کڵاوزەڕی لای ئەحمەدخانی ئەردەڵان بووە بەڵام نەمبیستووە کە بکرێتە دەسپێکەری سیاچەمانە، هەرکەسیش وا بڵێت ئەوە نە هونەرمەندە و نەگۆرانی ناسە، هەر هیچ نازانێت.

+ هەندێ بەزمی تازە داهێنراون... ئەوانەت بیستوون؟:

= بەڵێ بیستوومن، تۆ دەڵێی داهێنراون من دەڵێم تەنانەت دایش نەتاشراون بەڵکوو سواڵ کراون و دزراون! چەند شتێکی سووك و بێ نرخ کە ڕووی ناو جەماعەتیان نییە، ئەوە هەر نابێ ناویان بەرین و ئاوڕ لەو سواڵکەرانە بدەینەوە، چوونکە ئەوانە فڕیان بەهونەرەوە نییە و شایەنی ئەوە نین باسیان لێوە بکرێت، هەرچەند خوا هەڵناگرێ هەندێ کاری ڕەسەنیش دەکرێن و پێویستە بەهەموومانەوە بەتایبەتی ئێوەومانان پشتیان بگرن و زۆرتر هانیان بدەن و بیانپارێزن.

+ لە کۆتاییدا؟:

= زۆر خزمەتی سیاچەمانەم کردووەو لەگەڵی ماندوو بووم،حەز ناکەم بەم ئاخری تەمەنەم کزو لاوازو غەریب و بێکەسی ببینم. حەزئەکەم گەشەونەشەو سەرفرازی و

پێشکەوتنی لێ بەدیبکەم ئەنجا بەدڵی ئاسوودە سەر بنێمەوە، هەرئەوەو... ئیتر تۆش سەلامەت.

*

پەراوێزەکانی دیداری شەشەم:...

1_ پەندێکی پێشینانی هەورامانە ( شای بە کالیار مەزانۆ)، بە کەسێك دەڵێن فیزن و لووتبەرز و لەخۆ ڕازی بێت.

2_ هەزارخانی گوندێکی جوانی لای سەولآوای مەریوان و هاوسێی گوندی دێرینی (هەجمنە)یە کە لە کتێبی (ژوانی یەسنا)دا باسمان کردووە.

3_ ئاماژەیە بە دێڕە شیعرێکی فۆلکلۆری هەورامان کە باسی کچ بەشوودانی زۆرەملێ و نەبەدڵی دەکات: ( ئای گەردوون.. گەردون     سەرتەڵی ڕێحان بڕیان بە مەیموون).

4_  مەبەستی پیرێژنەکە لە (نانی سواڵ) هەمان (نانی شوان)ە کە یەکێك بووە لە شەرت و مەرجەکانی شوانی لە لادێدا، هەموو ئێواریەك لەگەڵ هاتنەوەی ڕان، یەکێك لە لایەن شوانی گوندەکەوە بەناو دێدا دەگەڕا و دەگەیشتە بەردەرکی هەر ماڵێك، لەدەرکەی دەدا و دەیگوت: (رەحمەتتان لێبێت نانی شوان) و خاوەن ماڵیش نانێك یا زیاتری دەدایە ( ڕێژەی نانەکە بە پێی ڕێژەی ئاژەڵی هەر ماڵێك بوو).

5_ شیعرەکە زۆرترە بەڵام بەداخەوە من ئەوکاتە هەر ئەوەندەیم نووسییەوەو دواتریش پاشماوەکەیم فەرامۆش کرد.

6_ شیعرەکە لە بنەڕەتدا هی مەولانا (مەولەوی)یە و لێرەدا لە لایەن گۆرانیبێژەکەوە دەسکاری کراوە.. مەولەوی دەڵێ:

( سەدای لاو هەی لاو زڕەی زڕ زەنجیر     سلسلەو بانی سەر بەندزرێ و لاگیر)

7_ گوندی (دەرەکێ) یەکێکە لە گوندە هەرە جوان و خنجیلەکانی هەورامان، هاوسێی گوندی (دەمەیەو)ەو دەکەوێتە دامێنی شاخی عەودالان و نێوان گوندی دزڵی و دەربەندی ژالانە کە ئەویش هەردوو هەورامانی تەخت و لهۆن لێك جیا دەکاتەوە.

8_ شەڕەبەق واتە راوە کەو، لە هەورامیدا بەق واتە کەوی نێر و چێڵی واتە ماکەو و گواری واتە کەوباڕ، ژەرەژ واتای گشتیتری هەیە. دیارە شەڕەبەق لەگەڵ کەڵەڕاودا

جیاوازە و هەرکام کات و ساتی تایبەتی خۆیان هەیە، چەندین چەشنە شەڕەبەقیشمان هەیە کە راوچییەکان دەبێ زۆرتری لەسەر بزانن و...

* * *

دیمانەی حەوتەم:

جیهانبەخش غەفووری



*" دەنگێکی ناسك و هەستێکی ناسکتر لە دڵ و گەروویەکدا پێکەوە کۆ بوونەتەوە، هەربۆیە لە کەمترین جووڵانەوەدا زۆرترین کاردانەوە لە ناخی خاوەنی ئەو گەروویەدا هەست پێدەکرێت. تاڵاو و ئاوارەیی و ماڵ بەکۆڵی و کۆچ و کۆستی زۆری لە ژیاندا بینیوە، ئەگەر بەتەواوی تێك نەشکاوە و دانەڕماوە، تەنهاوتەنها بەهۆی هێزی لەبن نەهاتوو و پشووی هەرە درێژی هونەرەکەیەوە بووە نەك هیچیتر. لەتەمەنی زۆرتر لە نیو سەدەی پڕچەرمەسەری و پەژارەیدا، زۆر جاران بۆ تاراندنی دێوی خەم و حەسرەت پەنای بردۆتە بەر چریکەیەکی ڕەسەنی (ئاخ لەیل)، زۆرجار ئەجندەی نەهاتی بە تێتووڕاندنی شمشاڵەکەی تاراندووە و ئەژدیهای ترس و دڵەڕاوکێی بە هەناسەی قیژەئاسای زوڕناکەی تاساندووە، شەوی دەیجووری بێدەنگی و تەنیایی بەهاواری دەهۆڵ ڕەواندۆتەوە و فیکوفاکی جەوروجەفای چەرخی نالەباری بە ناڵینی نەرمی (زەرب)ەکەی سڕیوەتەوە، هەوری تاڵی غوربەتی بە گریانێکی دووزەلە ڕەواندۆتەوە و دووری و*

*هیجروفیراقی خۆشەویستانی بە دەنگی چەکوش و بزمار پێك دووریوەتەوەو هەموو ئەمانەشن کە تا ئێستا هێشتوویانەتەوەو ئێستاش گەر هەستی ناسکی ببزوێنی هەر دەنگی ناسکی ئەو گەرووە غەریبەت دێتەوە گوێ. با پێکەوە بزانین چیی لەناخدایە و چیمان بۆ دەدرکێنێ:...*

*

+ بەخشەی گۆرانیبێژ کێیە؟:

= ساڵی 1314 (1935ز) لە گوندی ــ دەرەی مەڕ ــ سەر بەهەورامانی باشووری کوردستان لەناو خێزانێکی هونەر دۆست چاوم بە دنیا هەڵێناوە و بە شیرەی گیانی زیندووی دایکێکی هونەرمەند گۆش کرام و ناوی ــ جەهانبەخش ــ یان لێنام. باوکم مەحموود و دایکی هونەرمەندیشم (نازەنین)ە و لە سەردەمی خۆیدا جیهانی گۆرانیی چەند هێندە نازەنینتر کردبوو. ساڵی 1320 (1941ز) کۆچمان کرد و ماڵمان هاتە نەوسوودی سەر بەهەورامانی لهۆن لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا. ئێستاش نیشتەجێی جوانڕۆم. ناوم کورت کراوەتەوەو بە (بەخشە)ناسراوم بە تایبەتی لە جوگرافیای گۆرانیدا ناوی فەتحوڵڵا و بەخشە جێی خۆی کردۆتەوە، ئێستەش ئەوەتا بەرەو پیری ــ پیری ــ و... دەڕۆم.

+ بۆچی لە دەرەی مەڕەوە بۆ نەوسوود و لەوێشەوە بۆ جوانڕۆ؟:

= من قامووسی کۆچبەریم... دەبێ بڵێم زۆربەی تەمەنی خۆم لە ئاوارەییدا تێپەڕ کردووە. هەردەم ــ بەختەك ــ ی ماڵ بە کۆڵی بە سەر سەرمەوە بووە و سێبەری کردووە: ستەمی ستەمکاران، خواستی چەوتی سیاسەت بازان، فێڵی دەسەلات خوازان، دەستدرێژی چاوچنۆکان لەگەڵ جیهانێکی بێگەردی کوردی و هونەریدا نەدەگونجان و ئەنجامەکەشی هەمان پەڕیوەیی و دەربەدەری لایەنە لاوازەکە واتە ئێمە بووە.

هاتنەوەمان بۆ نەوسوود هێندەی نەبرد و ئێمە هەڵهاتینەوە بەرەو باشوور، پاش ماوەیەك لەوێش هەڵکەنراین و گەڕاینەوە بەرەو نەوسوود و شۆشمێ، من لە (شۆشمێ)دا ژنم هێنا و ژیانی خێزانیم دەست پێکرد، بەڵام زۆری نەخایاند خێزانم کۆچی دوایی کرد و منیش

کۆڵی کۆچم دیسانەوە هەڵگرت بەرەو جوانڕۆ. پاش ماوەیەك ژنم هێنایەوە و بوومە دانیشتووی جوانڕۆ.

+ چۆن دەستت کردە گۆرانی گوتن؟:

= زۆرتر لە چل ساڵ بە سەر تەمەنی هونەریمدا تێدەپەڕێت. دەبێ بڵێم پێش گۆرانی لەگەڵ شمشاڵ و دواتریش لەگەڵ دەهۆڵ و زوڕنادا ژیاوم. پاشان توانای خۆم لەناو گۆرانیدا دیتەوە و ڕووم تێکرد و بوومە هاوڵاتیەکی ئەو جیهانە بەرینە و تیایدا نیشتەجێ بووم و ناسنامەم لێ وەرگرت.

+ کێ فێری شمشاڵی کردی؟:

= نە بۆ شمشاڵ و نەبۆ دەهۆڵ و زوڕنا و نەبۆ زەرب و دووزەلە و نەبۆ گۆرانیش کەس مامۆستام نەبووە و کەس بەتایبەتی ڕای نەهێناوم، بەڵکوو هەر تەنیا ئەشق و ئەوین و حەز و تامەزرۆیی هەست و نەستی خۆم بووە کە ڕای کێشاوم و ئاوێتەی ئەو دنیایەی کردووم، بۆ خۆم دەستم پێکردووە و ئەزمونم وەرگرتووە.

+ تەنانەت دایکیشت؟:

= ڕاستە دایکم گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و بەتوانا بوو، بەڵام هیچکات وەکوو مامۆستایەك منی فێری گۆرانی نەکردووە و تەنانەت بۆ یەکجاریش پێکەوە گۆرانیمان نەگوتووە. هەر ئەوەندە هەیە من زۆربەی گۆرانیەکانم لەو بیستوون و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئەودا بووم و ناشتوانم بیشارمەوە کە نەمتوانیوە خۆم لە قەرەی سیاچەمانەکانی بدەم.

+ چۆن ڕووت لە دەهۆڵ و زوڕنا کرد؟:

= دەهۆڵم لە جوانڕۆ دەست پێکرد، سەرەتای هاتنم بوو کە بیستم چەند ڕەسم و یاسایەکی هونەریی میللی لە کرماشان بەڕێوە دەبرێن کە تیایدا گرووپی فەرهەنگ و هونەری شارە کوردنشینەکان وەکوو کرماشان و مەهاباد و سنە و مەریوان و... بەشدار ببوون، منیش وەکوو دەستەی فەرهەنگ و هونەری هەورامان بەشداریم تێدا کرد و هەرئەوەش بووبە هاندەرم کە وەکوو لە زوڕناو دەهۆڵ ژەنێکی کارامە ناسرام و لەوەو دواش چالاکی زۆرم لەملاولا هەبوون و ئاهەنگی زۆرم دەگێڕان.

+ ئەی سەرەتایەکی ڕوونتر بۆ گۆرانی؟:

= چل ساڵ لەمەو پێش یان زۆرتر، لە گوندی ــ هیروێ ــ دا زەماوەندێکی ڕازاوەی چەند ڕۆژە ساز کرا کە چەندین هونەرمەندی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی مۆسیقا (گۆرانی سەما، موسیقی)ی تێدا بەشدار ببوون و یەك لەوانەش من بووم کە بۆ ماوەی هەفتەیەك لەگەڵ هونەرمەندانی دەنگخۆشی ئەو سەردەمەی شۆشمێ وەك ئەحمەدی ڕەحیمی فەرخی و عەزەی هۆمەر بەگ و عەزیز ناوێکی دیکە گۆرانیمان گوت و زەماوەندێکمان گێڕا و من وەکوو گۆرانیبێژێکی بە بەهرە ناسرام و دەرکەوتم، هەرلەو سەروبەندەشدا بوو کەلەگەڵ حەمەحسێن و شەفیع کێمنەیی و جەمیل نەوسوودی و ئەمین بەگی شۆشمێ و دواتریش لەگەڵ ئەم کاك فەتحوڵڵا حازریە ئاشنا بووم و ئیدی گۆرانیمان پێکەوە چڕیوە، بەڵام وەکوو پێشتریش گوتم لەگەڵ فەتحوڵڵادا زۆر لێك نزیك بووینەوە و ناوبانگمان پێکەوە دەرکرد. ساڵی 1348

(1969ز) لەگەڵ کاك عوسمانیش پێك گەیشتین و یەکەم کاسێتمان پێکەوە تۆمار کرد کە جێی خۆی کردەوە و پاشان لەگەڵ جەمیل و دواتریش لەگەڵ فەتحوڵڵا لە ڕادیۆی هەورامیدا دەوری بەرچاومان گێڕا، دەتوانم بڵێم باشترین و سەرکەوتووترین گۆرانیمان لەو سەروبەندە و لە ڕادیۆدا تۆمار کردووە.

+ ڕاستە، ئەو گۆرانیانە ئێستاش جێی خۆیان هەیە؟

= من بەشبەحاڵی خۆم ئەو دەورانە بە سەردەمی زێڕینی گەشەی هونەری دەزانم و هەمیشە شانازی پێوەدەکەم و بیری دەکەمەوە و ئێستاش لەوانەیە زۆرجار حەسرەتی بۆ بخۆم. لەوسەروبەندەدا ئێمە بە تەواوی خۆمان تەرخان کردبوو بۆ نوێ کردنەوەی گۆرانی، بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو خەرمانە بەپیتەی مۆسیقای هەورامان و هەنگاوی باشیشمان هاویشتبوو. بەزمەکانی (عەیدەن شادییە) و (خاڵ سیاو لەیلێ گیان) و (کۆرپەی قەد باریك) و

( حەریر) و...تاد نمونەی هەرە ئاشکرای ئەو نوێکردنەوە و داهێنانەن کە لەنێو حەزو خواستی جەماوەریشدا جێی خۆیان کردەوە و پێموایە پاش ئەو سەردەمە کاروانی تازەگەریمان وەستاوە و هیچ هەنگاوێك هەڵنەگیراوە.

+ ئەی بۆ باسی کۆڕەوی پاش شەهید کردنی هەڵەبجە و بارودۆخی پاش ڕاپەڕینی باشووری کوردستانی ناکەی، چۆن ئەو هەموو درەوشانەوە نابینی؟:

= ڕاستە هەندێ کار کراوە، بەڵام من پێموایە زۆرتر لاسایی کردنەوە بووە، چەند کەسێك، چەند گۆرانیەکیان تۆمار کردوون، بەڵام هیچی داهێنان نییە، بەڵکوو لاسایی کردنەوەیە یان ئەو پەڕەکەی و لەباشترین حاڵەتدا وەرگرتن و وەرگێڕانە لە هی دیتران، تۆ بە دووبارە کردنەوەی بەزمێکی لای حەسەن دەرزی یان ناسری ڕەزازی دەڵێی نوێگەری؟ ئەویش لە حاڵێکدا کە هەردووکیان لە ئێمەیان وەرگرتووە و شوێن ڕێچکەی ئێمە کەوتوون، ئەمە دەبێتە ئەوەی کە کەو بچێ لاسایی قەل بکاتەوە و بشلێ نوێگەری دەکەم. بۆ وێنە ئەو چەند گۆرانیەی کە سەباح و مەولە و حەمە هەرسینی و... گوتوویانن، هەرتەنیا لاسایی کردنەوەن نەك نوێگەری.

+ باشە، لە پاڵ ئەوانیشدا چەندین ناوی وەکوو فەتحوڵڵا و نەوزاد و عەتا و جەلال هەرسینی و... هەنە کە بەڕاستی جێپەنجەیان بەڕاستی دیارە؟:

= ڕاستە، بەڵام درێژەیان نەدا و زوو بێدەنگ بوون و داهێنانەکانی ئەوانیش لەلایەن هەندێکی ترەوە بەلاڕێدابران و دەبیسترێن و ئەمەش لایەنە ئەسڵەکەی شاردۆتەوە و هەر ئەوەشە کە تازەگەریمان بەرچاو ناکەوێت.

+ ڕادەی خوێندەواریت؟:

= دەتوانم بنووسم و بخوێنمەوە... هەر ئەوەندە، ئەویش بە زۆری خۆم فێربوومە نەك لە قوتابخانەو لای مامۆستا.

+ گۆرانی چۆن پێناسە دەکەیت؟:

=گۆرانی هونەری کۆن و ڕەسەنی مۆسیقایی ئێمەیە، داب و نەریت و کلتوری کوردە، پیشاندەری ئاستی سەرەوەی شارستانی مێژینەمانە لە بواری مۆسیقادا. گۆرانیی هەورامان خەرمانێکی پڕ پیت و بەرەکەتە کە دەتوانین لە هەموو بوارێکی ژیاندا بەرهەمی بەپێزی لێ وەدەست بێنین. گۆرانی یاسای ژیان و مرۆڤایەتییە، خۆی پێناسە و ناسنامەیە، مێژوویە، فەرهەنگ و کەلەپوورە. پێموایە بەتەنیا وردبونەوەیەك لە گۆرانی بۆمان دەردەکەوێت ئێمەی کورد گەلێ پێشتر لە گەلانی دیکە چەندە دەوڵەمەند و

پێشکەوتوو بووینە و چەندە بیرمەند و هونەروەر و ڕۆشنبیرمان هەبوون. بە کورتی، گۆرانی بەڵگەی زیندوویی، لە مێژینەیی و هۆی شانازی و سەروەری و ڕچەشکێنیی گەلی کوردە لە جیهانی بیروهونەردا.

+ ئەی سیاچەمانە بەتایبەتی؟:

= سیاچەمانە حیسابی جیایە، ئاوێنەیەکی پاك و بێگەردە و ئێمە تیایدا هەناسەی زەردەشت بە ئاسمانەکانی گاتاکاندا دەبینین. سیاچەمانە مێژووی دێرینی هەبوونی خۆمان و بیرو هزرمان بۆ دەخوێنێتەوە و ڕابردووی پڕ شانازی و ئاستی بەرزی پێشکەوتی شیعر و هونەری مۆسیقا و زانستی بیرمەندیی گەلەکەمان بە ئاشکرا دەردەخات. بریا دەمتوانی بە شێوەیکی زانستی لەسەر ئەم بابەتە بکۆڵمەوە و بیسەلمێنم، بەڵام بەداخەوە ناتوانم و هەر تەنیا پشت بەبڕوای خۆم و دەلیلە ئەقڵییەکان دەبەستم، ئەگەریش ناتوانم زۆرتری لەسەر بڕۆم ئەوە مەزنایەتی و قووڵیی سیاچەمانە پێشان دەدات.

+ لە کارەکانی ڕادیۆکەتاندا شێوازێکی جوانتان هەبوو، بە تایبەت کاك فەتحوڵڵا لە هەڵبژاردنی شیعری گۆرانیدا کارامە بوو. حەز دەکەم بزانم تۆ لەگەڵ هەڵبژاردنی شیعردا چۆنی؟:

= من بۆ خۆم زۆرتر شیعری فۆلکلۆری دەڵێمەوە و زۆر کەم لەهی شاعیران هەڵدەبژێرم. بۆ خۆیشم جاروبار شیعری گۆرانیەك دادەنێم. بەتایبەتی لەسەردەمی غەریبی و ئاوارەییدا لە ڕومادیە جارجارە لەگەڵ چارەنووسی خۆمدا گلەو گازەندەم دەکرد و گۆرانیەکم بەشیعری خۆمەوە دەگوت و بیری هەورامان و یادی خۆشەویستانم دەکردەوە.

+ ڕمادییە بۆچی؟:

= ئێمە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و داسەپینی حوکمی تازە کە تێکچوونی وڵات و نەمانی ئەمن و ئاسایشی بەدواوە بوو، هەڵاتین و وەك پەنابەر هاتینە هەڵەبجە، بەڵام پاش ماوەیەك دیتمان ڕژێمی بەعس شتی ناوازەی لێمان دەوێت. ئەو دەیویست بمانکات بە چەکدار و پیاوی خۆی ئێمەش خزمەتکاری و چەتەیی بۆ بکەین. ئێمەش دیار بوو ئەو سەرشۆڕییەمان قبووڵ نەکرد، بۆیە ئەویش ڕاپێچی کردین بۆ ئۆردوگای ڕومادییە،

بەواتایەکیتر دەبێ بڵێم لە زیندانی دۆزەخییانەی ڕۆمادییەدا زیندانی کردین و وەکوو دیل و دوژمن لەگەڵمان دەجووڵانەوە. من ئەو ماوەیە بە تاڵترین و ڕەشترین سەردەمی ژیان و تەمەنی پڕ چەرمەسەریی خۆم دەزانم و ئێستاش نەفرەتی لێدەکەم.

+ ئەو شیعرانەت ئێستاش ماون؟:

= یەکەم، من ئەرشیفێکی ڕێکوپێکی کارەکانی خۆم نییە بەتایبەت گۆرانیەکانی ئەو کاتە، دووەم، بەداخەوە ئەوانەی نوسرابوونەوە لەدەستم چوون و ئێستاش بەتەواوی لەبیرم نەماون تەنیا چەند دێڕێکیان نەبن کەلە مێشکمدا جێیان کردۆتەوە، ئەویش چونکە جاروبار بۆ خۆم لە گۆرانیدا دووبارەم کردوونەتەوە:

" نەکەللەم گەرمەن زایەڵەی سەنتوور

دایم یادمەن وەتەنەکەی دوور

من هەورامیەکەی عەرەبسان جامەن

زنجیری خەفەت دایم نەپامەن

چی نیا یاگێو پەناش پەی بەرو

نمازا خەمێ جە دڵ بەرکەروو

ئازیزا دووریم بکەروو وەیاد

یاران یاد کەروو ئەمجارە جەنۆ

یار و ڕەفێقام ماڵ جە جوانڕۆ

بکەروو یادی وەتەن بێسامان

یادی جوانڕۆ شۆشمێ و هەورامان

دەخیلەن شەماڵ با تۆیچ بزانی

عەرزەکەیم بەریۆ پەی هەورامانی

شەماڵ دەخیلەن ڕەفێقم تۆنی

چەنیم یاد کەرە قووچەکەو سۆنی

سەیەکێ سۆنی وەستێرە دامان

ئیسە هەورامان وەهارش ئامان

بدیە گەردوونی چندە بێباکەن

وەهارو ئێمە هەر خۆڵ و خاکەن

تەماشەکەرە چەم جەچەم گمەن

تا چەم بڕکەرۆ هەر ڕمڵ و لمەن"

+ پێوەندیت لەگەڵ گۆرانیبێژەکانی دیکەدا چۆن بووە و چۆن سەیریان دەکەی؟:

= پێشتر ناوی چەند کەسێکم برد و ئاماژەم پێکردن، من لەهەرکوێ گۆرانیبێژێکم شك بردبێ خۆم پێگەیاندووە و ناسیومە. گۆرانیبێژانی هەورامانیش زۆرن بۆ وێنە لەلای خۆمان ناوی حەیدەر نۆدشی و حەمەجافرو عەلیلە و ئەمین بەگی شۆشمێ و برایانی کێمنەیی هێشتا هەر زیندوو ماوەتەوە. دەنگی زۆربەیانم پێخۆش بووە و ڕێزی تایبەتیم بۆیان هەبووە و لەگەڵیاندا گۆرانیم تۆمار کردووە. بەتایبەتی عوسمانم بە مامۆستای خۆم زانیوە و لەگەڵ ئەو و جەمیل و حەمەحسێن و بە تایبەتیش ئەمین بەگدا دۆستایەتیم زۆرتر بووە. حیسابی فەتحوڵڵاش جیایە، ئێمە لە هەموو کەس زۆرتر پێکەوە بووین و وەك پێشترین گوتم ناوی فەتحوڵڵا و بەخشە تێکەڵ بووە و بۆ خۆی بەشێکی تایبەتە لە جیهانی گۆرانیدا و وەك چۆن عوسمان و جەمیل یانخود عوسمان و حەمەحسێن لێك جیا ناکرێنەوە، ئێمەش ئاوامان لێهاتووە. گۆرانیبێژە تازەکانیش زۆریان جێی ئومێد و دڵخۆشین و نزیك تادوور دەیانناسم و ڕێزم بۆیان هەیە، بەڵام ناتوانم هەندێکیشیان بە هونەرمەند بزان،م دەلیلی خۆم هەیە و بە پێوانەی خۆم شتەکە هەڵدەسەنگێنم و ئەنجامەکەشی بەلامەوە گرینگ و جێی متمانەیە.

+ بەگشتی کارە هاوبەشەکانی خۆت و فەتحوڵڵا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟:

= ئەوە دەبێ جەماوەر ڕایان لەسەر بدات نەك خۆمان، هەر ئەوەندە دەڵێم وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، کاری ئەوساڵانەمان جێی خۆی کردبۆوە و ئێمەش لە چالاکیەکانماندا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووین، هەوڵمان دەدا هەر لەسەر بنەما کۆنەکان نوێگەری بکەین و لەگەڵ ڕەوت و نیازی نوێی دنیای مۆسیقا و جەماوەردا بگونجێین و بچینە پێش. پێویستیش ناکات من پێت بڵێم ماڵی هەورامانی نەبووە کاسێتی ئەو ساڵانەی لای خۆی ئەرشیف نەکردبێت یان نەبووبێتە هەڤاڵ و گوێگرێکی هەمیشەیی و تامەزرۆی ئەو

سەردەمەی ڕادیۆ. خۆ لەکەسیش شاراوە نییە کەتۆ خۆت یەك لەوانەیت کە تائیستاش ئەو ئەرشیفەت پاراستووە و دڵنیاشم لەسەر  ئەو کارانە و هەروەها سەردەمی زێڕینی دەنگی برایانی کەیمنەیی بیروڕای  جەماوەرت وەرگرتووە.

+ گەرچی پێشتر بە کورتی ئاوڕمان لێدایەوە، بەڵام دەمەوێ بە جیاواز بپرسم لاسایی کردنەوەی هەندێ گۆرانیبێژی لاو کە بە پێچەوانەی ڕەوتی ئەو ساڵانەی ئێوە دەجوڵێنەوە چۆن دەبینی؟:

= منیش هەست بەم ناتەباییە دەکەم و ڕاستیەکەشی خەمی پێدەخۆم، بەداخەوە ئەمڕۆ لاوەکانمان خۆیان لێ بزر بووە، چەواشە و سەرگەردان ماونەتەوە، لەگەڵ مێژووی ڕەسەن و مێژینەی مۆسیقایی و هونەری کوردی نامۆ و بێگانە بوونەتەوە، بە چەواشەییش لە نوێگەری و نوێخوازی گەیشتوون. وەرگرتنی دەقاودەقی میلیۆدی عەرەبی. فارسی یان تورکی یا... نوێگەری نییە، ئەوان دەبێ تێبگەن کە تازەگەری واتە دەوڵەمەند کردن و نۆژەنکردنەوەی خەرمانی کۆن و بنیاتنان هەرلەسەر ئەو بنەما دێرینەیە نەك لاسایی کردنەوە و چاولێکەری و شوێنکەوتنی کوێرکوێرانەی ئەو کەسانەی شتیان لە خۆمان وەرگرتووە و تەنانەت لێیان دزیوین و دەستکارییان کردوون. ئەو چەشنە لاسایی کردنەوەیە دیاردەیەکی چەوت و خراپ و ناوازەیە و ناتەوانی و نامۆیی و نەزانی و بێ ئاگایی جیلی ئەمڕۆمان دەردەخات و ئەمەش جێی داخ و کەسەرە. من دەڵێم نەك ئێمەی گۆرانیبێژ و ئێوەی لێکۆڵەر، بەڵکو جەماوەریش بە گشتی نابێ خۆی لە گێلی بدات و پێویستە لەسەری بێتە دەنگ و بەر بەو چەواشەگەریە بگرێت. ئێمە هەزاران بەزمی گۆرانی ڕەسەن و هەرە مێژینەمان هەیە کە لەوانەیە لەبیر چووبنەوە و هەر تەنیا لە ئەرشیفی یەکێکی وەکوو خۆتدا مابنەوە، لەحاڵێکدا هەربۆخۆیان نوێن و زۆربەیان لەگەڵ نیاز و تایبەتمەندیی ئەمڕۆشدا یەك دەگرنەوە و دەشکرێ کاری زۆر باشیان لەسەر بکرێت و نوێتر بکرێنەوە و پەرەیان پێبدرێت، ئەمەش ئەرکی سەرشانی هەمووما‌نە و گەر خۆمانی لێ گێل بکەین بە دڵنیاییەوە لە ئایندەدا دەکەوینە ژێر لێپرسینەوە و تانەو توانجی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە. بەڕای من کاتی ئەوە هاتووە لە خۆمان بپرسین هۆی ئەم

وەستان و دابڕانەی مۆسیقای ئێمە چییە و ئێمە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین؟ من هیوادارم لاوەکانمان هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدەن ئەو پرسیارە وەڵام بدەنەوە.

+ گۆرانی و منداڵەکانت؟:

= حەوت منداڵم هەن و هەمووشیان شارەزای گۆرانین و گۆرانی دەڵێن، جارجاریش دڵم خۆش دەکەن، بەڵام دڵنیام هیچ کامیان جێی خۆم ناگرنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریان لەگەڵ دەکەم و هانیان دەدەم و هیوادارم لە دنیای مۆسیقا و گۆرانیدا بدرەوشێنەوە.

+بەخشە کێیە، چییە... گۆرانیبێژە، شمشاڵ ژەنە، دەهۆڵ لێدەدا، وەستای دارتاشە یان چی؟:

= هەموو لایەن و بەش و بوارەکانی خۆم خۆشدەوێن و بە ئەشقەوە دەستم بۆ بردوون، چ شمشاڵ و چ زوڕنا و دەهۆڵ و چ دووزەلە و چ دارتاشی، لە هەرهەموویان توانای خۆم دەرخستووە و درەوشانەوەم هەبووە. هەوڵم داوە بەتەواوەتی فێریان ببم و بیانناسم و لەگەڵیان بژیم و ئاستی توانای خۆمیان تێدا بدۆزمەوە، هەڕەمەکی نەنیشتومەتە ملیان، بەڵام لای من گۆرانی لە هەموو شتێك پیرۆزترە وبە زیندوترین بەڵگەی ناسنامە و هۆی (بوون)ی خۆمم زانیوە و حەزم کردووە تیایدا بتوێمەوە. زۆرجار لەکاتی گۆرانی چڕیندا حاڵەتی جەزبە ڕووی لێداوم و خۆم و هەموو دەوروبەرم لەبیر بردۆتەوە. ئەو حاڵەتەم وەکوو حاڵەتی شوان پەروەری هێژایە لە گەرمەی ئاوازەکانیدا یانخود وەکوو مرۆڤێکی ئەوینداری ئەهلی حەق لەکاتی ژەنینی تەمبووری پیرۆزدا. گۆرانی بۆ منی ئەهورایی هەموو شتێکە: ژیان، زیندوێتی، هەناسە، ئەشق، شەیدایی، بڕوا، خەم، ژان، خۆشەویستی، کەرامەت و مرۆڤایەتی، جا کەوایە با هەر بەخشەی گۆرانیبێژبم و هیچیتر. هەرچەندە بە داخەوە پیربووم و نەخۆشی ڕووی تێکردووم و گەرووم توانای جارانی نەماوە و ماوەیەکە هەست بە دابڕانێکی خنکێنەر دەکەم... دەبەستتە.

+ باشە با بەست بێت و سوپاست دەکەم؟:

= منیش سەری ڕێز و نەوازش دادەنێم بۆ ئەو ڕێبازە پیرۆزەی گرتووتە و ئاواتم سەرکەوتن و سەرفرازیتە.

* * *

دیمانەی هەشتەم:

جەلال هەرسینی



" گەرچی نەخوێندەوار ماوەتەوە بەڵام خاوەنی مێشکێکی کراوەو بیرێکی ورد و خەیاڵێکی تیژ و هەستێکی ناسك و خاوێنە، هەرچەند لە کوێرەدێیەکدا بەهەژاری و دەسکورتی و بەتاڵی و بێدەرەتانی ژیاوە و هەنووکەش دەژی، بەڵام دڵێکی ساف و بێگەرد و سنگێکی فراوان و ڕۆحێکی دەوڵەمەند و ویژدانێکی ئاسوودەو سەرفرازی هەیە. دەنگێکی زوڵاڵ و گەروویەکی زێڕین کە دەتوانێ بە ئاسانی سیاچەمانەی هەرە سەرکەش و ڕەسەن بچڕێت و ملوانکەیەکی زیوین لە گۆرانی بهۆنێتەوە و بیئاڵێنێتە گەردنی شۆخی دنیای سیحراویی مۆسیقای سەردەم. تەنگوچەڵەمەی ژیان و دێوەزمەی نەگریسی برسێتی و... گەرووی لە گۆ نەخستووەو چریکەی ئاهوورایی لەبیر نەبردۆتەوە. لە وشەیەکدا دەڵێم: هونەرمەندە، هونەرمەندێکی متمانە پێ کراوی داهێنەری ڕاستگۆ کە هەردەم بە ئەشقەوە دەچریکێنێ، دنیا تەژی دەکا لە هارمۆنیای ئەوین و خۆشەویستی.

*با پێکەوە وەڵامە سادە و ساکار و ڕاستگۆیانەکانی لە دیدارو پرسوجۆیەکی دۆستانەی هونەریدا ببیسین:...*

*

+ حەزدەکەم خوێنەرانی ئەم بەرهەمە لە زاری خۆتەوە لەگەڵت ئاشنا بین؟:

= ناوم (جەلال)ە، شۆرەتم (ئەحمەدی) و بە جەلال هەرسینی ناسراوم. ساڵی 1330ی هەتاوی (1951 ز) لە گوندی (هەرسین)ی سەربە (بێساران) لە هەورامانی چەمی ژاوەرۆ لە دایکبووم و تا ئێستاش هەر لەوێ دەژیم و خەریکی باخەوانی و کشتوکاڵی (دەیمی)م.

+ بۆ نەتخوێندووە... هۆی نەخوێندەوار مانەوەت؟:

= سەرەکیترین هۆی ئەم بێبەشبوون و دواکەوتنە، سەرباری بارودۆخی ئەوسای کوردەواری، هەمان هەژاری و دەسکورتیی بنەماڵە بووە، خەڵکی لای ئێمە زۆر ڕووت و برسی بووە، من خۆم لەبیرم دێت کە تەنانەت نانی شەویش نەبوو بخۆین، تۆ بیر بکەوە گوندێکی دوورە دەستی وەکو ئەم گوندەی ئێمە بەبێ زەویوزار و هەرتەنیا بە چەند سەر ئاژەڵ و چەند بنەدرەخت، دوور لە شار و ڕێگاوبانی باش و... لەولایشەوە هەر ماڵەو چەند منداڵی وردیلەی هەن و هەموو ئەو منداڵانەش خۆراك و پۆشاکیان دەوێت و دەبێ بژیویان بۆ دابین بکرێت و دیارە باوکیش بەتەنیا پێ ڕاناگات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەبوونی قوتابخانە و دوورە دەستی ناوەندەکانی خوێندن و... ئەمانە هەموویان هۆکاری نەخوێندەواری و بێبەش بوونی من و هەزارانی وەك من لە قوتابخانە بوون.

+ چۆن ڕێگای دوور و درێژی (گۆرانی)ت گرتەبەر، لە کەیەوە و کێ هاندەرت بوو؟

= لە (15) ساڵیمەوە دەستم کردۆتە گۆرانی گوتن و لە (20) ساڵیمدا لە ناوچەکەدا ناسراوم و وەکوو گۆرانیبێژێکی لاو ناوبانگم بڵاوبۆتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دایکم، من لە سەردەستی دایکمدا دەستم پێکرد و لە ژێر سایەی ئەویشدا گەیشتمە ئەم بەهرەیە، تەنیا هاندەر و تەنیا مایەی هەموو زەوق و شەوقێکم و هەموو مامۆستا و ڕێ نیشاندەرێکم هەرتەنیا دایکم بوو، لە ڕاستیدا دایکی هونەرمەندم زۆرترین کاریگەریی لەسەر داناوم و توانا و بەهرە و ناو و ناوبانگی ئەمڕۆشم هەرمنەتباری ئەوم.

+ زۆرتر باسی دایکت بکە، وتت دایکی هونەرمەندت؟

= بەڵێ ڕاستە و دەبێ بڵێم دایکی هونەرمەندم، دایکم دەنگی زۆر خۆش بوو، چریکەیەکی ڕۆحنەوازی هەبوو، گۆرانیبێژێکی بەهرەمەند بوو، ناوی (گوڵباخ)ی کچی (عەبدوڵلا نەسە) بووە. بەڕاستی خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵ و گەروویەکی زێڕین و بێگەرد بوو، کە دەنگی لێهەڵدەبڕی هەموو هەوار و باخ و مێرگ و بەندەنەکانی پڕدەکرد لە چریکەی (ئاخ لەیل)، دایکم لە گەڵێ کۆڕ و بۆنەدا بەشداریی کردووە و گۆرانیی بۆ جەماوەر چڕیوە، لە ڕاستیدا دایکم یەکێك بوو لەو ئافرەتە هونەرمەندە بە توانا و هەست ناسکانەی کە خزمەتی زۆریان بە هونەر کردووە و دەبێ یادیان بکرێتەوە و ڕێزیان لێ بگیرێت. دایکم نموونەی ئافرەتی هونەرمەند و داهێنەری کورد و دایکێکی لەخۆ بوردوو بوو، لەوەش گرینگتر دایکم مامۆستا و ڕچەشکێن و بەرهەمهێنەری من بوو وەکو گۆرانیبێژێك.

+ دایکت زۆرتر چ گۆرانییەکی دەگوت؟:

= هەموو بەزمێك.. چەپڵە، وردە بەزم، دەرەیی، خاو، بەڵام زۆرتر سیاچەمانەی دەگوت و زۆریش زاڵ بوو بەسەر ئەو چریکە سەرکەشەدا. بەداخەوە زۆربەی ئەو بەزمانەم لەبیر نەماون کە دایکم دەیگوتن، لەوانەشە بۆ خۆی بەزمی تایبەتی خۆی هەبووبێت. تا من پێگەیشتم و ویستم ئەملاولای خۆم ببینم ئەو بەجێی هێشتم و کۆچی دوایی کرد و منیش ئەو مامۆستا بەتوانا و هەرە دڵسۆز و خۆشەویستەم لەدەسدا، بەڵام هەر هیچ نەبێ توانیومە چەند دێڕ لە پارچە شیعرێکی بپارێزم کە هەر تەنیا لە زاری ئەوم بیستوون، ئەویش زۆرجار لەزۆر بەزمدا دەیگوتن، جا نازانم هی کێن و ناشتوانم بڵێم شیعرەکە هی دایکم خۆیەتی، هەر ئەوەندە دەڵێم کە لەو نەبێت لە کەسی دیکەم نەبیستوون و هەقیشمە بەهیی ئەویان بزانم، هەربۆیەش تا ئێستا وەکوو یادگاریەکی ئەو پاراستوومن، منیش لە زۆر گۆرانیدا گوتوومنەتەوە. شیعرەکە هەناسەیەکی بەهارییە و باسی گوڵ و گیای وەرزی بەهاری هەورامان دەکات و ناوی چەندین لەو گوڵ و گیایەی تێدا تۆمار کراون. شیعرەکە دووردرێژە بەڵام هەروەکوو گوتم من تەنیا چەند بەیتێکیانم لە بیر ماوە. ماوەیەکیشە خۆم (بەزم)ێکم بۆ داناون و چیتر تێکەڵی هەموو بەزمەکانیان ناکەم. بەزمەکەش دەچێتە خانەی (خاو) و ئەویش هەر هەناسەیەکی بەهارانەیە و جوان لەگەڵ

شیعرەکەدا دەگونجێت. ئەمەش ئەو بەشە لە شیعرەکەیە کە هەر بەو بەزمە تازەیەی خۆم پێشکەشت دەکەم:...

(( بەیدێ باکەرمێ تاریفی وەهار

ئەوەڵ _ بەڕەزا _ بەرمە یۆجەغار

دووهەم _ گوڵ سۆسەن _ مەبینۆ قەتار

سێیەم _ وەنەوشە _ قامەت چەمیدە

چوارەم گولێوەن نامێش _ سەیرادان _

ماچۆ باکەرمێ دڵ وەشیی یاران

پەنجەم _گاوگوڕاڵ _ قرمز و وەشڕەنگ

نەپای هەرەسان کاکۆڵ کەردەن پەنگ

شەشەم _ شەقایق _ قرمز و وەشڕەنگ

جەوەشڕەنگی وێش وەختا بێوە دەنگ

حەوتەم _ بەرزەڵنگ _ شای گرد گوڵانەن

ئادیچ زینەتو داخ و دڵانەن

هەشتەم گوڵ _ چنوور _ بو بنیەی نەبووش

زڵف چەنی چنوور دەروون مارۆ جۆش))

+ بێجگە لە دایکت، لە هەورامانی ژاوەرۆدا کەسی دیکە هەبووە دەنگی خۆش بێت؟:

= بەڵێ زۆر کەس هەبوون بەهرە و توانای گۆرانییان هەبووە و تەنانەت ناوبانگیشیان دەرکردووە، بە تایبەتی دەتوانم ناوی _ عۆدێ عەبووی _ و _ کەیخودا حەمەئازیز _ بارام، بەداخەوە ناوی ئەوانم بەبیر نایەتەوە دەنا وەك وتم زۆر کەس هەبوون، بەڵام ئەو دوو کەسە دیارتر و ناسراوتر بوون و جێ پەنجەیان دیارە و خاوەنی بەزم و گۆرانی تایبەتی خۆیان بوون و تەنانەت ناوبانگیان لەناوچەکەیشدا تێپەڕی کردووە، جێی داخە کە نەدەنگ و نەناویان نەماوەتەوە و فەرامۆش کراون، ئەویش هۆی ئەوەیە کە ئێمە خزمەتی بلیمەتەکانی خۆمان ناکەین و ڕێزیان لێناگرین!

+ سیاچەمانە چۆن پێناسە دەکەیت؟:

= من بەم نەخوێندەوارییەی خۆمەوە چۆن دەتوانم باسی سیاچەمانە بکەم، سیاچەمانە، هەرئەوەندە بڵێم کە بەڕای من ناسنامەی کوردە، سیاچەمانە فەرهەنگی ئێمەیە، پیرۆزترین و زیندووترین میراتێکە کە لەباب و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، سیاچەمانە ئاشکراترین بەڵگەی مێژوویی ئێمەی کوردە، ئێستەش کە گەییوەتە لای ئێمە، دەبێ وەکوو ئەمانەت تەماشەی بکەین و بیپارێزین، دەبێ دەستی لێ بەرنەدەین، سیاچەمانە بەڕاستی ڕۆحی مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە و دڵەکان دەهەژێنێ، زاخاوی دڵ و دەروون دەداتەوە، دەبێ وەکوو گلێنەی چاوی خۆمان پارێزگاریی لێ بکەین، من لامواپە هەموو شتێکی ژیانمان بە سیاچەمانەوە بەستراوەتەوە، دەمەوێ بڵێم سیاچەمانە واتە مێژینە، شانازی و فەرهەنگ و هەموو شتێکی ئێمەی کورد.

+ بەو پێیە، دەبێ زیندووتر و بەڕێزەوە ڕابگیرێت، خزمەتی بکرێت و گەشەی پێبدرێت، ئەمەش لە ئەستۆی هونەرمەندەکاندایە، ئەی بۆچی هەندێ گۆرانیبێژ شارەزای سیاچەمانە نین و بە هەندی وەرناگرن و گۆرانی دیتران دەقۆزنەوەو دەیانڵێنەوە؟:

= وایە، دەبێ هەموومان خزمەتی بکەین و پێشی بخەین، پێویستە گەشە و نەشەی زۆرتر بکات و وەك خۆی نەمێنێتەوە، ئەوانەش کە پشتی لێدەکەن و دەکەونە شوێن دیتران و لاسایی دەکەنەوە، پشت لە ڕەسەنایەتی خۆیان دەکەن و زیان بە بنەما فەرهەنگیەکەمان دەگەیەنن، من ناڵێم ئاگادارو شارەزای ئەملاولای خۆمان نەبین و هیچ لە دنیا تێنەگەین، بەڵام لە هەمان حاڵیشدا دەڵێم کە هیچ پێویستیمان بە قەرز وەرگرتن و لاسایی کردنەوە نییە، چونکە هونەری لای خۆمان زۆر دەوڵەمەندە و بە هەزاران لق و پۆپی لێدەبێتەوە کە هەرکامەیان جیهانێکی فرەوان و بەرین دەگرێتە خۆی، ئێمەش هەموومان دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو بنەڕەتە و بکەوینە دوای بنەمای کەلەپوورە ڕەسەنەکەی خۆمان، ئەوە تاقە سەرمایەی هوونەریمانە و دەبێ چاومان لێیبێت، پێشینان دەڵێن (سەری گا، هەردۆڵە)، یان (هەموو ڕێگەیەك دەچێتەوە بانە) ئێمەیش ڕەگ و ڕێشەمان هەرهەمان سیاچەمانەیە و ناشتوانین لە بیری بەرین و پشتی لێ بکەین. من ئەو پشت لێکردن و لاسایی کردنەوەیە بە ناحەزترین شێوەی چاولێکەری و سواڵ کردن دەزانم، ئاخر تۆ ئەو هەموو بەزم و ئاوازە ڕەسەنەت هەیە بە هەموو جۆر و

شێوەیەك كە هەموو دنیا بە حەسرەتەوە چاوی لێدەبڕێت، چۆن دەبێت و كەی ڕەوایە خۆت نەیناسیت و پشتی لێبكەیت و لەبەردەم بێگانەدا دەست دابێڵێت؟ كەی ڕەوایە خۆت بچووك بكەیتەوە و سواڵ بكەیت و پاشخوانی خەڵكانیتر بخۆیت؟ ئەم شتە ناحەزە بۆتە هۆی خەم و پەژارەی زۆربەی هونەرمەند و هونەردۆستە ڕاستەقینەكانمان و دەبێ هەوڵ بدەین بۆ سڕینەوەی و بۆ داچڵەكاندن و بەخۆهێنانەوەی ئەو كەسانەی كە تووشی بوون، من ئەگەر زمان و زانستی مۆسیقام بزانیبا بە دڵنیاییەوە دەیڵێم كە دەمكردە كارێك تا هەموو دنیا كڕنۆشی بردبا بۆ هونەری ڕەسەنی كوردی لە هەوراماندا. بەداخەوە نەك تەنیا من بەڵكوو خوێندەوارەكانیشمان لەو بوارەدا نەخوێندەوار و نەشارەزان و هەر هیچ لە مۆسیقا نازانن و كارەكانی ئێمە بەگشتی جەماوەری و ڕەمەكییە، هەربۆیەش خەڵكانێك ئاوا هەڵە دەبن و هەڵدەگەڕێنەوە و وادەزانن ئێمە هیچمان نییە و هیچ نین! ئەوی ڕاستی بێت دەردی بێدەرمانی ئێمە نەخوێندەواری و نەشارەزایی و نەزانی و خۆ نەناسینە، ئەوەتە دووكەڵە ڕەشەكەیشی هەر بە چاوی خۆماندا دەچێتەوە.

+ باشە... گەر زمانی مۆسیقات بزانیبا چیت دەكرد؟ سیاچەمانەت دەهێنایە سەر نۆتە؟:

= نا.. مەبەستم ئەوە نییە كە بە مۆسیقا بیڵێمەوە، چوونكە لاموایە ئەو كارە بە هیچكەس ناكرێت، لە مۆسیقای هەوراماندا هەر تەنیا چەپڵە و وردەبەزم دەستەمۆی مۆسیقا دەكرێن، سیاچەمانە زۆر سەركەشە، وەكوو پڵنگێكی وەحشییە و بۆ كەسماڵی ناكرێت، ئەو خۆی لووتكەی بەرزی مۆسیقایە. مەبەستی من ئەوەیە گەر زمانی مۆسیقام بزانیبا، بەوپێیە كە خۆم گرانیبێژم و هەموو هەواكان دەناسم، هەرهەموویانم بە زمانی مۆسیقا پۆلین دەكردن و دەمنووسینەوە و شیمدەكردنەوەو دابەشم دەكردن، ئەوكاتە هەموو مۆسیقازانێك بەجوانی دەیناسین و باشتر پەی پێ دەبردن و دەركی پێدەكردن و جوان دەیزانی چین و چۆن و لەكوێوە سەریان هەڵداوە، نەك وەكوو ئێستە كە هەرتەنیا وەك چریكەیەكی سەركەش سەیر دەكرێن و نرخی خۆیان نادرێتێ و بەهەند وەرناگیرێن، ئەمەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بە شێوەیەكی زانستیانە كاریان لەسەر نەكراوە و نەناسراون و هەموو كەسیش ناتوانێ بیانڵێتەوە، بۆ وێنە.. ئەمە یەكەمجارە كە ببینم ئاوڕ

له گۆرانی و گۆرانیبێژی هەورامان دەدرێتەوە و کار لەسەر سیاچەمانە دەکرێت. بەڕای من ئەم هەنگاوەی تۆ زۆر دوورودرێژ دەبێت و لە هەمان حاڵیشدا با هەر لەڕووی خۆتدا بڵێم کە زۆریش پیرۆزە، ئەم پڕۆژەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمەی سیاچەمانەچڕیش زۆرتر سیاچەمانە بناسین و شارەزای ئەم دنیا بەرین و بێسنووره بین و لەمەودوا ژیرانەتر و وشیارانەتر خزمەتی بکەین و ئەوە هەست پێبکەین کە مێژوویەکی دێرین لە سنگماندا پەنهانە و دەبێ بەشێوەیەکی شیاو دەری بخەین و بیناسین، کە ناسراش ئەوا تەنیا نامێنێت و باشتریش دەبووژێتەوە.

+ با هەر لەناو سیاچەمانەدا بین.. کاتێ سیاچەمانەی (مینا گیان)ت گوت ئەوەبوو من شڵەژام چوونکە وامزانی خەریکە دەیشێوێنی کەچی وا نەبوو، من ئەو سیاچەمانەیەم بەوجۆرەی لای تۆ تائێستا لە هیچکەس نەبیستووە، باشە تۆ لە کوێت هێناوە..

دووبارەی دەکەمەوە، تائێستا لە هیچکەسم نەبیستووە و مەعقولیش نییە سیاچەمانەیەك هەبێت و من نەیناسم؟:

= منیش هەستم بەوەکرد کە تۆ شێوایت و تووڕە بوویت و دیارە هەقیشتە، ئەوەش ڕاستە کە ئەوجۆرەیانت نەبیستووە چوونکە یەك لەو بەزمانەیە کە بەداخەوە قەت نەوتراوەتەوە و نەبیستراوە بۆیە فەرامۆش کراوە و یەکێکی وەکوو تۆش بە دووهەزار کاسێتەوە و سەرەڕای ئەو هەموو ماندوو بوون و بەدواداچوونە مەیدانیانەت هێشتا گوێت لێنەبووە و نەتناسیوە ! وەك خۆت دەزانی ئێمە بەزمی (میناوەی) و (مینالێ) و (میناگیان)مان هەنە کە سێ سیاچەمانەی ڕەسەنن بە سێ جۆر، ئەو (میناگیان)ەی من گوتم دەبێتە بەزمی چوارەم کە تێهەڵکێشێکە لە دووبەزمی مینا گیان و میناوەی و ئەمیش هەر بە مینا گیان ناسراوە بەڵام دەبێتە (بەرزەچڕ) واتە دەبێ بڵێین (میناگیانی بەرزەچڕ). ئەوەش بڵێم کە ئەم بەزمە بەتایبەتی هی چەمی ژاوەرۆیە و لە پێشینانی ئەم ناوچەیە ماوەتەوە و هەنووکەش بەساڵاچووەکانی ژاوەرۆ بەجوانی دەیڵێنەوە و منیش بەتایبەتی لە دایکمم بیستووە و لەویشم وەرگرتووە. ئەم میناگیانە چریکەیەکی سەرکەشە و کەمکەس بەسەریدا زاڵ دەبێت و بەداخەوە تائێستا لە کاك ئوسمانیشم نەبیستووە و نازانم چۆن بۆ ئەو بلیمەتەش نەناسراوە !

+ کاك جەلال، تۆنی دەنگی جەنابت لە گەڵ دەنگی (جەمیل) و (قوربانی) و (تۆفیق)دا یەکدەگرێتەوە و بەتایبەتیش تۆنێکە لە نێوان دەنگی ئوسمان و جەمیلدا، ئەوەش لە بواری چۆنایەتی گۆرانی گوتن لەگەڵ دیکەی گۆرانیبێژەکاندا کاریگەریی خۆی هەیە، تۆ خۆت هەست بەچی دەکەی.. لەگەڵ کامە گۆرانیبێژدا ئاسوودەتری لەکاتی گۆرانی گوتندا؟:

= من بۆخۆشم هەستم بەو هاودەنگی و لێکچوونەی دەنگی خۆم و ئەو بەڕێزانە کردووە، بەڵام ئەم شتە لە کاتێکدا زەقتر هەست پێدەکرێت کە دەنگی من بکەوێتە نێوان دەنگی کاك عوسمان و کاك جەمیل، لەو کاتەدایە کە زایڵەیەکی سەربەست و بەرچاوی مۆسیقایی بەدی دەکرێت دەنا بۆ وێنە لەگەڵ کاك قوربانیدا ئەوە بەدیناکرێت، چونکە هەردوو دەنگ وەکوو یەکن و تەواوکەری یەکدین، واتە تۆ گوێت لە دەنگی بەرز و دەنگی ناسك نابێت. بەڵام کاتێ لەگەڵ کاك فەتحوڵڵادا بین، تۆ بە ئاشکرا دوو دەنگ هەست پێدەکەیت کە لێکجیان، یەکیان زبر و یەکیان ناسك، یەك بەرز و یەك نزم، ئەم شتە نەبووەتە ڕێگر لە گۆرانی وتنی من و دیتراندا و من لەگەڵ هەمووانیشدا وتوومە و چێژیشم لێ وەرگرتووە، نموونەشی ئەوە بوو لەگەڵ خۆت.

+ من دەنگخۆش نیم، وازم لێبێنە؟

= گۆرانیبێژ بەلای منەوە هەر ئەوە نیە دەنگی خۆش بێت، مەرجی دیکەش هەن و یەك لەوانەش ناسین و جیاکردنەوەی بەزمەکانە و لەویش گرنگتر زاڵبوونە بەسەر هەواکەدا و لەرینەوەی تەلەکانی حەنجەرە و گەروو، ئەوانەش لای تۆ هەست پێدەکرێن، بەداخەوە هەندێ گۆرانیبێژ لەو دوو مەرجە سەرەکییە بێبەشن.

+ وەکو دوایین قسەت، چی بەو دەستەیە دەڵێیت؟

= با خۆیان ڕابێنن، گەرووی خۆیان دەستەمۆ بکەن، شارەزاتر بن و بەزمەکان بناسن و لێکیان جیا بکەنەوە و بزانن تایبەتمەندیی هەر بەزمێك چییە و چۆنە، گەر وابکەن ئەوە دەتوانن ببنە گۆرانیبێژێکی هونەرمەند و توانای خزمەتکردنیان دەبێت، خۆ گەر واش نەبێت، زەحمەت کێشان و خۆخەریك کردنی بێ سوود و بێ ئەنجام، نەبوونی باشترە...

* * *

دیداری نۆیەم:

ڕۆستەم ڕۆستەمی



*" دنیایەکی سەیری هەیە.. هەست و نەستێکی هەورامیانەی ڕەسەن، خۆش مەشرەب و شیرین زمان و ڕەزا سووك و هەندێجاریش (گوناح)! تۆنی دەنگی زۆر نزمە بەڵام سۆزێکی سەرنجڕاکێش لە دەنگیدا هەیە، هەست و نەستە هەورامیانەکەشی لە گۆرانی چڕینەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.. هەر دەڵێی هێشتاش لە بن دارگوێزێکی هەوراماندایە و پڕ بەناخی دەچڕێ.. دەچڕێ بۆ گوڵە هەزار چەشنە خۆرسکەکان.. بۆ کەوە خۆشخوانەکان، بۆ جۆبارە زوڵاڵەکان.. و بۆ سەربەرزاییەکانی هەورامان. نەخوێندەوارە، کەچی زۆربەی زۆری شیعرەکانی مەولەوی لەبەر دەڵێتەوەو بەهۆیانەوە گۆرانیەکانی دەوڵەمەندتر دەکات. هەر بڵێی (گۆرانییەکم بۆ بچڕە)، ئیدی بارانی سیاچەمانەی ڕەسەنت بەسەردا*

*دەبارێنێ تا ناخت تەڕ دەکات.. تەنیا ئاماژەیەك بکەیت بە سەردێڕێکی مەولەوی، ئیدی تافی زوڵاڵی شیعراوی مەولەویت بەسەردا دەڕژێنێ تا گیانت فێنك دەکاتەوە.*

*با لە زاری خۆیەوە زۆرتری لێ ببیسین:...*

*

+ کاك ڕۆستەم کێیە؟

ـ ڕۆستەم کوڕی کەریم شۆرەت ڕۆستەمی خەڵکی گوندی کەیمنە، لەدایکبووی 1324 (1945) ناسراو بەرۆستەم کەیمنەیی و ئێستە ئاوارە و نیشتەجێی گوندی قەڵاجێی سەربە سەوڵاوای مەریوانم.

+ ئاوڕێك لەمێژووی دەست پێکردنی گۆرانی گوتنت بدەرەوە؟:

ـ ڕاستە دەڵێن بنەماڵەی کاك عوسمان هەموویان دەنگخۆشییان بەمیرات بۆماوەتەوە بەڵام من ئەمەوێ بڵێم دەنگخۆشی میراتی داروبەردی کەیمنەیە و بەهەقیش برایانی کەیمنەیی جێی تایبەتی خۆیان لەجیهانی مۆسیقاداکردۆتەوە. منیش وەکوو هەرکەیمنەییەك بەگۆرانی گۆش کراوم و زمانم پێی کراوەتەوە و هەربە مێرمنداڵی هەستم کردووە دەنگم خۆشە و دەتوانم گۆرانی بڵێم. ئێمە (من و فارس برای عوسمان و حمەقیژەڵە برای حەمەحسێن) هاوتەمەن بووین و هەرپێکەوەش لەهەوارو کەژو کێوو باخ و مێرگەکانی هەورامان و بەشوێن ئاژەڵ و دروێنە و باخەوانیەوە دەستمان دەکردە گۆرانی گوتن یان باشتر بڵێم لاسایی کردنەوەی عوسمان و حەمەحسێن و حمەقوڵتە و مام حەکیم و... و توانای خۆمان لەچڕینی سیاچەمانەدا تاقی کردۆتەوە. لەوانەیە بتوانم بڵێم کە لە 15ساڵیی تەمەنمدا دەستم کردۆتە گۆرانی گوتن.

+ واتە لە15ساڵیتەوە وەکوو گۆرانیبێژێك ناسراوی؟:

ـ شتەکە جیاوازە، ئایا ناسراوی لەناو گوند و دەوروبەردایە یانخود بەگشتی لەناو زۆربەی جەماوەردا کەئەمەشیان دەبێتە ناوبانگ دەرکردن. دیارە من و دۆستەکانیشم لەوبازنە بچووکەی دەوروبەردا ناسراو بووین هەربۆیەش بۆیادی تاجگوزاری واتە ڕەسم و یاسای ساڵیادی پاشایەتی لەساڵی 1355 (1976)دا بانگێشت کراین بۆبەشداری لەجێژنەکەدا کەجێژنێکی هەرزۆر گەورەو گران و گشتگیرو سەرتاسەری بوو، ئەو جێژنی تاجگوزارییە

سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە و سێ شەو و ڕۆژی خایاند، من و هاوڕێکانم بەشدار بووین و لەو ماوەیەدا بەزممان گێڕا و لەو ڕۆژەوە وەکوو گۆرانیبێژێك بەتەواوەتی ناسرام و هەربۆ یەکەم جاریش بەئاشکرا لەناو جەماوەردا گۆرانیم گوت.

+ بێجگە لەتۆ و فارس و حمەقیژەڵە کەسیتر وەکوو گۆرانیبێژ بەشداری نەکردبوو؟:

ـ با... زۆر کەس بەشدار بوون لەوانەش حمەحسێن و شەفیع و صدێق و حمەئازیز و فەرەجی نەعمین و... ئەمە سەرەڕای زوڕنا و دەهۆڵ کەچەندین کەسی ناودار لەوێ بوون. ئەوەش بڵێم کەگۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی دیکەش بانگ کرابوون بۆنەوسوود بۆ وێنە جەمیل لەوێ بوو، عوسمان هەورامیش هەربۆئەوێ برابوو.

+ تۆدرێژەت پێدا بەڵام بۆچی فارس و حمە دابڕان؟:

ـ شتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەشقێکی هەمیشەیی و هەرواش توانای ئەو کەسە، لەگەڵ ئەوەشدا حمە دانەبڕا و هەرلەسەری ڕۆیشت و دەنگیشی دیارە بەڵام ڕێکەوتەکان جیاوازن، ئەو بەپێی بارودۆخی تایبەتی خۆی لەبەر تەسکیەکدا مایەوە و منیش بۆم لوا گەشە بکەم. (فارس)یش بەداخەوە جوانەمەرگ بوو، زوو چرای ژیانی کوژایەوە دەنا پێموایە دەبووە دەنگێکی هەرە دیار، کەچی بوو بە قوربانیی شەڕ! بنەماڵەی عوسمان زۆربەی زۆریان بەهرەیان هەبوو بەڵام هیچیان دیارنەکەوتن بۆنمونە دایکی عوسمان یا مامی، (حاجی یاقۆ) یا ئامۆزاکانی، ئەوە براکانی خۆی فارس و سابیر، ئەوە کوڕەکانی بەتایبەت موختار هەموویان گۆرانییان وتووە کەچی هیچکام درێژەیان پێنەدا و دابڕان. بەهەرحاڵ لەناو دۆست و هاوتەمەنەکانمدا من توانیم درێژەی پێبدەم و خۆیشم بەبەختەوەر دەزانم.

+ داهێنان و ئاواز دانان لەسەر بنەما ڕەسەنەکە زۆرتر لەگوندی کەیمنەدا گەشەی کردووە، وەکوو گوتت کەیمنە مەڵبەندی گۆرانیە، ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟:

ـ بەڵێ وایە... کەیمنە زێدی سیاچەمانەیە، کانیاوی گۆرانیە، سەرچاوەی هونەری مۆسیقای ڕەسەنە. زۆر کەس ناویان هەیەو زۆرکەسیش گۆرانیی تایبەت بەخۆی هەیە کەپیشاندەری ئاستی بەرزی توانای داهێنانی هونەرمەندانی کەیمنەیی بووە، بۆنمونە مام حمەتەنە، حمەقوڵتە، مام حەکیم، مریەمی دایکی عوسمان، فەرخی دایکی قوربانی،

فەرخیی مەلا حامید، حاجی یاقۆ، ئەحمەدی سەحەر، عوسمان، حمەحسێن، شەفیع، مەجنون و دەیان ژن و پیاوی دیکە. ئەمەش من پێموایە بەهرەیەکی تایبەتی یەزدانیە لەناخی خەڵکی کەیمنەدا کەلەگەڵ جوانیناسی و هەستی ناسکی خۆیان و سروشتی جوانی دەڤەرەکەیان و ژیانی شاعیرانەی ئەو خەڵکەدا تێکەڵ بووە.

+ گرنگ لەوەدایەکە ئافرەتەکانیش لەکەیمنەدا سەربەست بوون و بەهرەیان هەبووە و بایەخیشیان پێدراوە؟:

ـ تائەم دواییانەش ژن و کچی لای ئێمە گۆرانییان دەگوت... گرنگ چاوکراوەیی و مێشك کراوەیی خەڵکی کێمنە بووە کەئەو بارودۆخەیان دروست کردوە، گەرچی ئەو ئازادییە لەسەرتاسەری هەوراماندا هەبووە و ژن نەك تەنیا وەکو ژن بەڵکو وەك مرۆڤی ڕاستەقینەی خاوەن ماف و کەسیەتی سەیر کراوە و نەخراوەتە پەراوێزەوە بەڵکو تەنانەت ڕۆڵی سەرکردایەتیشی هەبووە (ئەوە مسری جان)کە خۆت باسی دەکەیت باشترین بەڵگە و نمونەیە. بەهەرحاڵ ژنە بەهرەمەندەکان زۆربوون و دیاریش بوون و کەسیش پێشی پێنەگرتوون و نەیچەوساندوونەتەوە. لە مریەمی دایکی عوسمان دەگێڕنەوەکە: ((گەنج بووین... من دەزگیرانی مۆمن (باوکی عوسمان) بووم. لەگەڵ دەستە خوشکەکانمدا بۆهەوارگەی هەیات دەچووین لە (کاوەو دەروێشی)دا گوێمان لەدەنگێکی خۆش بوو، کە سەرکەوتین دەبینین ئەحمەدی سەحەر لەوبەری ڕێی (مروە کویلە)وە لەسەر بەردێك دانیشتووە و سیاچەمانە دەچڕێت... من خۆم پێنەگیرا و پەڕیمەوە ئەوبەر چەمەکە و لەپاڵ دەستیدا دانیشتم و سیاچەمانەکەم لێ سەندەوە و هاوڕێکانیشم لەوبەرەوە لەسەر ڕێگاکە دانیشتن و نوقمی گوێگرتن بوون... ئەو چەمودۆڵە دەنگی دەدایەوە لەچریکەی سیاچەمانەی من و ئەحمەدی سەحەر، ئەوەندەی پێ نەچوو مۆمنی دەزگیرانم هات، کەمنی دیت لەگەڵ گەنجێکی دیکەدا دانیشتووم و گۆرانی دەڵێم دیارە پێی ناخۆش بوو بۆیە بانگی کردم بەڵام من وەڵامم نەدایەوە (چونکە لەگۆرانیەکەدا بووم) دەزگیرانم بەردێکی لەدوورەوە تێگرتم کەدای لەپەنجەی پێم و خوێنی لێ بەربوو کەچی من گۆرانیەکەم نەبڕی، ئەویش بەناچار لای دەستە خوشکەکانم دانیشت و گوێی بۆشل کردین... کەگۆرانیەکەشمان تەواو کرد هەرهەمووومان پێکەوە

بەرەو هەوار کەوتینەڕێ بەبێ ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێکی نەشیاو لەنێوانماندا بەدی بکرێت))
ئەمە ئەوپەڕی ئازادی و مێشك کراوەیی ئەو خەڵکە پیشان دەدات. بەمپێیەش جێی
خۆیەتی کەهونەر لەئاوا کۆمەڵگەیەکدا گەشە بکات و بپارێزرێت و ......

+ باسی داهێنانمان کرد... خۆت لەو بوارەدا چیت کردووە؟:

ـ هیچ داهێنانێکم نەبووە و هەر گۆرانیە کۆنەکانم دووبارە گوتوونەتەوە بەڵام هەوڵمداوە
شێواز و یاسا ڕەسەن و بنەڕەتیەکان بپارێزم و بەهەمان ڕەسەنیی خۆیان بیانڵێمەوە.
لەوانەیە بەهرەکە لای من بەشێوەیەکی دیکە و بۆشتێکی دیکە بێت کە ئەویش لایەنی
شیعریە واتە توانای لەبەرکردن و بەکارهێنانی زۆرترین شیعر لەگۆرانیەکاندا کەئەمیش
خۆی لەشیعری فۆلکلۆری و هەروایش شیعری شاعیرەکاندا دەبینێتەوە.

+ کەوابو تۆخوێندەواریت هەیە و دەخوێنیتەوە؟:

ـ نا... من خوێندەواریم نیە... هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمە و
کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوکات. واتە نەخوێندەواریی باوك و دایك و هەژاریی بنەماڵە و
دژواریی ژیان و کارو زەحمەتی بەردەوامی ناو باخ و ئاژەڵداری و جێ نەکەوتنی خوێندنگا
و خوێندن و... بوونەتە هۆی ئەوەی زۆربەی منداڵانی ئەوسای لای ئێمە نەخرێنە بەر
خوێندن و نەخوێندەوار بمێننەوە، هەندێکی کەمیش کەخوێندوویانە ئەوا شتەکە پێش
هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆتێگەیشتوویی بنەماڵەو دایکوباوك و پاشان توانای مادی واتە
دەست ڕۆیشتوویی بنەماڵەکەیان.

+ ئەی کەواتە چۆن باسی بەکارهێنانی شیعری شاعیران دەکەیت؟:

ـ تەنیا لەڕێگەی بیستنەوە، یابەکەسێك دەڵێم بۆم بخوێنێتەوە یاگوێ لەکاسێتێك دەگرم
و بەیەکجار بیستن شیعرەکە لەبەر دەکەم... پێشتر گوتم بەهرەکە لای من جیایە، من
ئێستا دەتوانم بڵێم سەرجەم دیوانی مەولەوی و زۆربەی بێسارانی و سەیدی و...م لەبەرە
و بەبێ هیچ هەڵە و لێ قرتاندن و پاش و پێش خستنێك شیعرەکانیان لەبەر دەخوێنمەوەو
لەگۆرانیەکانمدا بەکاریان دێنم، شیعری فۆلکلۆریش جێی خۆی هەیە بەڵام زۆرتر مەولەویم
خۆشدەوێت بۆیەش زۆرتری بەکاردێنم و زۆرتریشم لەبەرە.

+ ئەی لەناو گۆرانیەکاندا چ بەشێکیانت خۆشدەوێت، حەزیش لەچ نەزمێك دەکەیت و زۆرتر چ گۆرانیەك دەڵێیتەوە؟:

ـ هەموو بەشەکانی گۆرانیم لاخۆشە بەڵام سیاچەمانەم لەلا باشتر و پەسەندترە چونکە کەش و هەواو دنیایەکی تایبەتی هەیە، کاریگەریەکی مەعنەوی زۆرتریشی هەیە...زۆرتریش هەر سیاچەمانە و خاو دەڵێمەوە، کەمتر حەزم لەچەپڵە و وردە بەزمە، لەناو سیاچەمانەشدا سیاچەمانەکەی (ئەحمەدی نازداریٚ)ی بیارەییم لاخۆشترە و حەز دەکەم هەمیشە بیڵێمەوە چونکە هەوا و هەناسەیەکی زۆر ڕەسەن و سەرکەشی هەیە و کاری زۆرم تێدەکات. ئەحمەدی نازاریٚ یەکێك بووە لەگۆرانیبێژە بەبەهرەکانی ئەوسای هەورامان و خاوەنی توانایەکی شایان و دەنگێکی بەسۆز و کاریگەر بووە و ئەو گۆرانیەیش کەبەیادگار لێی بەجێماوە، لەداهێنانی خۆیەتی کەهەر بەناوی خۆیەوە ماوەتەوە، ئەویش سیاچەمانەیەکی هەرە دڵگیر و ڕەسەنە و پیشاندەری ئاستی بەرز و توانای هونەری داهێنەرەکەیەتی، ئەم سیاچەمانەیە ئاوا دەست پێدەکات:

((جا... ئاخ پەی وەشیەکەو... وەکناهۆ قامەت وش... من دەرەو بیاریٚ...

هۆ گیان لەیل

کورە گرد کۆچشا کردەن... هۆهۆ باوانم... دەی جا ناسك و... دەی نازاریٚ

توخا گیان لەیل))

+ زۆر سوپاس

– من سوپاسی تۆ دەکەم بۆ ئەم دواندنە خۆماڵییە و هیوادارم ڕۆژێك دابێت کە گەنجەکانمان ڕابچڵەکێن و ئێمەش بەسەر هەر بەرزاییەکەوە و لە زاری هەر گەنجێکی هونەرمەندەوە گوێمان لە چریکەی ڕۆحنەوازی سیاچەمانەی هەورامان بێت.

**دیمانەی دەیەم:**

**قوربانی خالیدی**



*" کەیمنەی لانکەی هونەر تەنیا بەهۆی دەنگی زولاڵی (برایانی کەیمنەیی)یەوە ناوبانگی دەرنەکردووە، ئەو لانکە دێرینەیە هەمیشەو هەردەم ڕاژەنراوەو پاش ئەوانیش زۆر رۆڵەی هونەرمەندی پێگەیاندوون کە زۆربەشیان بەرهەمی خەرمانی هونەریی بنەماڵەی (عوسمان هەورامی)ن و لەو خێزانە سەریان هەڵداوە و لەو سەرچاوەیە گۆش کراون و پێگەیشتوون. (قوربانی)یش وەك دەسپەروەردەی دایکێکی هونەرمەند و شاژنێکی بەهرەمەندی کورد لە هەورامانی لهۆندا، یەکێکە لە رۆڵەکانی ئەو بنەماڵە هونەر پەروەرە. گەروویەکی زێڕین.. چریکەیەکی ڕەسەنی ئاهوورایی.. هەناسەیەکی قووڵی ئاهوورامانی و پشوویەکی درێژی هونەرمەندانە کە شیاوی سیاچەمانەی دێرین و پیرۆزی کورد بێت...، ئەمانە هەموو سەروەت و سامان و ماڵ و حاڵی (قوربانی)ین و لەداری دنیا جگەلەوانە و دڵێکی ساف و*

*تەژی لە خۆشەویستی هیچی دیکەی پاشەکەوت نەکردووە. دەکرا قوربانی خوێندەوارێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەندێکی چاوکراوەی داهێنەری لێ دەربهاتبا بەڵام ئەو، بووە قوربانیی هەژاری و دەسکورتی و بێدەرەتانی و لەگەڵ ئەوەشدا لە چریکەی ڕەسەنی ئاهووراییدا لەهەموو کەس دەوڵەمەندتر و سەرتەڵ و سەربەرزترە.*

*با بزانین خۆی چیمان بۆ باس دەکات:...*

*

+ باخوێنەران باشتر بتناسن؟:

ـ ناوم قوربانی خالیدی کوڕی تۆفێق ساڵی 1339 (1960) لەگوندی کەیمنەی هەورامانی لهۆن لەدایك بووم و ئێستا لەکانی دیناری لای مەریواندا گیرساومەتەوە.

+ ئایا باشتر نەبوو ناوی دایکیشت بهێنابا... تائەو جێیەی من ئاگاداربم دایکت دەنگخۆشێکی بەهرەمەندی هەورامان بوو بەڵام باوکت... نا؟:

ـ راستە... دایکم (فەرخی) یەکێك بووە لەگۆرانیبێژە دیارەکانی کەیمنە و تەنانەت خۆی خاوەنی گۆرانیی تایبەتی خۆی بووە واتە توانای داهێنانی لەئاستێکی بەرزدا بووە و جێپەنجەی هێشتاش لەدنیای گۆرانیدا هەرماوە و دیارو بەرچاوە، بەڵام من کە لەسەرەتاوە ناوم نەبرد لەبەر دوو هۆ بوو: یەکەمیان ئێمە ڕاهاتووین بەهێنانی ناوی باوك نەك دایك واتە بەو جۆرە دەناسرێینەوە، دووەم دەمزانی کەتۆ خۆت پرسیاری دایکم دەکەیت بۆیە ناوهێنان و باسکردنیم دانا بۆ کاتی پرسیارەکەی تۆ.

+ دایکت ئێستا پیر و بەتەمەنە... ئایا دەتوانێ گۆرانی بڵێت؟:

ـ وەوڵامی ئەمەیان لای خۆتە، حەز دەکەم خۆت وەڵامی پرسیارەکەی خۆت بدەیتەوە.

+ زۆر پیر بووە و تەندروستیی خراپە و توانای چڕینی نەماوە بەڵام جاروبار بەتەنیایی و ئەگەر دڵنیابێ کەسی لەدەوروبەردا نیە بۆخۆی دەکەوێتە کرکەو، لایلایەیەك دەڵێتەوە... گەرچی هێزو بڕشتی هەناسە و گەرووی نەماوە بەڵام سۆزی دەنگی هێشتاش کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە، کێشەکە لەوەدایە هەرکە هەستی کرد کەسێکی لێ نزیکە ئەوا بێدنگ دەبێت و تاقە وشەیەکیش ناڵێت ئیتر ئەو کەسە گەر تەنانەت من و تۆش بین... زۆرجار

خۆم لێی داگرتووە و زۆرجاریش داوام لێکردووە کەچی هیچ کات ئامادە نەبوە گۆرانییەکم بۆبلێت یا تەنانەت سۆزێکم بۆبکات.

ـ دایکم وەك خۆت گوتت زۆر پیرە و بینایيشی نەماوە و ئەمەیان زۆرتر ئازاری دەدات، بەهەرحاڵ من حەقی خۆمە شانازی بەوەوە بکەم کە پەروەردەی شاژنێکی بەهرەمەندی وەك ئەوم و بەمشێوەیە پێی گەیاندووم.

+ ئایا ڕاستەوخۆ لەدایکتەوە فێری گۆرانی بوویت... بەگشتی چ کاریگەریەکی لەسەر ژیانی هونەریت داناوە؟:

ـ من لەسەر دەستی دایکم و لەئامێز و لەزاری ئەوەوە ئاشنای گۆرانی بووم و پاشان مامەکانیشم ڕۆڵیان هەبووە لەپێگەیاندنمدا. دایکم نەك هەر مامۆستای من بەڵکو مامۆستای ڕاستەقینەی مام عوسمانیش بووە و زۆرجار چۆنیەتیی چڕین و دەربڕکردنی شیعرەکان و ئیقاعی گۆرانیەکانی فێر کردووە. بۆمنیش، دیارە مامۆستایەکی کارامە بووە بۆم و هەر ئەویش گۆرانیی پێ ناساندووم، گەر ئەو نەبووبا پێموانیە بمتوانیبا بەمشێوەیەی ئێستام سیاچەمانە بچڕم. پاشان من کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی دەنگی دایکم و مام عوسمان و ئەو کاریگەرییەش لەکارەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت زۆرجار (پێشتر) لاسایی دەنگی دایکم کردۆتەوە و حەزم کردووە هەروەکوو خۆی گۆرانی بڵێم.

+ پێموایە هەرلەبەر ئەوەشە کە ئەوەندە هۆگر و شەیدای گۆرانیی (ئایشێ ڕۆ)یت؟:

ـ ئەو گۆرانیە هی دایکمە، واتە دایکم دایهێناوە، سیاچەمانەیەکی زۆر سەرکەش و سەخت و ئاستەمە و لەهەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی دەرونیی بێ سنوور دەکاتەسەر نەستی بیسەر و تەنانەت خودی گۆرانیبێژەکەش، ئێمە سیاچەمانەیەکی دیکەمان هەیە، بەناوی (ئایشێ وەی)، دایکم هاتووە لەسەر بنەمای ئە سیاچەمانەیە سیاچەمانەیەکی (بەرزەچڕ)ی نوێی داهێناوە و ناوی لێناوە (ئایشێ ڕۆ) کەجگە لەوەی بەرزەچڕە زۆر لە سیاچەمانەکەی دیکە سەخت و سەرکەشتریشە... من لەوەتی ئەو گۆرانیەم لەدایکم بیستووە هۆگری بووم و هەمیشە لەدڵی خۆمدا و بۆخۆم دەیڵێمەوە بەڵام بەشیعری خۆم، چونکە ئەوی ڕاستی بێت شیعرەکانی دایکم لەبیر نەماون. لەوانەیە هۆگریی من بەو گۆرانیە بگەڕێتەوە بۆئەو کاریگەرییە کەدەنگی دایکم بەسەر منی هەبووە و هەرواش

خاڵی سەرەکیی لاسایی کردنەوەکانمە بۆدەنگی ئەو. ئەمەش نموونەیەك لەو سیاچەمانە بەرزەچڕەی دایکم (ئایشێ ڕۆ):...

(( گەرمای شارەزوور {ئایشێڕۆ... هۆ} سەردای نەمەنە

وەتوخا لەیل

{جا} بدیە پەی تەختی {هۆئایشێ ڕۆ... دێ} هەڵای تەمەنە

وەتوخا لەیل

بەرزی تەخت پەی چێش {هۆ ئایشێ ڕۆ... دەی} سفیدیت پۆشان

وە توخا لەیل

{ئینجا} یاران ئارەزووی {هۆباوانم... دەی} دیدەنی تۆشان

وەتوخا لەیل

کێ بەرو تاقەت {قیبلە گیان... ئاخ} تافەسڵی وەهار

وەگیان لەیل

گوڵان بەربەیان {هۆسەوزێ گیان... جا} هەزار بەهەزار

وەتوخا لەیل

بەشکم زووبە زوو {هۆئایشێ ڕۆ... دەی} شەماڵ باوەرۆ

وەتوخا لەیل

چەنی فەرشی سەوز {... ئازیز گیان... با} سفیدی بەرۆ

وەتوخا لەیل))

+ پێتوایە دایکت تاقە ئافرەتی بەهرەمەندی بواری هونەر بووبێت لەکاتی خۆی لەهەوراماندا؟:

= نا... دایکم بەتەنیا نەبووە، هەورامان زۆری وەك دایکمی پێگەیاندوون، ئەو شارستانیەتە دێرینەیەمان زۆری بایەخ بەئافرەت داوە و ئافرەت لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و...دا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، تەنانەت وەکوو سەرکردەی سیاسی و سەربازیش ئێمە ئافرەتی ناودارمان لەهەوراماندا هەن... دایکم چەند هاوڕێ و هەڤاڵ و دەستەخوشکێکی هەبوون کە

هاوتەمەنی خۆی و وەك خۆیشی بەهرەمەند بوون، بۆوێنە دەتوانم ئاماژە بە (ئامۆژن مریەمی دایکی مام عوسمان و فەرخی ناوێکی دیکە و بەیزا و...)
بکەم کە دەنگیان خۆش بووە و وەك هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناسراون و لەگەڵ پیاوانیش و لەکۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکانیشدا گۆرانیان وتووە.
+ چۆن دەڕوانیتە سیاچەمانە و گۆرانی بەگشتی؟:
= من گۆرانی بەگشتی و سیاچەمانە بەتایبەتی بەخاڵێکی هەرە گرینگ لەمێژووی خۆمان دەزانم و وەکوو ناسنامەیەکی نەتەوەیی سەیری دەکەم، ئەوی ڕاستی بێت ئێمە پەیامی زۆرمان هەبووە کە لەڕێگەی سیاچەمانەوە دەرمان بڕیوە و گەیاندوومانە، گۆرانی بەشێکە لەژیان و شارستانێتی ئێمە و دەکرێ بەهۆیەوە پێناسەی خۆمان بکەین... وەکوو ئاوێنەیەکی باڵا نوێن چۆنیەتیی کار و کردەوە و سیستەمی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەمان پیشاندەدات و یەك لەو شتە هەرە مەزن و پیرۆزانەیە کە بەهۆیەوە زیندووین و زیندوویش دەمێنینەوە، بەمەرجێك خزمەتی زۆرتری بکەین و بیپارێزین و گەشەی زۆرتری پێ بدەین، دەبێ کەسانی وەکوو خۆت تەفسیرو خوێندنەوەی نوێ بۆسیاچەمانەی دێرین بهێننە پێشەوە و زۆرتر و باشتر بەگەلانی دیکەی بناسێنن.
من نازانم سیاچەمانە کەی و چۆن داهێنراوە و ئەوەیان بۆخۆت جێ دێڵم بەڵام ئەوەندە دەزانم کەلەوەتی خۆم ناسیوە لەگەڵیدا ژیاوم و وەکوو بەشێك لەمێژووی خۆم ناسیوە و هەوڵیشم داوە بۆپاراستن و بەرەو پێش بردنی.
+ ئەی پێتوایە کێ دایهێناوە؟:
= ئەوەشیان هەر نازانم و بابمێنێتەوە بۆخۆت، بەڵام دواتر هەبوون کەسانێکی بەهرەمەند کە توانیویانە زیادەیەکی بخەنەسەر و داهێنان بکەن، بۆنمونە دەزانین کەسانی وەك مام حەکیم و ڕەشەغوڵام و حاجی یاقۆ و ئەحمەدی نازدارێ و نەسروڵا و دایکم و دایکی مام عوسمان و خودی مام عوسمان و مام حمەحسێن و جەمیل و فەتحوڵڵا و...تاد هەریەکە گۆرانی تایبەتی خۆیان

هەبووە، لەم جیلەی ئێستاشماندا هەر کەسانی بەهرەمەند بەرچاو دەکەون و گەر بەراوردێك بکەین دەبینین خەرمانی گۆرانیمان ئەمڕۆ دەوڵەمەندترە. بۆچوونێکیش هەیە کەئاماژە بە یۆسۆئاسکە دەکات وەك سەرەتایەك بۆسیاچەمانە بەڵام ئەوەیان ئەقڵ نایگرێت و تۆخۆیشت ئەوەت لەنووسراوەکانتدا روون کردۆتەوە و من لەسەری ناڕۆم. هەرئەوەندە دەڵێم کەسیاچەمانە زۆر لەوە دێرینترە کەسەرەتایەکی بۆ دابنرێت و لەوەش مەزنتر و قووڵترە کە بیدەینە پاڵ کەسێکەوە بەڵکوو دەبێ بەموڵکی نەتەوەیەکی بزانین کە لە سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانیەوە لەگەڵی هاتۆتە ئاراوە.

+ پێشتر ئاماژەت بە (شیعری خۆت) کرد... ئایا بۆهەموو گۆرانیەکان هەرهی خۆت بەکاردێنی... پاشان ئایا تۆخۆت داهێنانت هەبووە؟:

= شیعری شاعیرەکانمان دەڵێمەوە و زۆریش گرینگی بەلایەنی فۆلکلۆر دەدەم و هی خۆم زۆر کەمن... من شاعیر نیم بەڵام جارجار هەستێکی خۆم لەسۆزێکدا دەردەبڕم. پاشان من داهێنان و گۆرانیی تایبەتی خۆم نیە و هەر ئەوانەی پێشوو دەڵێمەوە... داهێنان توانا و بەهرەیەکی زۆری دەوێت کەبەداخەوە من ئەو بەهرە و توانایەم نیە.

+ زۆرتر حەز لەکامە گۆرانی دەکەیت و زۆرتریش لەگەڵ کامە گۆرانیبێژ بەشداریی گۆرانیت کردووە؟:

= سێ بەزمم لەهەموویان پێ خۆشترە: (ئایشێ ڕۆ)ی دایکم و (کەڵەپەی کەڵا)ی مام حمەحسێن و بەزمەکەی حاجی یاقۆ کەناونیشانی نیە و هەربەناوی خودی گۆرانیبێژەکەوە ناسراوە کەمامی عوسمانە. ئەو سێ بەزمە زۆر سەرکەش و ڕەسەن و دڵگیرن و نوقمی حەزو چێژم دەکەن. بۆگۆرانیی (دوو قۆڵی)یش، لەگەڵ زۆربەی زۆری گۆرانیبێژەکاندا گوتوومە، وەك: مام حمەحسێن (بۆیەکەمجار لەسەرەتای دەست پێکردنم)، عەلی گوڵپی و شەفیع و عەتا زەڵمی و سەباح و رۆستەم و تۆفێق و صدێق خالیدی و ئەشرەف و ئەمین دەمەیەوی و عەلی دەمەیەوی و زۆر کەسیتر... بەڵام هێشتاش نەمتوانیوە

(لەڕووم نەهاتووە) لەگەڵ مام عوسمان گۆرانی بڵێم کەئەویش دەگەڕێتەوە بۆئەو ڕێز و مەزنایەتیەی، من بۆئەو قایلم و جگەلەوەی ئامۆزامە و بەمامە بانگی دەکەم، بەمامۆستای مەزنی خۆشمی دەزانم، بۆیەش ئەو جورئەت و جەسارەتەم لەخۆمدا ڕانەدیوە لەگەڵی گۆرانی بڵێم.

+ نەمپرسی بۆ بواری خوێندنت؟:

= قۆناغی سەرەتاییم تەواو کرد بەڵام وازم لێهێنا چونکە بەتەمەن دیکەی قوتابیەکان گەورەتر بووم و زوویش ژنیان بۆهێنام و چوومە ژێر باری قورسی ژیان و بەرپرسایەتی، قورئانیشم خوێندووە کە وەك ئاگاداری فەقێی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا (فەتاح)ی باوکت بووم. ئێستا ئەوەندە هەیە کەبتوانم بنووسم و بخوێنمەوە.

+ چیت هەیە باسمان نەکردبێت؟:

ـ ئەوەوی هەبوو باسکرا جگە لەئاوارەیی ئێمە نەبێت...! من هیچم نیە بیلێم جگە لەوەی سەرکەوتن بۆتۆ و ئەم پرۆژە بەنرخەت و هەرواش بۆهەموو هونەرمەندێکی ڕەسەن و دڵسۆزی ئەم وڵاتە بەئاوات بخوازم.

* * *

**دیداری یازدەهەم:**

**تۆفیق زاوەری**



*" بەرهەمی نزیکەی نیو سەدە ژیان، کە پڕیەتی لەچەرمەسەری و تاڵوسوێری و ڕەنج و مەینەت و شەڕوبرسێتی و ئاوارەیی و ماڵوێرانی و... خانوویەکی خنجیلە و کۆرپەلەیەکی ساوا و لەبەردڵانە و ئیتر، هەر شەڕی بەردەوامی ژیان و ئارەق ڕشتن و کۆڵنەدان. بەڵام شتێکی پیرۆزتریش لەئارادا هەیە کە ئەوی سەر خستووە بەسەر ئەو شەڕەدا، ئەویش هەستێکی بێگەردی هونەرییە وێڕای بەهرەیەکی لەبن نەهاتوو و گەروویەکی زێڕین و چریکەیەکی زوڵاڵی ئاهوورایی. هونەرمەند تۆفێق دزاوەری لەگەڵ شیری ژیانبەخشی دایکیدا بەهەناسەیەکی سیاچەمانەی (حاجی فەتاح)ی باوکی گۆش دەکرێت، بۆیە دەبێتە گوڵێکی دیار و بۆنخۆش لە گوڵزاری سیاچەمانەدا. هونەرمەند تۆفێق دزاوەری یەك لەو کەسانەیە کە دەکرێ لەبواری هونەریدا پشتی پێ ببەسترێت و دڵ پێی خۆش بێت، جاروبار نوقمی ناو ئەو کۆمەڵە دیوانە شیعرە دەبێت کە کۆی کردوونەتەوەو لەوساتەدا مەگەر هەر چریکەیەکی ئاهوورایی بتوانێ ڕۆحی بەرزی دامرکێنێ. هونەرمەندێکی بە بەهرەی دنیای گۆرانی بە هەستێکی ناسك و برستێکی دامێنەرانەی هیوابەخش. با پێکەوە گوێ لە قسەکانی بگرین:...*

*

+ ئەگەر خۆت بە خوێنەرانی ئەم بەرهەمە ئاشنا بکەیت...؟:

= ناوم (تۆفێق عەلیمحەمەدی)یە و بە تۆفێق دزاوەری ناسراوم، کوڕی خوالێخۆشبوو (حاجی فەتاح)ی دزاوەریم کە خۆی گۆرانیبێژێکی بەهەرەمەند بوو، ساڵی 1332ی هەتاوی (1953ز) لەگوندی دزاوەری سەربە هەورامانی لهۆن لەدایکبووم و هەرلەوێش تا پۆلی شەشەمی سەرەتاییم خوێندووە. ساڵی 1980 بەهۆی شەڕی نەگریسی نێوان ئێران و عێراق ئاوارە بووین و ئیتر پاوە و جوانڕۆ و ڕەوانسەرو...، ئێستاش شاری مەریوان بۆتە جێی گیرسانەوەم، کوڕێکم هەیە ناوی (یەزدان)ە و منیش لەپێناو بەختەوەری دواڕۆژی ئەودا خەریکی هەوڵ و تێکۆشانم.

+ چۆن و لەکەیەوە دەستت بە گۆرانی کرد و کێ و چی هانی دایت؟:

= وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، باوکم دەنگی زۆر خۆش بوو، گۆرانیبێژێکی دیکەشمان لە دزاوەردا هەبوو بەناوی عەلی کە زۆر لێك نزیك بووین، ئەو دوو بەڕێزە کاریگەری زۆریان

لەسەرم هەبووە، سروشتی هەورامانیش خۆی لەخۆیدا یەکپارچە هونەر و جوانی و مۆسیقای نایابە، ئەو دیمەنە هەرەجوان و دڵڕفێن و خەملیوە، سەدان شاعیر و هونەرمەندی شەیدا و سەوداسەری پێگەیاندووە و هاندەر و پەروەردەکاری سەدان کەڵە هونەر بووە. (هەورامی)یش زمانی بە لایلایە و گۆرانی دەکرێتەوە و منیش یەکێکم لەوان کەلەو قوتابخانەیەدا پەروەردە کراوم و لەو بەهەشتەدا بەهرەیەکم پێگەیشتووە، پاش دارەدارەو لاسایی کردنەوەیەکی زۆر، لەساڵی (1978)یشەوە بەئاشکرا گۆرانیم گوتووە و ناسراوم، چوونکە لەو ساڵانەدا بوو کە هەستم کرد گۆرانی دەناسم و دەتوانم خۆمی لێبدەم و خزمەتی بکەم.

+ کامە گۆرانی و هەرواش دەنگی کامە هونەرمەندیتر کاری تێکردوویت؟:

= هەموو گۆرانیەکان و بەتایبەت هەموو سیاچەمانەکان بەقووڵی کاریان کردۆتە سەر بیرو زەین و هەستم و هەژاندوومیان، ڕەنگە زۆرجار بەبێ ئاگا لەخۆم هەر دووبارەو چەندبارەم کردبنەوە تاڕادەیەك کەئەو کارە بۆمن وەکوو وانەیەکی لەبەرکراوی لێهاتووە، هەرئەوەش بۆتە هۆی ئاشنا بوون و شارەزایی زیاترم لەگەڵ پێچ و خەم و سەرەوژوورو سەرەوخواری گۆرانیدا. بۆ کاریگەریی دەنگیش، پێویستە ئەوە ئاشکرا بکرێت کە دەنگی عوسمان و جەمیل و حمەحسێن، ئەوسێ کەڵە هونەرمەندەی بواری مۆسیقای هەورامان سەرەکیترین و سەرەتاییترین هاندەرو مامۆستای هەموو گۆرانیبێژانی ئەمڕۆ بووە، واتە جیلی پاش ئەوان کە دیارە منیش دەگرێتەوە، من زۆر چوومەتە ناخی دەنگی زوڵاڵی ئەو سێ بلیمەتە و بەتایبەتی سیاچەمانەکانیان زۆر کاریان تێکردووم، من ئەوان بە مامۆستای ڕاستەقینەی خۆم دەزانم.

+ کە ساڵی 1978 گۆرانیت دەسپێکرد، کامە گۆرانیت چڕی و لەگەڵ کێدا؟:

= یەکەم بەزم کە گوتم (لاوەلاوەکە) بوو کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ حمەحسێن کەیمنەییدا تۆمارم کرد، حاڵ و هەوایەکی هەژێنەری هەبوو کە هەرگیز لەیادی ناکەم.

+ ئایا هەر بەزمە کۆنەکانت گوتوونەتەوە یا بۆخۆت داهێنانت لەوبوارەدا هەیە؟:

= ئەو بەزمەی (لاوەلاوەکە) کە ئاماژەم پێکرد داهێنانی خۆمە بەڵام لەسەر ڕێسای بنەما ڕەسەنەکەی، هەروەها بەزمی (بەهارە بەهارە) و (بارئەکەم)یش هی خۆمن. بەلای منەوە

گرینگ گۆرانیە کۆنەکانن کە دەبێ بگوترێنەوەو نوێ بکرێنەوەو بپارێزرێن و کاری زۆرترو داهێنەرانەیان لەسەر بکرێت، مەبەستم ئەوەیە کە نابێ بە بیانووی داهێنان هەوا ڕەسەنەکان تێك بدرێن و لە تایبەتمەندییە ڕەسەنەکەی هەورامان دوور بخرێنەوەو دابڕێن.

+ هەندێ کەس تازەگەری و داهێنان بە لاسایی کردنەوە و دەسکاریکردنی بەرهەمی دیتران تێدەگەن و ئەوکارەشیان کردووە... لەم بارەیەوە ڕات چییە؟:

= بەداخەوە لەم سەردەمەدا وشەی هونەرمەند هێندە سووك بووە کە مەڵێ...! ئەم وشە پیرۆزە بە هەموو کەسێك دەوترێت، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ وێنە لە دنیای گۆرانیدا هەرکەس دەنگی خۆش بوو نابێتە هونەرمەند، هونەرمەند واتایەکی قووڵ و بەربڵاوی هەیە وەکوو وشە، وەکوو شەخسی هونەرمەندیش دیارە تایبەتمەندی و سیفەتی تایبەتی خۆی هەیە. هونەر ئەگەر لە هێڵی ڕەسەنایەتی لایدا هونەر نییە، من دژی داهێنان و تازەگەری نیم بەڵکوو زۆریش ڕێزی لێدەگرم و جوان و بەرز دەینرخێنم و بۆ خۆشم بەدوای کەوتووم و ئەزموونم هەیە، بەڵام لە بنەما ڕەسەنەکە لام نەداوە و هەرجۆرە لادانێکیش لەو ڕێسایە بە داهێنان نازانم، تازەگەری دەبێ لەسەر بنەما ڕەسەنەکە بنیات بنرێت نەك وەکو تۆ دەڵێی لاسایی کردنەوەی دیتران! من زۆر جار گوێ لە گۆرانی غەیری هەورامی دەگرم دەبینم تێیدا لەسەر بنەماکانی لای ئێمە کار دەکرێت، واتە بنەڕەتی شتەکە لە ئێمەوە وەرگیراوە، ئەمەش مەزانیەتی و دەوڵەمەندیی هونەری ڕەسەنی ئێمە دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا هەندێ لاوی کەم ئەزموونی لای خۆشمان هەن لاسایی ئەو لایەنانە دەکەنەوە کە ئاماژەم پێکردن، واتە لاسایی لاساییکەرەوەکان دەکەنەوە! دەبێ بڵێم کە ئەوانە هونەرمەند نین و هیچ فرێکیان بە عالەمی هونەرەوە نییە، هونەرمەندی ڕاستەقینەو داهێنەر بناغەی تازەگەریەکانی لەسەر سیاچەمانە دادەمەزرێنێ. ئەگەر وا نەبێ ئەوە لە ڕەسەنایەتی لای داوە، ئیزنم بدە هەر ئەو شیعروئاوازەی خۆت بە نموونە بهێنمەوە: تۆ هەم لە شیعرەکە و هەم لە ئاوازەکەشتدا داهێنانت کردووە و کارەکەش لە هێڵی هونەری ڕەسەن لای نەداوە. هەموو داهێنانەکان ئەگەر وا بن جێی ڕێز و دڵخۆشین. بەکورتی دەبێ بڵێم هونەری کوردی ئەوەندە دەوڵەمەندە کە دەتوانێ بەشی هەموو دنیا

بدات، بە هەبوونی ئاوا دەوڵەمەندییەکیش، لاسایی کردنەوەی دیتران بەڕاستی هۆی شەرمەزاری و سووکایەتییە و بەلای منەوە بەچەشنە تاوان و خیانەتێك لێکدەدرێتەوە.

+ بۆچی لە زۆربەی گۆرانیەکانی هەوراماندا جۆرە شێواوییەك بەدیدەکرێ... بۆچی هیچ دەقێکی واتاداری یەکگرتوو لە گۆرانیەکدا بە تەواوەتی ناوترێتەوە؟:

= ڕاستە... ئەوەش بەڕاستی گرفتێکە بۆ هونەری ئێمە، ئەگەرچی وەك خۆشت ئاگاداری منیش و کاك فەتحوڵلایش خەریکی ئەوەین کە ئەو شکڵ و شێوازە ببەخشینەوە بە گۆرانی و هەروا کارەکەی لای خۆشت زۆر گرینگ و جێی دڵخۆشییە، بۆیە دەڵێم پێی ببەخشینەوە چوونکە ئێمە لە سەرەتادا دەقی ئاوا یەکگرتووی واتادارمان هەبووە. بەڵام بەداخەوە، چوونکە کاری زۆری لەسەر نەکراوە و نەنووسراوەتەوە، بەدرێژایی زەمانیش هەندێکی لێ پچڕاوە و فەرامۆش کراوە، ئەوەشی کە سنگ بەسنگ ماوەتەوە پرژ و بڵاوەی پێ کراوە. من زۆر ئومێدم هەیە کە نووسینەوەو ڕێکخستنی گۆرانی و شیعرە فۆلکلۆریەکانی لای خۆت بگاتە ئەنجام و لەم سەرلێشێواوییە ڕزگارمان بکات. لە ئێستاشدا بەشێك لەو گیروگرفتە دەگەڕێتەوە بۆ زەینی ڕووناك و بیری ورد و توانای هونەریی گۆرانیبێژەکان کە بتوانن وشە و ڕستە و دێڕە شیعرە هاوبەشەکان لێك جیا بکەنەوە، کەچی بەداخەوە گۆرانیبێژی ئەمڕۆی ئێمە زۆرتر پەرە بەو تێکەڵاو کردنە دەدات و بە نموونە شیعری تایبەتی ( سنجانەوسنجانە) لە (تەموتەمەلوول)دا دەڵێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆیشی تێبگات و بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە کە سنجانەوسنجانەی تایبەتی چەپڵە لەکوێ و تەموتەمەلوولی سیاچەمانەی سەرکەش لەکوێ، ئەویش بەوهەموو سەرکەشی و کەشوهەوا ڕۆحی و عیرفانییەوە ! دەنا ئێمە دەقی زۆر ڕێکوپێکی یەکگرتوومان هەن بە گۆرانیی تایبەتی خۆیانەوە و تەنها هیمەتێکی پیاوانە و دڵسۆزانە و لەهەمان کاتدا شارەزایانەی دەوێت کە ببووژێنرێنەوە و بخرێنەوە ڕوو.

+ ئەمە لە فۆلکلۆر... ئەی خۆ شیعری شاعیرە دیارەکانیشمان هەر تێکەڵ دەکرێن؟:

= ئەمەیان باسێکی جیایە، دەبێ ئەو ڕاستیەمان لەبیر نەچێت کە گۆرانیبێژەکانی لای ئێمە نەخوێندەوار بوون و هەر تەنیا بە بیستن و گوێ لێگرتن و گوتنەوەی دەقەکان لەگەڵیاندا ئاشنا بوون و چەند دێڕە شیعری شاعیرێکیان لەبەر کردووە و دوایی هەر ئەو

چەند دێڕەشیان لەناو دەیان دەقی فۆلکلۆریدا دووبارە و چەندبارە کردوونەتەوە بە جۆرێك کە ئێستە تەنانەت وا هەست دەکرێ هەندێ تاکە شیعری شاعیرانی وەك مەولەوی و سەیدی و بێسارانی و... تاد هی ئەوان نەبن بەڵکوو بوونبێتنە بەشێك لە شیعری فۆلکلۆری، ئەمە بۆچی... بۆ ئەوەی کە زۆر تێکەڵی شیعرە فۆلکلۆریەکان کراون و گوتراونەتەوە. بەڵام ئێستا وا نییە، گۆرانیبێژەکانی ئەمڕۆ زۆربەیان خوێندەوارن، لەوانەیە تەمەنی من لە زۆربەیان لەسەروتر بێت، ئەوەتا دەبینی بەشی خۆم خوێندەواریم هەیە و خۆت ئاگاداری تا ئێستا چەند دەقێکی شاعیرانم کردۆتە گۆرانی. ئەم کارەش بە گرینگ و پیرۆز دەزانم، بەڵام نابێتە ئەوەی کە خودی دەقە فۆلکلۆریەکانمان ڕێك بخرێنەوە و بنووسرێنەوە.

+ زۆر داکۆکی دەکەیتە سەر شیعری فۆلکلۆری؟:

= دەزانی بۆچی... چوونکە هەست دەکەم و بڕوام وایە کە لە بواری فۆلکلۆر و ئەدەبی نەنووسراودا دەوڵەمەندترین و بە پیتترین خەرمانمان هەیە. لە شیعری فۆلکلۆری هەوراماندا هیچ شتێك تێکەڵ نەکراوە، ناتەواو نییە، واتا و مەبەستی تەواو دەگەیەنێت، ئێمە شیعرو ئاوازی جیاواز و تایبەتمان هەنە بۆ ژن و پیاو، کچ بۆ کوڕ، کوڕ بۆ کچ، شوان، ڕاوچی، مەڕدۆشین...تاد هەرکام لەو بەشانە شیعرو ئاوازی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەویدیکە جیان، تۆ بڕوانە لە گۆرانی هەورامیدا کوڕوکچێك چەندە جوان و ڕێکوپێك پێکەوە سکاڵا دەکەن، کچ دەڵێ:

(ئەی خوا مەرگم دە شەوە ئامارە

پەی بیبین سیاوی دڵەکەم تەمیارە)

کوڕیش وەڵامی دەداتەوەو خۆشەویستیی خۆی بۆ دەردەبڕێت:

(قەسەمێم وارەدەن بەگوڵە گەنم و جۆ

بیبینێ مسانوو جە گجیەکەو تۆ)

ئەمانە و دەیان دەقی یەکگرتووی ئاوامان هەن، ئێمە ئەگەر ئاوڕی فۆلکلۆری کوردی بدەینەوە و بە سەرنجی وردەوە لێی بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت کە چ ئەدەبێکی دەوڵەمەندی نەنووسراومان هەیە. ئێمە دەتوانین جوانترین، شیرینترین یا خود تاڵترین

چیرۆکی ڕاستەقینە لە ژیان و مێژووی گەلەکەمان لە ناو شیعرە فۆلکلۆریەکانماندا بدۆزینەوە. دڵنیام ئەگەر بە وردی سەیری بکەین و بەجوانی بیناسینەوە، بۆ هیچ شتێك دانامێنین و هەموو شتێکمان لەبەر دەستدایە. دڵنیاشبە ئەگەر هەموو گۆرانی و شیعرە فۆلکلۆریەکانمان بنووسرابان، ئەمڕۆ ئەم ناتەبایی و تێکەڵ و پێکەڵیەی کە بەرۆکی گرتووین و باسی لێوە دەکەین بەرچاو نەدەکەوت و هەر شیعرێك تەعبیری لە گۆرانیی تایبەت و دیاریکراوی خۆی دەکرد و هەموو گۆرانیەکیش وەك دەقێکی یەکگرتوو واتای تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەبوو.

+ کامە گۆرانیت پێخۆشە؟:

= سیاچەمانەی (تەم و تەمەلوول)م خۆشدەوێت بەڵام زۆرتر لە هەموویان شەیدای بەزمی (کورە مەلوول)م، ئەم سیاچەمانە دڵنەوازو هەرە دێرینەیەم زۆر خۆشدەوێت و هەمیشەش بۆ خۆم دەیڵێمەوە و لێی تێر نابم و قەتیش ماندووم ناکات:

(واچە ئەرسەڵان.. — وەی کورە مەلوول..گیان.. جا — درێخم.. نەکەردەن...
گیانەکەم لەیل/

_ کورە _ هەر بەرزێ بەرزا.. _ کورە ڕەفێق.. ئای.. دەی _ من نامێم بەردەن..
گیانەکەم لەیل)

ئەم سیاچەمانەیە دەمباتە دنیایەکی تر و ئاسۆی خەیاڵم هەزار هێندە بەرینتر دەکات.

+ ڕات لەسەر ئەم کۆڕ و گەشتە هونەریانەی ئێستامان چییە... ئەم سەیران و یەکتر بینین و بیروڕا گۆڕینەوەیە وەك بەرنامەیەکی نوێ و پرۆسەیەکی فراوان چۆن دەبینی؟:

= زۆر بە پێویستی دەزانم و زۆریش پێی دڵخۆشم، نەك هەر من بەڵکوو هەرهەموو ئەو دۆستانەش پێی دڵخۆش و ئومێدەوارن. لاموایە دیدارو کۆڕو کۆبوونەوەو دیمانەی ئەوتۆ لەنێوان هونەرمەندەکانماندا گرنگیەکی لەڕادەبەدەری هەیە، پێویستە و زۆریش زەروورییە، دەبێتە هۆی یەکترناسین و ئاشنابوونی شێوازی کاری یەکدی و لێکگەیشتن و گەشەو نەشەی زۆرتری هونەری و توانای داهێنەرانەی هونەرمەندان. دیارە ئەگەر من هونەرمەندێك لە نزیکەوە بناسم زۆرتر لێی تێدەگەم و بەناسینی شێوازەکەشی زۆرتر دەرکی دەکەم و سوودیشی لێوەردەگرم و زۆرتریش دەتوانم لێی بکۆڵمەوە، ئەویش لە

بەرامبەر مندا هەروایە، ئەم یەکتر ناسینەش ئاکامی ئاوا کۆڕو کۆبوونەوە و گەشتێکی هونەرییە، بەمەرجێك کارەکە کاتی نەبێت و درێژەی پێ بدرێت، ناتوانم هەوڵە جدییەکانی خۆت لەم بوارەدا لەبەرچاو نەگرم.. بەڕاستی جێی ڕێز و پێزانینی سەرجەم هونەرمەند و هونەردۆستانی هەروامانە.

+ دواییت قسەت؟:

= ڕەنج و زەحەتی بێ وچان لە پێناو بووژاندنەوەی فەرهەنگ و هونەری ڕەسەنی کوردیدا، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە و ئەوەی ئەو ئەرکە پیرۆزە بە جوانی و ڕاستگۆیی بەڕێوە بەرێت سەرفراز و بەختیار دەبێت. ئەوکەسەی تێدەکۆشێت سیاچەمانەی دێرینمان بپارێزێت و بیکاتە بنەمای لێکۆڵینەوەو داهێنان، جێی ڕێزوحورمەتە، بەڵام دەبێ وشیارتر بێت و خۆی زۆرتر ماندوو بکات. هیواداریشم ئەم جیلە نوێیە بتوانێت ئەم کاروانە هونەرییە بگەیەنێتە لووتکەی پێشکەوتن و بیکاتە ئامرازی زیندووی پێناسەی گەلی سەربەرزی کورد، سوپاسی هەوڵ و زەحمەتی ماندوونەناسانەی تۆش دەکەم..

دیداری دوازدەهەم:

(ئەشرەف یوسفی)



*" دەنگێکی زوڵاڵ و سیمایەکی (مەزڵووم) و هەستێکی ناسك و پاکی ئینسانی، لەگەڵ (تەوازوع) و ڕۆحسووکییەکی تایبەت لە وجوودیدا کۆ بوونەتەوەو بوونەتە هۆی ئەوەی کە لەلای هەمووکەس بەڕێز و خۆشەویست بێت، ئەو ڕۆحسووکییە تەنانەت لە گۆرانی و چۆنیەتی چڕینی گۆرانیەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. گەرچی جەستەی لەژێر باری گرانی ژیانی نائاسوودەیدا تێکشکاوە، بەڵام ڕۆح و دڵی بە هەمان مەزنی و گەورەیی هونەرمەندێکی ڕەسەن ماوەتەوە، ئەوەندە بەستە کە داوای چریکەیەکی لێبکەیت یانخود بە مەبەستی ورووژاندنی ناخی کرکەیەکت لێوە بێت و بدەیتە زەمزەمەی گۆرانییەك.. ئیدی دەبینی کە سەری خستە خوارەوەو نوقمی ئەو جیهانە خەیاڵوییە بوو و بە جوانترین شێوە سیاچەمانەیەکی بۆ چریکاندی. با گوێمان لە پەیڤە جوانەکانی خۆی بێت:..."*

*

+ حەز دەکەم کاك ئەشرەف لەزمانی خۆیەوە پێناسەی خۆی بکات؟:

= ناوم ئەشرەف یوسفی کوڕی غەفار ناسراوم بەئەشرەف دزاوەری، ساڵی 1335 (1956) لەگوندی دزاوەر سەربەهەورامانی لهۆن لەدایکبووم و لەساڵی 1359 (1980)یشەوە ئاوارەم و نیشتەجێی شاری مەریوانم.

+ لەکەیەوە گۆرانی ئەچڕی؟:

= لەتەمەنی 15ساڵیمدا ئاشنا بووم لەگەڵ ئەو دنیا بەرین و ڕەنگینەدا و هەستم بەوەش کرد کەدەنگم خۆشەو دەتوانم گۆرانی بچڕم، بەڵام لەڕووم نەدەهات و جاروبار بەتەنیایی و بۆخۆم دەمچڕی، بەرەبەرە بەهۆی هاوتەمەنەکانمەوە ناسرام و لەقوتابخانە بەشداریی گۆرانیم دەکرد، دواییش کەپێی ڕاهاتم دەستم پێکرد و تائێستاش لەگەڵی ژیاوم.

+ زۆربەی زۆری گۆرانیبێژەکان لە(کەیمنە)دا بوون بەڵام تۆ لە(دزاوەر)یت، ئایا کەسانی دیکەش لەدزاوەر هەبوون؟:

= بەڵێ... دزاوەر دەنگخۆشی زۆر بوون کەدەکرێ ناوی کەسانێکی وەکوو: حمەی رابیعە و حاجی یۆسف و کاك عەلی محەمەد و تایەر سادقیانی و حاجی فەتاح و ئەحمەد و عەلی رەجەبی و تۆفیع عەلی محەمەدی و... وەك نموونە بەرین، پاشان دەمەوێ بڵێم هونەر

تایبەت نادرێت بەشوێنێکی دیاریکراو، راستە زۆربەی زۆری هونەرمەندە دەنگخۆشەکانمان لەکەیمنە سەریان هەڵداوە بەڵام هەورامان بەگشتی و هەورامانی لهۆن بەتایبەتی لانکەی هونەر و گۆرانی بووە و گەلێ هونەرمەندی تێداهەڵکەوتووە، وەکوو گوتم دزاوەریش کەیەکێکە لەگوندە جوان و خنجیلانەکانی هەورامانی لهۆن، بەشی خۆی هونەرمەندی پێگەیاندوون کەجێپەنجەیان لەگۆرانیدا دیاروبەرچاوە.

+ بیستوومە خۆت دەفتەرێکی شیعرت هەیە...؟:

= واش نیە... شتەکەم لێ گەورە مەکە (بەپێکەنینەوە) دەڵێن شاعیری ڕەجاڵییە... ئەتەوێ شەڕەکە لەکۆڵی خۆت بکەیتەوە و توشی منی بکەیت؟... من جاروبار بۆخۆم شتێك دەڵێم و پاشان وەك تێکەڵەیەك لەگەڵ شیعری شاعیران و هەندێ جاریش فۆلکلۆر لەگۆرانیەکانمدا بەکاریان دێنم... ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت من شاعیربم... پێموایە چی گۆرانیبێژ هەیە بەش بەحاڵی خۆی هەندێ هەڵبەستی تایبەتی هەیە و جاروبار بۆدڵی خۆی و بەپێی چێژی خۆی شتێك دادەنێت و دەیخاتە نێو گۆرانیەوە، نموونەی ئاواشمان زۆرن کەپێویست ناکات ئاماژەی پێ بکرێت.

+ لەم سەردەمەدا هەندێ شتی نوێ دەبیسرێن و کەسانێك هەن گۆرانیی نوێ دادەنێن، تێکەڵ کردن و شێواندنێکیش لەم پەیوەندییەدا دەبینرێت... تۆ چۆن سەیری ئەم دیاردەیە دەکەیت، ئەی خۆت چ زیادەیەکت خستۆتە سە رخەرمانی گۆرانی؟:

= شوکر هونەرمەندەکانی پێشوومان ئەوەندە رەسەن و دەوڵەمەند و بەرزو بەڕێز بوون کەئێستا ئێمە تەنانەت قسە کردنیشمان هەرهی ئەوانە چ بگا بەگۆرانی... ئەگەر زیادەیەك هەبێت ئەوە ئەوان خستویانەتە سەر خەرمانی گۆرانی و بەتایبەتیش نەخش و ڕۆڵی کاك ئوسمان لەپەرەو گەشەپێدان و بووژاندنەوەو دەوڵەمەندترکردنی ئەو سامانە رەسەنەماندا دیارو بەچاوە و ئینکار ناکرێ... بەمپێیەش ئەڵێم منی قوتابیی ئەو قوتابخانە رەسەنە تەنیاو تەنیا شوێنپێی ئەوانم هەڵگرتووە، بەڵام ئەوەندە هەیە شتەکەم تێکەڵ نەکردووە و رێچکە رەسەن و پیرۆزەکەم بەرنەداوە و بەلاڕێدا نەچووم و ئەمەش هیچ نەبێ بۆخۆم جێی خۆشحاڵییە، بۆ دانانی نەزمی نوێش... من داهێنان و تازەگەری بەکارێکی پڕبەها دەزانم و رێزی لێدەگرم و پەیڕەوی دەکەم و هونەرمەندێکیش لەلوتکەدا

دەبینم کەتواناى خولقاندن و داهێنانی هەبێت بەڵام بەپەیڕەوی لەسەر بنەما ڕەسەنەکە، چوونکە بەڕای من نەزمی نوێ یاهەرکارێکی تازە ئەگەر لەسەرچاوە ڕەسەنەکەوە دوور بێت شتێکی نەشیاوی ناجێگیرە... ئەوانەی خۆیان لەبنەما ڕەسەنەکە دەدزنەوە و لاسایی کارە لاوەکییەکان دەکەنەوە بەلاى منەوە وەکوو ئەوە وایە بدەی لەتەنەکە، دیارە لەتەنەکەدانیش تەنیا دەنگێکی ناحەز و نالەبار و بێزارکەری هەیە و بەس. من لاسایی کردنەوەی ناڕەسەنانە و نازانستیانە بەتاوان دەزانم و لەلاى خۆمەوە هەرگیزاوهەرگیز نایبەخشم... بائەوەش بوەستێ کەوەکوو خۆت ئاماژەت پێدا هەندێ دەنگی نوێ هەڵتۆقیون کەئەوانیش هیچکات و بەهیچ شێوەیەك بەدەنگی ڕەسەن و زیندووی هەورامان ناژمێردرێن و دەبێ بڵێم هەرلەسەرەتای پەیدا بوونیانەوە مردوون!

+ سیاچەمانە لای تۆ چییە و چ حاڵ و هەوایەکی هەیە؟:

= سیاچەمانەی هەورامان هەڵقوڵاوی ڕەسەنترین بنەما و سەرچاوەی زەوق و چێژی هونەریی گەلی کوردە کەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت واتە سیاچەمانە ئاوێنەیەکە یانخود باشترە بڵێم کتێبێکە سەرجەم مێژووی نەتەوەیەکی تێدا تۆمار کراوەو ڕەنگدانەوەی ئاستی بەرزو پێشکەوتووی بواری سیاسی و سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاری و کلتووریمانە. پێموایە دەتوانین بەهۆی مۆسیقاوە خۆمان وەکوو نەتەوەیەکی زیندوو بناسێنین و لەبیریشمان نەچێت کەسەرچاوگەی زوڵاڵی مۆسیقای ئێمە هەمان سیاچەمانەیە. لەبوارە مەعنەویەکەشیەوە، دەبێ کاتی سەحەر (بەرەبەیان) چاو ببڕیتە دۆڵ و سروشتی سیحراویی هەورامان و سەرمەست لەو بۆن و ڕەنگ و تایبەتمەندیە هەرەجوان و دلڕفێنەی هەورامان، پڕ بەگەرووت (میناگیان) یاخود (لەیلی گیان)ێك بچڕی و بچریکێنی، ئەوسا تێدەگەی کەسیاچەمانە چ تایبەتمەندی و سیحرێك و چ حاڵ و هەوایەکی هەژێنەرو زیندووکەرەوەی هەیە.

+ نەخۆش کەوتنی گەرووی ئوسمان هەورامی چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەرت وەکوو هونەرمەندێك، ئەی پێتوایە جێی ئەو هونەرمەندە چۆن پڕدەبێتەوە؟:

= گیرانی ئەو قوڕگە زێڕینە و خامۆش بوونی ئەو چریکە ڕەسەنە داخێکی گران و کەسەرێکی کوشندەی بردە دڵی نەك هەر من یا دیکەی هونەرمەندان، بەڵکوو سەرتاسەری

هەورامان و جیهانی مۆسیقای کوردی و، هەموانی ئازیەتبار کرد و دنیایەکی خستەناو پەژارە و خەمێکی هەمیشەیی. کاك ئوسمان دەنگی رەسەنی هەورامان و کۆڵەگەی هەرە ئەستووری مۆسیقای کوردی و چرای ڕووناکیبەخشی دنیای سیاچەمانەبوو. ئاشکرایە کوژانەوە یا تەنانەت کزبوونی شۆڵەی ئاوا چرا و ئاوا مەشخەڵێك جیهانی ناخ و دەروونی هەموو خاوەن هەستێك تاریك و ئاڵۆز دەکات و بەتایبەتیش خەمێکی لەهەموان زیاتر دەخاتە ناو دڵی هونەرمەندانەوە. من هەستم کرد خۆم خنکام.. هەموو بولبولەکان تاسان... هەموو باخ و بەندەن و هەوارگەکان گریان و سەربەرزاییەکانی هەورامان پشتیان شکا... دەبوو ئێمەی کورد تازیەی گشتیمان بگرتایە بۆئەو کارەساتە و دەشبوو پەیکەری زیڕینی بۆدروست بکەین. من دڵنیام کەس نیە و ناشبێت بتوانێ جێی ئوسمان بگرێتەوە... ئێمەش کەگۆرانی ئەڵێین بۆئەوەیە ئەو ڕچەوڕێباز و شوێنپێیە بەتەواوەتی کوێر نەبێتەوە نەك بۆ ئەوەی کەجێی ئوسمان پڕ بکەینەوە چوونکە بەهەر هەمووشمانەوە ناتوانین ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە و جێی ئەو بگرینەوە. راستە هەرکەسەو دەنگ و رەنگ و تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە و هەورامان بەسەرجەم هونەرمەندەکانیەوە جوانترە بەڵام ئوسمان بەتەنیا خۆی جیهانێك بوو، بەتەنیا جێی هەرهەموومانی پڕدەکردەوە و هەورامانی دەوڵەمەندتر دەکرد. گەرووی ئوسمان دیاردەیەکی نائاسایی و ئاسمانی بوو بەسیحرو ئەفسونێکی تایبەتی ئیلاهی و دیارە دیاردەی ئاوهاش، هەمیشە و لەناو هەموو میلەتاندا تەنیا یەکجار سەرهەڵدەدات و دووبارە نابێتەوە... تۆخۆت گوتووتە (سیاچەمانە سوڵتانی مۆسیقایە) ئیزنم بدە منیش بڵێم (ئوسمان سوڵتانی سیاچەمانە بوو) زۆرزۆر بەداخەوە....

+ کامە گۆرانی لەلای تۆ لەهەمووی دڵگیرترە، واتە کاریگەری و چێژی زۆرتر لەکام بەزم وەردەگری؟:

= سەرجەم گۆرانی و سیاچەمانەی هەورامان خۆش و رۆحنەواز و هەژێنەرن. تۆ گوێ بۆهەر بەزمێك بگری و بچیتە ناخیەوە و لەناخەوە تێکەڵی بی، دەبینی تایبەتمەندییەکی دیارو کاریگەرییەکی لەڕادەبەدەری هەیە و چێژوتام و حاڵ و هەوایەکی تایبەت و لەوەش گرینگتر پەیامێکی قووڵی پڕ واتات پێدەبەخشێ، بۆیە جیاکردنەوە یا هەڵبژاردنی بەزمێك

وەکوو باشترین یان خۆشترین بەزم کارێکی ئاسان نیە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر زەوق و سەلیقەی شەخسی، ئەوەیان جیاوازە و منیش بەشبەحاڵی خۆم زۆرتر حەز لە بەزمی (لەیلێ گیان) دەکەم و زۆرتر لەگەڵ خۆمدا دەیڵێمەوە. لامواپە ئەم بەزمە هەرچەند زۆر کۆن و مێژینەیە و هەرچەندیش زۆر گوتراوەتەوە، کەچی هەر بەتازەیی و جوانی و شاداوی ماوەتەوە... هەرگیز کۆن نابێت و نابێزرێت و هەرگیز تۆزی لێ نانیشێت و هەردەم ڕۆح هەژێن و دڵگیر و هەست وروژێنە. ئەم بەزمە هەمیشە و لەهەر ئان و سات و هەلومەرجێکدا من دەخاتە جیهانێکی خەیاڵاویی ئەوتۆ کە تەنانەت هەست بەبوونی خۆم لەسەرزەوی ناکەم و لەم جیهانە مادییە دادەبڕێم.

+ کە وای لێهات حەز دەکەم بەزمێکم بۆ بچڕی... ئەو هەموو پێدا هەڵدانەت حەزی منیشی وروژاند؟:

(توخا...) جەکۆی خەیاڵان مەینەتی دەوران
جەداخی وەفای (... لەیلێ گیان...) دنیای پڕهیجران
بەعەزمی گەردش یادی نازاران
ئاما بەیادم هەوای کۆساران
خێزنام مەنزڵ چەنی سپای خەم
نوسندە پایەم ئەندەك و کەم کەم
نەیارنەیاوەر کەس نەبێ جەلام
روم نیا هەورامان ئەسڵی مودەعام
زوان بەتەوحید حەیی رەببانی
خیاڵ هەرجەلای یارانی گیانی
فەسڵی سەفا و سەیر گردی گەورهەر کەیل
فەوجی سپای گوڵ پەروەردەی سوهەیل
..................
جەقولەو تەختی ئەوسا ساکن بیم
دیام وەئەتراف کوساران گرد دیم

سەروەران غەمبار سەرداران غەمموور

ئەوەڵ کۆتەختی دووەم شارەزوور

بەندە نەخەیاڵ بەزمەکەی جاران

هام حەریف چەنی عەیشی نازاران

تەمام تەفرەقەی خەیاڵانی جەم

جەقولەو تەختی نیشتەجێم ماتەم

مەنشورەن عالەم ئەرسەلان هەم نوور

دیارەن جەلاش یەمەن تا کۆی کوور

ماوای سەماوات نەوجا دیارەن

بەقەد بەرزی ئەو خەم جەلام بارەن

بەرز تەراجەگرد کۆی تەختی سانی

جەقولەی شاهۆ هەم ئارسەڵانی

لەیلیٚ توخا لەیلیٚ رۆحی رەوانم

پەی تۆنەمەنەن (لەیلیٚ گیان) خاوی شەوانم.

+ ئەم شیعرە هی خودی گۆرانیەکە نەبوو...؟:

= راستە هەموو گۆرانییەك شیعری تایبەت بەخۆی هەیە کە لەگەڵ کەش و هەوا و لەحن و پەیامەکەیدا یەك بگرێتەوە بەڵام بەداخەوە ئەو رێسایە تێکدراوە و ئێستا شیعرەکان تێکەڵ کراون و هیوادارم کارەکەی خۆت زووتر بگاتە ئەنجام تاجارێکی دیکە ئەلبومێکی رێکوپێکی گۆرانیمان هەبێت بەشیعری تایبەتی خۆیانەوە... من ئەم شیعرەم بەتایبەتی هەڵبژارد... شیعرەکە هی خۆمە و تاڕادەیەکیش یەکدەستە و پرژوبڵاونیە، زۆرتریش هەرئەم شیعرە لەو گۆرانیەدا دەڵێمەوە.

+ ئەگەر بڵێم قسەیەکیش لەگەڵ گۆرانیبێژەلاوەکاندا بکە چییان پێدەڵێی؟:

= دوایین قسەم لەگەڵ گۆرانیبێژەلاوەکاندا ئەوەیەکە داوایان لێبکەم دەست لەلاسایی کردنەوەی ڕووت و ڕەمەکی هەڵگرن و بەزمی داتاشراوی بێ نرخ و بایەخی دیتران دووبارە نەکەنەوە چوونکە زیان بەخۆیان و بەفەرهەنگی ڕەسەنی هەورامانیش دەگەیەنێ.

گۆرانیبێژی سەرکەوتوو ئەوەیەکە هەوڵ بدات شێواز و هەناسە و ڕێچکەی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە و بەپەیڕەوی لەبنەما ڕەسەنەکە گەشە بدات بەکارەکەی خۆی نەك هەر لاسایی بکاتەوە ئەویش لاسایی کەسانێك کەخۆیان لاسایی دیتران دەکەنەوە و لەدیتران قەرز دەکەن... هیوادارم بەهەمووماناوە بتوانین خزمەتێکی دڵسۆزانە بکەین لەپێناو بووژاندنەوە و گەشەپێدانی سامانی دێرینی هونەری و مۆسیقایی هەورامان‌دا و داوای سەرکەوتنیش بۆهەموو ڕێبوارێکی ئەم ڕێبازە پیرۆزە دەکەم.

* * *

دیداری سێزدەهەم

عەتا زەڵمی



+ عەتا زەڵمی یا عەتا شەریف؟:

= بە هەردوو ناوەکە ناسراوم.. باوکم ناوی شەریفە و لەگەندی (زەڵم)یش لەدایکبووم، بۆیە هەم (عەتا زەڵمی)م پێدەڵێن و هەم (عەتا شەریف)، بەڵام پێموایە زۆرتر بەناوی یەکەم واتە عەتا زەڵمی ناسراوم و زۆرتریش بەو ناوە بانگ دەکرێم یا لەملاولا باسم دەکەن.

+ تەمەنی خۆت و ژیانی هونەریت چەندە، واتە لەچ تەمەنێکەوە دەستت پێکردووە؟:

= خۆم لە 1956/7/17 لەگوندی زەڵم لەدایك بووم (زەڵم دەکەوێتە لای سەرووی خورماڵ و یەکێکە لەگوندەکانی هەورامانی لهۆن بەشی باشووری کوردستان)، ساڵی

1980یش هەستم بەتوانای خۆم کرد و ئیدی چوومە ناو دنیای گۆرانی واتە لەتەمەنی 34 سالّیمدا دەستم کردە گۆرانی چڕین.

+ کەمتر گۆرانیی کۆنم لێت بیستووە... ئایا ئەو نەزمە نوێیانە کەدەیانچڕیت، لەداهێنانی خۆتن؟:

= خۆم 5_6 گۆرانیم داهێناون، بۆوێنە (ئامەی گەرمیانی) و (سەوزە سەوزە) کەیەکەمیان چەپڵەیە و دووەمیان وردەبەزمە: بەداخەوە ناوی ئەوانdترم لەبیر نەماوە.

+ ئەی (چەمە گیان ئازیز) و (ئیمشەو ئیمشەو)؟:

= ئەوانە هی من نین... چەمەگیان ئازیز هی (سەباح هەورامی)یە و ئیمشەو ئیمشەویش هی مەولوود شۆشمەیی... ئەوەش کەبەناوی منەوە ناسراون لەبەر ئەوەیە کە من دەسکاریم کردوون و گۆڕانکاریم بەسەردا هێناون چونکە پێشتر زۆر سادە و ساکار بوون و من تایبەتمەندییەکم پێداون و پاشان بەو شێوازە نوێیە گوتومنەتەوە بەتایەبتی بەزمی دووەم واتە ئیمشەو ئیمشەو.

+ زۆرجار ناوی دوو گۆرانیبێژ پێکەوە دێت و لێك جودا نابنەوە، وەك: ئوسمان و جەمیل، ئوسمان و حمەحسێن، فەتحوڵلا و بەخشە، سەباح و مەولوود، ... هتد، بەڵام ناوی تۆ یاهی نەوزاد هەر بەتەنیا دێت، ئایا هۆیەکەی ئەوەیە کە ئێوە هەمیشە بەتەنێ گۆرانی دەڵێن... واتە هاودەنگی لەگەڵ دیتراندا ناکەن یا چ هۆکارێکی دیکەی هەیە؟:

= من لەگەڵ هەمو گۆرانیبێژەکان بەتایبەتی ئوسمان و جەمیل و سەباح و مەولوود و نەوزاد و عەلی گوڵپی و ڕەشە غوڵام و... هاودەنگیم کردووەو گۆرانیم لەگەڵ گوتوون بەڵام نەك هەمیشەو هەردەم بەڵکوو جاروبارو بەپێی پێویستی و ڕێکەوت.. ئەوانەی کە ناوت بردن، هەمیشە و لەهەموو جێ و شوێن و بارودۆخێکدا پێکەوە بوون و بەرهەمی هاوبەشیان بڵاوکردۆتەوە بۆیە دەبینین ناویان پێکەوە دێت.

+ تۆ تائەندازەیەك بەهرەی شیعریشت هەیە، ئایا بۆ هەموو گۆرانیەکانت شیعری خۆت بەکاردێنی یاهی شاعیرەکانیدی یاهی فۆلکلۆر؟:

= هەندێجار شیعری خۆم بەکاردێنم لەهەندێ گۆرانیدا بەڵام زۆرتر شیعری فۆلکلۆر و کەم و زۆریش چەند دێڕێك یا پارچەیەك لەشیعری شاعیرێك لەگۆرانیەکانمدا دەڵێمەوە.

+ لەناو سەرجەم گۆرانیەکاندا کام بەزمت زۆرتر بەلاوە خۆشە و زۆرتر بۆخۆتی دەڵێیەوە و حەزیشت لەکامەیان نیە؟:

= هەموو گۆرانیەکانم پێخۆشن، بەڵام زۆر خۆم لەچەپڵە نادەم.. لەناو هەمووشیاندا دوو بەزمی (چەمە گیان ئازیز) و (ئیمشەو ئیمشەو)م خۆشتر دەوێن کەپێشتر باسمان کردن و دوو بەزمی تازەن، زۆربەی کات یەکێك لەو دوو بەزمە بۆخۆم دەڵێمەوە.

+ دەکرێ هەردووکیان بەکورتی و بەشیعری خۆتەوە بڵێیتەوە؟:

= باشە بەسەرچاو:...

(1)

((باسەرێ دەیمێ دەگای وێرانی
بەش چەرخێ فاڕێو {چەمەگیان ئازیز}کەرمێوە یانێ
دەگاوەشەکێ چندە ساڵەکێم
بیەی ئاییێرە {دەی} نیشتی ماڵەکەیم
باسەرێ دەیمێ دەورووو سەرچەمەی
بلمێوە سەیران پەی باخوو حەمەی
بن مەڕوخانیم ئامانۆ خەیاڵ
هانە قوڵ قوڵە {گیان} مەگرەوۆ بێ حاڵ
سەرچاڵ ماتەمین عاجز و پەرێش
دماگەلەکەرێ سەرنمەدان لێش
سەیەکاو کەلگای لارێ بییێوە
دماگەلەکەرێ وەرێ بییێوە
زامێ دڵەکەو من {چەمەگیان ئازیز} تازێ بییێوە))

(2)

((ئیمشەو هەرشەو چراگەڕانیمەن
تەپڵی شادی و زەوق یارمێمانیمەن (2 جار)
دەسەبەدەسە {گیان} گەل گەل نازاران

سەرمدان وەنەش عەسر و ئێواران (2جار)

وەختێ گەلەکە ملۆ پەی کەشی

ملاوە دەگا بەدڵ ناوەشی (2جار)

گرد وەشیی زەڵمین ئاوان سەرزەمین

خەیمەو گۆڕاڵاش دڵ کەرۆ خەمین...

دڵ کەرۆ خەمین))

+ ئەگەر بمانەوێ هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی هەورامان پۆلێن بکەین و پلە و پێگەیان لەناو جەماوەرو لەگۆرانیشدا دیاری بکەین، تۆچی دەڵێیت و خۆشت لەکوێدا دەبینیتەوە؟:

= هەموویان ڕێزی تایبەتیان هەیە و هەرکەس بەڕێژەی خۆی دیارو بەرچاوە، لەهەرحاڵێکیشدا کاك ئوسمان هەورامی لەپلەی یەکەمدایە و دوای ئەویش بەپلەی دووەم کاك جەمیل نەسوودی دێت و ئیدی لەوێوە بەرەو خوار بەپێی مێژووی هونەری و درەوشانەوەی هونەرمەندەکان لەبەستێنەکەدا پلەوپایەیان دیاری دەکرێت...منیش خۆم بەبچووکی هەرهەموویان دادەنێم.

+ ئەم جیهانەت پێچۆنە مەبەستم دنیای گۆرانیە.. زۆرتر چۆن و لەچ کات و ساتێکدا گۆرانی دەچڕی؟:

= من شانازی دەکەم بەم جیهانە ڕەنگاوڕەنگە هونەرییەی کە تێیدام، دڵم خۆشە و ڕازیم کە گۆرانی دەڵێم و بەهرەیەکم لێی هەیە، دنیای گۆرانی دنیایەکی تایبەت و پڕ خۆشەویستیە و منیش زۆرزۆرم پێخۆشە و هیچکاتیش دەستبەرداری نابم.. هازی گۆرانیشم بەوەختە، واتە کات و سات و بارودۆخێکی تایبەتی بۆ هەیە، ئەگەر زۆر شاد و دڵخۆش بم یانخود ئەو کاتەی دڵم گیراوە ئەوا دەتوانم پڕ بەناخی خۆم گۆرانی بڵێم و پێموایە گۆرانیەکەشم زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو گۆرانیەی کەلەکاتە ئاساییەکاندا دەیڵێم چونکە لەناخمەوە هەڵدەقوڵێت و دیاریشەکە کاریگەرییەکی زۆرتری هەیە هەم لەسەر هەستی خۆم و هەم لەسەر بیسەریش.

+ تۆ تاچەند بەزمەکان دەناسیت و پێتوایە چۆن گەیشتوونەتە ئێمە و پاشانیش چۆن سەیری سیاچەمانە دەکەیت؟:

= گۆرانیەکان گەلێ زۆرن و لەئاوا دەرفەتێکدا لەژماردن نایەن، دەبینی بەسەدان جۆر سیاچەمانە و بەسەدان وردە بەزم و سەدان جۆر چەپلە و چی و چی هەن و ئیدی با بەزمە تازەکانیش بوەستن کەلەم چەند ساڵەی دواییدا داهێنراون و ئەوانیش گەلێ زۆرن. من پێموایە هەرلەسەرەتای مێژوومانەوە گۆرانیشمان هەبووە و جیل بەجیل گوتراونەتەوە و سینگ بەسینگ و زاربەزار ئەزبەر کراون و گەیشتوونەتە ئەمڕۆ، بەڵام ئەوەشمان لەبیرنەچێ کەکاك ئوسمان دەورێکی هەرە بەرچاوی هەبووە لەپاراستن و پەرەپێدان و بووژاندنەوەی سەرجەم گۆرانیە کۆنەکاندا، بەڕادەیەك کەدەکرێ بڵێم گەر ئەو نەبووبا ئێمە ئێستا خاوەنی ئەم سامانە دەوڵەمەندە نەبووین. بۆ سیاچەمانەش هەرئەوەندە دەتوانم بڵێم کەسیاچەمانە گەلێ کۆنتر و ڕەسەنترە و دەبێتە کانگا و سەرچاوەی مێژووی هونەریی ئێمە، سیاچەمانە ناسنامەی نەتەوەیی و هونەری و مێژوویی ئێمەیە.

+ باسی خوێندەواریی خۆت نەکرد؟:

= تا پۆلی شەشەمی سەرەتاییم خوێندووە و بەداخەوە نەمتوانی درێژەی پێبدەم.

+ لەبەرچی... ئایا خۆت حەزت لێنەبوو.. یاباوکت نەیهێشت یا چی تر؟:

= کورە حەزی چی.. لەبەر هەتیوی و بێکەسی و دەسکورتی نەمتوانی بخوێنم.. من هەتیو بووم، باوکی خۆم نەدیوە.. باوکم هەرلەتەمەنی ساوایی مندا کۆچی دوایی کردووە و دایکیشم لەتەمەنی گەنجیمدا بەجێی هێشتووم، ئەویش ساڵی 1976 ماڵاوایی لەمن و لەژیان کرد و بەڕەحمەتی خوا شاد بوو.. باشە منداڵێکی هەتیو چۆن دەتوانێ خۆی بژیێنێ.. چۆن دەتوانێ بخوێنێ.. چۆن دەتوانی وەکوو دیتران بێت؟:.. منداڵی هەتیو تووشی دەیان و سەدان چەرمەسەری و ئازار و ناڕەحەتی دێت.. منیش نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم چونکە دەبوو ئیش بکەم و کۆڵی قورسی ژیانم هەربەکۆڵەوە بێت..

+ ئەو ژیانە نالەبارە تاچەند کاریگەریی هەبووە لەسەر هەستی تۆ.. لەسەر تێڕوانینت بۆ ژیان.. لەسەر بیرکردنەوەت.. لەسەر بوارە هونەرییەکەت؟:

= من تاڵی و سوێری زۆرم دیوە و ئازارو کوێرەوەری زۆرم چێشتووە.. مردنی باوك و هەرلەتەمەنی منداڵیدا کەوتنە ژێر باری قورسی ژیان و ئیش کردن و زەحمەت کێشان و تەجروبە کردنی تاڵی و مەینەتی ژیان... ئەمانە زۆر سەخت و کوشندەن، منیش هەموو ئەوانەم ئەزموون کردوون بەڵام ژیان هەربەلامەوە شیرینە و هیچکام لەو بارودۆخە ئاڵۆزە بێزاریان نەکردووم و هیوابڕاو نەبووم و کۆڵم نەداوە.. پاشان مرۆڤ لەوبارودۆخەدا ئەزموونی زۆرتر دەبێت و پێموایە ئاسۆی دونیابینیی فراوانتر و دەرکی بەژیان زۆتر و هەستیشی ناسکتر و هەستیارتر دەبێت. بەدووری نازانم ئەو وەزعوبارەی ژیانم کاری کردبێتە سەر زەوقی هونەری و هەستی شیعری و جوانپەرستیشم.

+ بڵێی لەبیرت مابێ کەی و چۆن و لەکوێ یەکەم گۆرانیت گوتووە.. ئایا گۆرانیەکەشت لەیاد ماوە؟:

= گۆرانیەکەم لەیاد نەماوە و نازانم چ بەزمێك بوو.. هەربەمنداڵی گۆرانیم بۆخۆم یابۆ هاوەڵەکانم دەگوت بەڵام ئەوە تەنیا هەستێکی منداڵانە بوو...

لەهەشتاکاندا و لەپرۆسەی ئەنفالدا ئێمەش وەکوو دیکەی گوندەکانی هەورامان گواسترابنەوە، واتە گوندی زەڵمیش چۆڵ کرا و ئێمە خەڵکی گوندیان گواستینەوە بۆ ئۆردوگای خورماڵ. دیارە ئەو دابڕان و دوورخستنەوە و ڕاگواستنە زۆرە ملێیە بۆ هەموو لایەکمان ئێجگار قورس و سەخت و دژوار بوو.. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەك ژیانی ناخۆش و تەنگەبەری ناو ئۆردوگا، من لەدەستی جەلادەکانی حکوومەتی بەعس هەڵاتم و ڕووم کردە کەژوکێوو شاخ و دۆڵەکانی هەورامان و بووم بەپێشمەرگە و هەرلەپێشمەرگایەتی و بەشاخەکانیشەوە بوو کە بۆیەکەمجار بە ئاشکرا دەنگی خۆم هەڵبڕی و دەستم کردە گۆرانی گوتن.. واتە یەکەم گۆرانیم لەژیانی پێشمەرگایەتیدا گوت و ئیدی هەم پێشمەرگە بووم و هەم گۆرانیبێژ و زۆرجار داخی دڵی خۆمم بەگۆرانیەك بەشاخ و داخەکانی وڵاتەکەمدا هەڵدەڕشت.

هاوینی 1988

* * *

## دیداری چواردەهەم

## سەباح هەورامی



+ با کاك سەباح هەورامی باشتر بناسین؟:

= ناوم سەباح، کوڕی ساڵح خەڵکی گوندی (خارگێلان)ی سەربە هەورامانی لهۆن بەشی باشووری کوردستانم.ساڵی 1963 هەر لەو گوندە لەدایکبووم و هەر لەوێش ژیاوم و خوێندوومە.

+ چۆن بوو فێری گۆرانی بوویت.. ئایا مامۆستا و هاندەرێکت هەبوو.. چۆن خۆت لەو بوارەدا دۆزییەوە؟:

مامۆستام هەبووەو نە هاندەرێك.. هەرچی بووە حەز و خواست و چێژی خۆم بووە.. هەر بەمنداڵی لە قوتابخانەدا گۆرانیم دەگوت و هاوڕێکانم دەنگمیان پێخۆشبوو، دواتریش ئیتر هەرکەس دەنگی خۆش بووبێت، حەزم کردووە بڕۆمە لای و گوێی لێبگرم و لێیەوە فێر

ببم.. من به حەز و ویستی خۆم دەستم پێکرد و بوومە ڕێبواری ئەم ڕێگایە، ساڵی 1982 بە ئاشکرا گۆرانیم گوت و لە جەرگەی دەنگخۆشەکانی هەوراماندا وەرگیرام و وەکوو گۆرانیبێژێك ناسرام.

+ گەر داوای باشترین و سەرکەوتووترین هونەرمەندی گۆرانیبێژت لێبکەن، تۆ پەنجە دەخەیتە سەر ناوی کامە هونەرمەندی هەورامان؟:

= هەموو هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ، چ ئەوانەی پێشوو و چ جیلی ئەمڕۆمان ڕێز و پلەوپایەی تایبەتی خۆیان هەیە و هەرکەس بە پێی چریکە و توانای خۆی دەناسرێت و هەڵدەسەنگێنرێت، لەوانەیە گۆرانیبێژێك لای من بەرز و سەرکەوتوو بێت کەچی لای تۆ وادەرنەچێت، یانخود بە پێچەوانەشەوە، بەڵام بەهەرحاڵ و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا حەقیقەتێك هەیە و کەس ناتوانێ بیشارێتەوە، ئەویش پلەوپایەی کاك ئوسمان هەورامییە، بەڕێزیان لە بواری هونەری گۆرانی و سیاچەمانەدا لە ریزی پێشی پێشەوە و لەسەرووی هەمووانەوەیە و ئەمەش ئەوەندە زەق و دیارو ئاشکرایە کە پێویست بە گوتن و دەربڕینی دیتران ناکات، ئەو، لە هەموو بوارێکەوە سەرقافڵە و پێشەنگی هەموانە.

+ وەك دەزانی ئوسمان هەورامی نەخۆشە و تووشی کێشەی گەروو هاتووە و ئیدی توانای گوتنی نەماوە.. پێتوایە کەسێك بتوانێ جێگەی پڕ بکاتەوە؟:

= بەداخەوە جیهانی هونەریی هەورامان لەمەودوا لە چریکەی ئوسمان بێبەشە.. ئەمەش جێگەی داخ و کەسەرە.. تۆ گەنجینەیەکت هەبێت و لەپڕ لێت وون ببێت، ئەمە زۆر سەخت و کوشندەیە هەم بۆ هونەرمەندان و هەم بۆ هەموو جەماوەری هەورامانیش...دیسان بەداخەوە بروناکەم کەس هەبیت یا تەنانت کەسێك بۆداهاتووش لەدایك ببێت کە بتوانێ جێگەی عوسمان پڕبەکاتەوە، عوسمان دیاردەیەك بووکە وێنەی نەبووە ونیە و نابێت. ئەوەندە هەیە کە چالاکی نواندنی هەموو گۆرانیبێژەکان جێی دڵخۆشیە و دەکرێ هیوامان بە بەرەوپێش جوونی ئەم بوارە هەبێت بەڵام تا چەند ڕەسەن و نەمر بێت ئەوەیان جیایە.

+ تۆ چۆن سەیری هونەر دەکەیت، هونەرمەند لای تۆ کێیە و چۆن دەڕوانیتە دیکەی هونەرمەندە هاو پیشەکانی خۆت؟:

= هونەر پارچە زێڕێکی بێوێنەیە کە نرخی نادرێت و دیارییش ناکرێت، بەسەرجەم بەش و لقەکانیەوە یەك لەو شتە گرینگانەیە کە مرۆڤ پێوەی بەندە، واتە رۆحی مرۆڤ و ژیانی هەموو مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی و ناکرێت و ناشتوانێ لێی دوور و بێبەش بێت، مرۆڤ، گەر لە هونەر بەری و بێبەش بوو، دەمرێت یانخود بڵێم ژیانی هیچ واتایەکی نامێنێت. هونەرمەندیش بە کەسێك دەگوترێت کە لە بوارێکی هونەریدا بەهرە و تواناو زانیاریی هەبێت، دیاربێت و بدرەوشێتەوە و بتوانێ بەهرەکەی بخاتە خزمەتی جەماوەرەوە و بتوانێ بۆ جەماوەر بەرهەم و سوودێکی هەبێت و لەژیانیدا کاریگەریی هەبێت بۆسەر کۆمەڵ.

من ڕێز و حورمەتی سەرجەم دەنگخۆشەکانی هەورامان دەگرم و هەموویان بەلامەوە بەڕێزن بەتایبەتی خۆم بەخزمەتکاری هونەرمەندە ڕاستەقینەکان دەزانم و هیواداریشم بەهەموومانەوە بتوانین تێبکەشین بۆخزمەتی کلتوور و کەلەپووری نەتەوەکەمان و بەڕێز لێکدی گرتن و هاریکاری دڵسۆزانەی یەکدی گەشە بەبواری هونەری گۆرانی بدەین لەهەوراماندا و بیسەلمێنین کەخاوەنی هونەرێکی دێرین و ڕەسەنی نەتەوەیین.

+ بەداخەوە زۆربەی زۆری هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانمان یانەخوێندەوارن یانخود پلەی خوێندن و خوێندەوارییان لەخوارەوەیە.. تۆ لەم بوارەدا چۆنیت؟:

= من دەرچووی ئامادەییم لەبەشی کشتوکاڵدا (دیپلۆم)، بەداخەوە منیش نەمتوانی درێژەی بدەمێ و قۆناغەکانی زانکۆ ببڕم، گەرچی بەهەرحاڵ توانیومە چەند هەنگاوێك لەهاوپیشەکانی خۆم پێشتر بکەوم و لانیکەم بگەمە قۆناغی دواناوەندی و لێی دەربچم.

+ ئایا تۆش پێتوایە کەگۆرانی لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوە داهێنراوە.. گەروایە ئەو کەسە دەبێ کێ بێت؟:

= من وای بۆناچم و ناشتوانم ئەو کەسە یان ئەو کەسانە دیاری بکەم و پێموایە کەسیتریش لەهاوپیشەکانم ناتوانن خۆیان لەقەرەی ئەو پرسیارە بدەن، من تەنیا ئەوەندە دەتوانم بڵێم هەر لەسەرەتای مێژووی باب و باپیرانمانەوە گۆرانیش هەبووە و ئەم هونەرە لەگەڵ لەدایکبوونی ئەم نەتەوەیە لەدایك بووە و یەکێکیشە لەسەرچاوەکانی مێژووی دێرینمان، پاشان ئەمە ئیشی تۆیە و تۆش لەم بوارەدا ئیشت کردووە و زۆرشتت

بڵاوکردۆتەوە، بەهەرحاڵ گۆرانی یەکێکە لەکۆنترین و بنەڕەتیترین بنەما و سەرچاوە مێژووییەکانمان کەتائێستا لەگەڵمان هاتووە و هەم پارێزراوە و هەم گەشەی سەندووە و فراوانتر کراوە.

+ چ کات و سات و مەرجێك لای تۆ لەبارە بۆ گۆرانی چڕین.. ئەی ئایا تۆش وەکو ئەوانیدی خۆت هۆنراوەت بۆگۆرانیەکانت دادەنێی؟:

= هەستی گۆرانی چڕین دەبێ ببزوێ، بهەژێ، ئەویش کات و بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە.. دەبێ ڕووداوێك، بیرەوەرییەك، کۆڕێك، کەشوهەوایەك،...، کارت تێبکات و بتهەژێنێ جاچ شتەکە شاد بێت یا خەماوی، بەهەرحاڵ دەبێ هەستت ببزوێت تاگۆرانیەکە لەناختەوە هەڵقوڵێت، دەنائەگەر لەدەرەوەی ئەو هەست بزواندنە بتەوێ گۆرانی بچڕی، ئەوە شتێکی سارد و بێڕۆح و بێ سەمەر دەرخواردی خۆت و دیترانیش دەدەیت.. بۆ بەشی دووەمیش، من لەشیعری فۆلکلۆر و هەروا زۆربەی شاعیرە کلاسیکیەکانیش کەڵك وەردەگرم بەڵام جاروباریش بۆخۆم چەند دێرێك دەهۆنمەوە یانخود هەندێ دەستکاری شیعرێك دەکەم و دەیگونجێنم لەگەڵ مەبەستی گۆرانیەکەم، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا چ بۆمن و چ بۆدیترانیش، سەرچاوەی سەرەکیمان هەمان شیعری فۆلکلۆری و پاشان بەپلەی دووەمیش هەندێ شیعری هەڵبژاردە و دیاریکراوی شاعیرە کۆنەکانمانە.

+ باشە.. لەمەڕ بەزمەکانی خۆت باس بکە.. بیستوومە هەندێ داهێنانی خۆت هەیە؟:

= بۆخۆم جاروبار هەوڵی هەندێ گۆڕانکاریم داوە، بەتایبەت لەبواری خاو یا وردەبەزمەکاندا (چونکە ئەوی ڕاستی بێ زۆر سەروکارم لەگەڵ سیاچەمانەدا نیە)، بەزمەکانی (چەمەگیان ئازین) و (لەودەمەیدا لەودەمەی) و (دارەکەی سەرکەل) و سەوزە سەوزە) و (گیان گیان) و (مەردا مەردا)هی منن و خۆم دامهێناون بەڵام مەردا مەردام لەگۆرانیەکی عەرەبییەوە وەرگرتووە و دەسکاریم کردوە و تاڕادەیەك مۆرکێکی خۆماڵیم پێبەخشیوە.

+ خۆشترین و ناخۆشترین گۆرانی لای سەباح هەورامی؟:

= بەزمی نوێی (مەردا مەردا)م لەهەرهەموو گۆرانیەکان لاخۆشترە و هەمیشە بۆخۆم و لەگەڵ خۆمدا دەیڵێمەوە، لەناو هەمووشیاندا ڕقم لەسیاچەمانەی (تەقەی تەوەن میر)

دەبێتەوە و هیچ حەزی لێناکەم و ئامادەش نیم تەنانەت بۆ نموونەیەکیش خۆمی لێبدەم.. مەردا مەردا، ئەوە نەبێ هی خۆم بێت، بەهەرحاڵ یەکێکە لەخۆشترین بەزمەکان لەگۆرانیی هەورامیدا و من زۆریشی پێوە ماندوو بووم:...

مەردا مەردانێ مەردانێ          مەردانێ ئەی خاکم وەسەر

ئەرێ نیام ـ من ـ وەشەویس          ـ ئەی خوا ـ جەتۆ ئازیزتەر

ئازیز غەیر تۆ زیاتەر

ـ توخوا ـ ئیندەم ـ دەی من ـ واردێ          ـ ئازیز ـ دەردێ ـ هەم ـ زوخاوی

ـ ئەرێ ـ پەی ئاوارەکاو          ـ ئەی خوا ـ پردەو دواوی

ئازیز پردەو دواوی

ـ ئەرێ ـ بەدەربەدەری          ـ ئەی ڕۆ ـ یا لەماڵی خۆم

ـ ئینجا ـ لەخاکی ئێران          ـ ئەی خوا ـ کوردەسان و ڕۆم

ئازیز کوردەسان و ڕۆم

+ هەندێ گۆرانیی نوێ دەبیسم وەك (پایزە پایزە) کەناسری ڕەزازی گوتوویەتی یا وەك (لەیلا گیان)ی حەسەن دەرزی و...، کەگۆرانیبێژەکانی ئێمە وەکوو گۆرانی هەورامی دەیانلێێتەوە و تۆش یەکێکی لەوانە و بگرە زۆرتریش خۆتت لێداون، ئەمەش لاسایی کردنەوەیەکی نەشازە ئەویش بەو دەوڵەمەندییەی گۆرانی هەورامییەوە.. باشە بۆچی ئەو کارە دەکەی؟:

= خۆ تەنیا من یا من و مەولوود نین... هەمو گۆرانبێژەکان ئەو کارەیان کردووە.

+ بەڵام بۆیەکەمجار و زۆرتریش ئێوە گوتووتانن؟:

= ئاخر، یەکەم ئەوەیەکە خەڵك داوامان لێدەکات.. دووەمیش، بەڕای من ئەو بەزمانە ئەگەر شیعرەکانی بەهەورامی بڵێیت دەبنە گۆرانی هەورامی، ئەوان بەسۆرانی گوتوویانە و ئێمەش دەیکەین بەهەورامی واتە بەشیعری هەورامی گوتوومانەتەوە ! سەرەڕای هەموو ئەمانەش، خەڵکی ئەودیو (باشووری کوردستان) پێماندەڵێن: هەرگۆرانیە کۆنەکان مەڵێنەوە.. شتی تازەش بڵێن.. با ئێمەش تێبگەین. ئەوان حەزیان لەسیاچەمانە و

گۆرانیی کۆن نیە و شتی نوێ و شادیئامێزیان لێمان دەوێت بۆیە ئێمەش ئەو کارەمان کردووە و دیارە خەڵکیش پێی خۆش بووە و بەمکارانە ڕازی و دڵخۆشن.

+ کێشەکەمان لێرەدایە.. شتی نوێ دەبێ بەسەر بنەمایەکی ڕەسەنەوە بنیات بنرێت.. بەم پێوەرەش بەو گۆرانیانە (پایزە پایزە و...) ناڵێن شتی تازە بەڵکوو لەباشترین حاڵەتیشدا دەڵێن لاسایی کردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێوە هەوا ڕەسەنەکان بەتەواوی بناسن، ئەوەش دەبێ بزانن کەدەکرێ بەزمێك بگۆڕی و کاری لەسەر بکەیت و چەند بەزمێکی دیکەی لەسەر دروست بکەیت و ڕەسەنایەتیەکەشی پێشێل نەکەیت و کارەکەشت بەداهێنان و تازەگەرییەکی سەرکەوتووانە سەیر بکرێت، وەك دەزانن نەزمی زۆرمان هەبوون کە هونەرمەندانی وەك ئوسمان و جەمیل و حمەحسێن و فەتحوڵڵا کاریان لەسەر کردوون و نەزمی تازەیان لێ دەرهێناون و کارەکەشیان زۆر باش و سەرکەوتوو بووە، ئێوەش دەبا ئەو کارەتان بکردبا نەك گۆرانیەکی ناسر و نەجمە و حەسەن دەرزی و... کۆپی ئاسا دوپات بکەنەوە ئەویش بەناوی گۆرانی هەورامی؟:

= دەی ئیتر بمانەوێ نەمانەوێ ئەو کێشەیە هەرهەیە.. خەڵکی سۆرانیش هەن حەز لەگۆرانیەکان دەکەن و ئێمەش بۆیان ئەڵێینەوە، هەمیشەیش ئەوانن داکۆکی دەکەنە سەر ئەو شتە تازانە و ئێمەش هەوڵمان داوە نزیکیان بخەینەوە لەهەوا هەورامیەکە، بۆنموونە ئێستا تۆخۆت گۆرانیەکت گوت کە ئێمە (سەباح و ڕۆستەم و عەتا و سوبحان)(1) بۆتی بڵێینەوە، هەموومان پێمان ناخۆش بوو کەچی تۆ هەر ناچارت کردین و ئەوەتە گوتیشمانەوە.. خەڵکانی دیکەش هەرئاوایان لێمان دەوێت؟:

= یەکەم، ئەو گۆرانیەی کە من گوتم (وەهار شیوەنەن) بەزمێکی ڕەسەنی هەورامییە نەك لاسایی کردنەوەی دیتران، ئەوەندە هەیە کە بەزمەکە لەئێوە بزر بووە و ئێو نایناسنەوە منیش ویستم زیندووی بکەمەوە، گەرچی بەداخەوە ئێوەش سەرکەوتوو نەبوون تیایدا، بەهەمان شێوە لەوانیتریشدا هەر سەرکەوتوو نین و تەنیا دووپاتەتان کردوونەتەوە، وانیە؟:

= هەروەکو پێشتر گوتم هەوڵمانداوە بەزمەکان نزیك بخەینەوە لەهەوا هەورامیەکە (مەردا مەردا) گۆرانیەکی عەرەبیە، (وەتەن وەتەن) فارسیە و ئێمە کردوومانەتە هەورامی،

بەشبەحاڵی خۆم ئەم کارە بەزیرەکی دەزانم، وابزانم وەکوو وەرگێڕانی کتێبێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر.
+ گەرچی وا نییە.. بەڵام با وا بێت و بیبڕینەوە.. بۆ دەرچوونمان لەم گێرەوکێشە سەرزارەکییە (کە مافی تەواویش بەمن دەدرێت)، حەزدەکەم بیرەوەرییەکی ژیانی هونەریی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە؟:
= ... (دوای باسوخواسێکی زۆر).. جارێ با ئەوە بڵێم کە ڕەخنەی تۆ ڕاستە و وەك گوتت مافی تەواو بەتۆ دەدرێ بەڵام چی بکەی لەگەڵ جەماوەری خوازیاری ئەو شتانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا من بەڵێن دەدەم لەمەودوا تابتوانم و بۆم بکرێ خزمەتی بوارە ڕەسەنەکە بکەم و خۆم لەو ئێوە واتەنی (لاڕێ ناهونەریە) لابدەم... بۆ بیرەوەریەکانیشم، من بیرەوەریم لەژیانی هونەریمدا زۆرن و زۆربەشیان شوکر خۆش و شیرینن.. پێش ساڵی 1980 چەند برادەرێك هاتن و من و مەولوودیان بردین بۆ هەڵەبجە بۆلای کاك ئوسمان هەورامی بۆ گۆرانی گوتن و هەرتەنیاش بۆبەزاندنی ئەو، بەداخەوە ئێمەش پێشنیارە نالۆژیکیەکەی ئەوانمان قبووڵ کرد و ڕۆیشتینە ماڵی کاك ئوسمان هەورامی، ئەومان خستە نێوان خۆمان (من و مەولوود)، ئنجا دەستمان بەگوتنەوەی نەزمە تازەکانی خۆمان کرد، تاکاتێك کاك ئوسمان دەکەوتە سەر بەزمەکە، ئێمە گورج ئاماژەیەکمان بۆ یەکدی دەکرد و ئیدی بەزمەکەمان دەگۆڕی، دیارە کاك ئوسمان نەدەکەوتە سەری و بابڵێین کورتی دەهێنا، بەو شێوەیە چەند گۆرانیەکمان گوت.. کاك ئوسمان تووڕە ببو، هەستایە سەرپێ و هەردوو دەستی خستە سەر کەلەکەی و بەدەنگی بەرز و بەبەزمی (باوانم باوانم) گۆرانیەکەی ئێمەی بڕی و پڕ بەگەرووی خۆی چریکاندی:

(( باوانەکەی ـ وەی ـ باوانم .. دەی .. باوانم جوانەژن

دەی گیان بەملی تۆدا .. ئازیز .. بامن بکوژن.))

ئێمە هەرئەوەندە دنیامان دیت.. بڕوات هەبێ زەوی دەلەرزی، دارو دیواری خانووەکە دەلەریەوە، ئێمە و هەموو بەشدار بوەکانیش کپ و بێدەنگ کەوتبووین و سەرمان خستبووە خوار و ئارەقەی شەرمما بەردابوو. بەئەسپایی هەستاین و لەژوورەکە چووینە

دەرەوە و لەڕاستیدا بەکۆڵێك پەشیمانی و شەرمەزارییەوە لەو شۆڕشی دەنگە زوڵاڵە هەڵاتین!

+ دیارە تۆ زۆرتر بۆ ئاهەنگ و زەماوەند گۆرانی دەڵێی؟:

= بەڵێ وایە، زۆرتر بۆ شایی و زەماوەند و بۆنە و ئاهەنگی خۆشی و جەماوەری گۆرانیم گوتووە و هەرواش لەگەشت و سەیرانەکاندا بەشداریی شادیی هەڤاڵ و دۆستانم کردووە.

+ لەمەڕ بەنۆتە کردن و بەمۆسیقا لێدانی گۆرانیی هەورامی چی دەڵێی؟:

= زۆربەی زۆری وردە بەزمەکان و خاوەکان و بەتایبەتی چەپڵە لەگەڵ مۆسیقادا دەگوترێنەوە، واتە بەمۆسیقا لێدەدرێن بەمەرجێك مۆسیقاری لێزان و کارامە هەبن و سەرنجی ورد بدەنە تایبەتمەندی و کەشوهەوای تایبەتی گۆرانیەکان، بەڵام ئەم قسەیە بۆ سیاچەمانە ڕاست دەرناچێت، وەك خۆت وتت پێموانیە هیچ ئامێرێکی مۆسیقایی و هیچ مۆسیقارێکیش هەبێت بتوانێ کار لەسەر سیاچەمانە بکات، سیاچەمانە گەلێ سەخت و سەرکەشە و زۆر ئاستەمە لەگەڵ مۆسیقادا بگونجێ.

+ بۆیەکەمجار چۆن و لەکوێ بەئاشکرا گۆرانیت گوت و چ گۆرانیەکت گوتەوە؟:

= بۆیەکەمجار لەڕێگەی نێوان نارنجلە و خورماڵ و لەگەڵ کاك شەفێع کەیمنەیی بەئاشکرا گۆرانیم گوت، ئەو ڕووداوەش بیرەوەریەکە و لەناخمدا جێی گرتووە و هەرگیز فەرامۆشی ناکەم: من گەنج بووم و لەگەڵ چەند برادەرێکمدا لەدەروبەری گوڵپ و نارنجلەدا بۆخۆمان دەگەڕاین و گۆرانیمان دەگوت، بینیمان کابرایەکی خرتەڵەی سوورکاری ڕەشتی بەسەر، چەند ڕەشتیەکی بەدەستەوە بوو و لەسەرەوە بەرەو خورماڵ ئەهات، دیارە لەدوورەوە دەنگی ئێمەی بیستبوو، چونکە کاتێ گەیشتە لامان پرسیی: کامتان گۆرانی دەڵێن؟ گوتمان: هەرسێکمان دەڵێین بەڵام گۆرانیبێژ نین و دەنگمان خۆش نیە، گوتی: دەی باشە باپێکەوە گۆرانیەك بڵێین. ئیدی دەمی کردەوە و بەزمی (سەلەسەلە)ی گوت، من بۆیەکەمجار ئەو بەزمەم گوێ لێبوو و لەگەڵیدا گوتمەوە. کە نزیکی خورماڵ کەوتینەوە، گۆرانیەکەی بڕییەوە و گوتی: دەی.. باشە.. دەنگتان خراپ نیە، بەڵام ئەی پێم ناڵێن، ئایا دەنگی من خۆشترە یاهی شەفێع کەیمنەیی؟ ئێمەش گوتمان: کورە جا شەفێع کەیمنەیی چییە... وەڵا دەنگی تۆ لەهی سەدی وەکوو شەفێعیش خۆشترە، جوێنێکی

ڕەقیشمان بۆنارد. کاتێ گەیشتینە خورماڵ، بینیمان خەڵك بەپیرییەوە هاتن و ئیتر (کاك شەفێع بەخێربێی.. چۆنی کاك شەفێع و...) دەستی پێکرد. ئێمەی گەنجی بێ ئەزموونیش زانیمان کەئەو کابرایە خودی (شەفێع کەیمنەیی)ە، زۆر لەخۆمان بووینەوە و هەریەکە بەلایەکدا بۆی دەرچووین. بەهەرحاڵ (سەلەسەلە) بووبە یەکەم گۆرانی کە من بەئاشکرا و لەگەڵ گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ بیڵێم.

+ چ قسەیەکت هەیە بۆگۆرانیبێژە هاوپیشەکانت؟:

= ڕێزم بۆ هەموو لایەکیان، داواشیان لێدەکەم بەدەنگی زولاڵ و هەوای ڕەسەن و گەروویەکی پاك خزمەتی گۆرانی و هونەری رەسەنی هەورامان بکەن و هەولبدەن خۆیان لەسەر فێربوونی گۆرانیە ڕەسەنەکان زۆرتر ڕابهێنن و ئەو لایەنە ڕەسەنە بپارێزن و بەشێوەیەکی شیاو گەشەی پێ بدەن و بەلاڕێدا نەڕۆن و ئیتر ڕێزیشم بۆ ماندووبوونەکەی ئێوە.

*

پەراوێزی دیداری پازدەهەم:

1_ ئەم دیدارەم هاوینی ساڵی 1995 لە مەریوان (ماڵی خۆمان) بە بەشداریی هونەرمەندان رۆستەم و عەتا و سبحان و چەند دۆست و هاوڕێیەکیدیکە تۆمار کرد و دیارە (مناقشە)کەشمان زۆر توند و جدی بوو، سەرەڕای ئەوەش رۆژی پێش ئەو دیدارە من لە بەرنامەی هەورامیی رادیۆ مەریواندا هەمان مەسەلەم لەگەڵ کاك سەباحدا هێنابوویە ئاراوە و بەجۆرێك ئەوم (ئیزعاج) کردبوو...! ئەو بەڵێنەش کاك سەباح لە دیدارەکەدا بە منی دا، بەداخەوە بۆی نەچووە سەر، ئەویش بەهۆی پێداگریی نالۆژیکی خەڵکانێکی رەمەکی و نەخوێندەوار و بێبەش لە هەرچەشنە چێژێکی هونەریەو...!

دیداری پازدەهەم:

(نەوزاد هانە دننی)



***ئەم دیدارە هاوینی ساڵی 1988 لە گوندی قەڵاجێ تۆمار کراوە، زۆربەداخەوە لەو کاتەوە تا ماوەیەك پێش ئامادەکردنی ئەم کتێبە (پایزی 2006) داوای وێنە لە کاك نەوزاد دەکەم و ئەویش هەر بەڵێنم دەداتێ و بەڵێنەکەی دەشکێنێت و خۆی بەدرۆ دەخاتەوە! ئەمەش بە خراپ بەسەر ناوبراودا شکاوەتەوە، چوونکە بۆ هونەرمەندێکی راستەقینە، پێش هەمووشتێك راستی و دروستی و ڕاستگۆیی پێویستە، بەڵام بەداخەوە...!!!***

+ کاك نەوزادی گۆرانیبێژ چۆن خۆی بە خوێنەرانی کتێبی (هەورامان و هونەر) دەناسێنێ؟:

- (نەوزاد)م ناوە، ئەسڵم خەڵکی شارەدێی (نەوسوود)ە و کوڕی (نەسروڵڵا بەگ)م و بە نەوزاد هانەدننی ناسراوم، پایزی ساڵی 1956 لە گوندی (هانەی دن)ی سەربە هەورامانی لهۆن لە باشووری کوردستان لە دایکبووم و هەر لەوێش گەورە بووم، تا پۆلی شەشم خوێندووە بەڵام بەهۆی بێزاریم لە خوێندن و هۆگریی لەڕادەبەدەرم

بە کەژوکێو و ڕاو و شکار وازم لە خوێندن هێناوە و بوومەتە هاوڕێی هەوارگەکانی ولاتەکەم.

+ چۆن و لەکەیەوە هاتیتە ناو جیهانی گۆرانیەوە؟:

= ئاماژەم بەوەدا کەلە ئەشقی کەژ و کێوەکان و نێچیروانی و گەڕان بەهەوارگە و بەند و بەندەکانی هەورامان وازم لەخوێندن هێنا... من بەگۆرانی گۆش کراوم، باوکم (نەسروڵلابەگ) هونەرمەندێکی دەنگخۆش بووە و گۆرانیی چاك ناسیوە و بۆخۆی خاوەنی بەزمێکی تایبەتە، واتە داهێنانی هەبووە لەدنیای گۆرانیدا. دیارە لەئاوەها بنەماڵەیەکدا و لای ئاوەها باوکێك منداڵی خاوەن هەست و بەچێژ پەروەردە دەبن... بۆیەش دەڵێم بەگۆرانی گۆچ کراوم. هەرزۆر منالْ بووم کەئاشنای گۆرانی کرام و هۆگری بووم و ئیتر هەر بۆخۆم خەریکی گوتنەوەی گۆرانی بووم. لەتەمەنی دە ساڵیشمدا بەئاشکرا دەستم کردە گۆرانی چڕین و بوومە ڕێبواری هەمیشەیی ئەورێبازە.

+ بڵێی یەکەم گۆرانیەك کە بۆ یەکەمجار چڕیوتە لەبیرت مابێ؟:

= پێموابێ (وەسەت مەڕۆ)بوو کەبۆ یەکەمجار و بەئاشکرا گوتم، ئەوکاتە وەسەت مەڕۆ گۆرانیەکی باوی لەبەردڵان بوو، ئەو گۆرانیەم بۆیەکەمجار و بەئاشکرا لەشارەدێی خنجیلانەی تەوێڵە لەگەڵ کاك ئوسمان و کاك جەمیل گوت و لامویە ساڵی 1968بوو، دواتریش ئیدی لەگەڵ هونەرمەندانی وەك حمەحسێن و عەلی گوڵپی و عەتا و سەباح و... درێژەم پێدا.

+ دەڵێی گۆرانیی وەسەت مەڕۆ لەو سەردەمەدا گۆرانیەکی باو و لەبەردڵان بووە ... ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێت کەگوایە ئەمڕۆ لەبرەو کەوتبێ؟:

= نا... مەبەستم ئەوە نەبوو... پێموانیە هیچ گۆرانیەکی ڕەسەن لەبرەو بکەوێ، هەندێ گۆرانی هەن نەمر و تاهەتایین و سەرجەم گۆرانییە کۆن و ڕەسەنەکانی هەورامان لەو دەستەیەن کەهەرگیز نامرن... مەبەستم ئەوەبوو کەوەسەت مەڕۆ ئەوکات زۆرتر دەگوترایەوە... لەوانەشە بۆمن تازەیی هەبووبێ و تاموچێژی لەوانیدیکە زیادبووبێ لەلام.

+ ئەو هونەرمەندانەی کەهەمیشە پێکەوە گۆرانییان وتووە، زۆرجار ناوەکانیشیان هەرپێکەوە دێن وەك: ئوسمان و جەمیل ـ ئوسمان و حمەحسێن ـ برایانی کەیمنەیی ـ فەتحوڵڵا و بەخشە ـ سەباح و مەولوود و... بەڵام کەمتر ناوی نەوزادمان وێڕای ناوێکی دیکە بیستووە... تۆ تایبەتمەندییەکت هەبوو ئەویش: زۆرتر بۆخۆت و لەگەڵ خۆت گۆرانیت دەگوت؟:

= تاڕادەیەك ڕاستە... من زۆرتر بۆخۆم و بەتەنیا گۆرانیم گوتووە، ئەویش چونکە زۆرتر بەتەنیا بووم لەهەوراگە و بەندەنە جوانەکانی هەوراماندا هەربۆیەش هەندێ گۆرانی هەن بەناوی منەوە ناسراون یاخود ناوی من زۆرتر بەتەنیا هاتووە لەگەڵ ئەمەشدا من ئەوەندەش دوورە پەرێز نەبووم، وەك پێشتر گوتم لەگەڵ زۆربەی گۆرانیبێژەکاندا گۆرانیم گوتووە و بەشداریی زۆر کۆڕ و دانیشتنم لەگەڵیاندا کردووە و هاوکاریەکی نزیکمان لەگەڵ یەکدا هەبووە.

+ بۆ یەکەمجدار کەچریکەت سەرنجی ڕاکێشام بەدواتدا گەڕام و کەوتمە هەواڵپرسیت، برادەرێکم (هاوڕێی هەمیشەییم: سەلیم رەحیمی) بەمجۆرە تۆی بۆ پێناسە کردم: ((هونەرمەندێکی یاخییە... هەمیشە بەتەنیایە... ئاشقە و هەمیشە بەو کەژوکێوانەوە بۆخۆی دەوچریکێنێ))؟:

= ڕەنگە ئەو برادەرەت راستی گوتبێ... بەڵێ من ئاشق بووم... نا... شەیدا بووم، شەیدای هەوراگە و بەندەنەکان... شەیدای ڕاو و شکار... شەیدای هانەنەوە، هەرخۆم دەزانم چەندی تێدا حەساومەتەوە و چەندە ڕاوم تێدا کردووە و چەندم بەخاك و بەرد و دار و درەخت و کانیاوە جوانەکانیدا چرپیوە... ڕۆژ نەبووە من نەچمە ڕاو و لەگەڵ ڕاوکردنیشمدا پڕبەدڵ نەچریکێنم. دوور نیە تەنانەت گوتبێتیان (دێوانە)شم، ئەمەش هەرڕاستە... من ئاشق و شەیدا و دێوانەی هەرد و کۆساری هەورامان بووم و هەشم و هەردەشبم.

+ بەو پێیە نابێ هەرلەبازنەی گۆرانیە کۆنەکاندا قەتیس مابی... دەبێ بۆخۆشت نەزمت داهێنابێت و جێپەنجەت لەو بوارەشدا دیاربێ؟:

= بەڵێ... دووسێ نەزمێکم بۆخۆم داهێناون: (رەنگلە رەژیلێ)، (گیان ئازیزەکەم)، (هەراڵەگیان هەراڵە)... بەڵام بۆتەعبیری (قەتیس مانەوەم)... ئەوە قەتیس مانەوە نیە... دنیای گۆرانیی هەورامان بەرینتر و رەنگینترە لەوەی مرۆڤ لێی تێربێ... دەریایەکی هەرە قووڵ و بێسنوورە و کارامەترین مەولەوان تەنانەت کاک ئوسمانیش ناتوانێ بەتەواوەتی بچێتە قووڵاییەکەیەوە، ژیان لەو دنیایەدا هەمیشە نوێ و شاداوە، هەمیشە تازە و جوان و دڵڕفێن و هەست هەژێنە. دنیای ژیان و گەشانەوەیە.

+ کامە گۆرانیت لەهەموویان خۆشتر دەوێ ؟:

= پێش هەموو شتێك بابڵێم هیچکات حەزم لەچەپڵە نەبووە و زۆرکەم خۆمی لێدەدەم... من ئاشقی سیاچەمانەم و وردە بەزمیشم لاخۆشە، لەناو سیاچەمانەدا هەموو نەزمەکانم خۆشدەوێن بەڵام لە بەزمە خاوە تازەکاندا (گیان ئازیزەکەم)م لەهەموویان خۆشتر دەوێت و زۆرجار لەگەڵ خۆمدا دەیڵێمەوە... کاریگەرییەکی حەسێنەرەوەی زۆری لەسەرم هەیە.

+ لەگەڵ لایەنی شیعریدا چۆنی؟:

= هەندێ هەڵبەستی خۆم هەیە و ئیتر وەك باوە لەشیعری شاعیران و زۆرتریش لەخەرمانی بەپیتی فۆلکلۆر سوودی زۆرم بینیوە.

+ حەز دەکەم خۆشەویست ترین گۆرانیی خۆت لەگەڵ شیعرەکانی خۆتدا ببیسم؟:

= (گیان ئازیزەکەم)ت بۆدەڵێم لەگەڵ ئەو شیعرەی کەبۆگۆرانیی (رەنگلە رەیژیلێ)م داناوە و هەر دوکیشم لەلا خۆشەویسشتن:

(( گیان گیان و گیان گیان و گیان ئازیزەکەم

تۆ گوڵە چنووری ــ گیان ــ نەپای رێزەکەم

ــ جا ــ رەنگلە رەژیلێ ــ توخا ــ باکەرۆ کەوە

باوانۆ ژەرەژ ــ دەی ــ جەهانە نەوە

هەرپەی من خاسا ــ دەی ــ شیوەن و زاری

پەی ملەگاو شەیدای ــ ئاخ ــ مێوا و نساری

ــ جا ــ سەوزە گیواوی ــ من ــ هام توتمانم ڕۆ

چەم و چوخۆڕ و ــ توخا ــ دارەسانم ڕۆ
ــ من ــ نیلوپەڕەکەی ــ گیان ــ قەڵای دالّم ڕۆ
مەسکەنی شیرین ــ دەی ــ هەم سارالّم ڕۆ
سەیرانەی ڕەنگین ــ توخا ــ هانەنەوەم ڕۆ
گۆڕاڵەی نەخشین ــ دەی ــ سوورو کەوەم ڕۆ
ــ جا ــ داڵە مێز مەدیۆ ــ ئاخ ــ ئەو دەرەو ناویٚ
وەن کەردەی ملا ــ خۆ ــ ئاچەم سیاویٚ
هەم بزڵە قاڕەو ــ دەی ــ ساتاریکم ڕۆ
هەراڵە برەمیٚ ــ گیان ــ قەدباریکم رۆ
قەڵای لنگالەرز ــ ئای ــ هەم چاڵاوم ڕۆ
دماگەلە کەردەی ــ دەی ــ وەنەناوم ڕۆ
هانەشەخەڵەو ــ دەی ــ کۆتەسیاوم ڕۆ
نشینگەی شەودەس ــ ئای ــ هەم دۆڵاوم ڕۆ
شیوەن و زاری ــ دەی ــ هەرپەی من خاسا
شەوان تاوەڕۆ ــ من ــ لاشەن کەساسا
گیان گیان و گیان گیان و گیان ئەزیزەکەم
تۆ گوڵە چنووری ــ توخا ــ داڵەمێزەکەم.))

+ هەناسە ساردی و پەژارە لەهۆنراوەکەتدا دەڕژیٚ؟:

= شیعرەکەم هاوارێکی ئەفسووسە و لەناخی شەیدایەکی لەهەوارگە بڕاوی هەورامان دەرچووە... لەراستیدا شیوەنێکی بەکوڵە بۆ لەدەستدان و لەکیسچوونی ئەو هەوارگە جوانانە و ئەو سروشتە گیانبەخشە و ئەو ژیانە ئاسوودە و شاعیرانەیەی هەورامان بەهۆی ستەم و کاولکاریی رژێمی بەعس و هەرواش شەڕی وێرانکەری نێوان عێراق و ئێران ... ئاسان نیە تۆ سات بەساتی ژیانت و خۆشترین کاتەکانی تەمەنت لەبەهەشتێکا بەسەر بردبێ کەچی بێگانەیەك بێت و لێت داگیر بکات و دوورت بخاتەوە

لەخۆشەویسترین خۆشەویستەکانی هەموو ژیان و زیندەگیت ... ئێ دیارە شیوەنی بۆدەکەیت و کولّی دلّی زاماری خۆت بەو لاواندنەوەیە هەڵدەڕێژێ.
+ تایبەتمەندییەك لەدەنگ و چریکەتدا هەیە کەجیات دەکاتەوە لەوانیدی، ئەی شێوازو کات و ساتی چڕینت؟:
= لەکاتی زۆر تایبەتدا دەتوانم گۆرانی بلّێم... ڕاستە هەموو کاتێك دەکرێ بیلّێم، بەلاّم ئەوتاموچێژو کاریگەرییەی نیە کە لەهەندێ کاتدا بۆخۆمی بلّێم. جاری واهەیە دەکەومە بیری شاخ و باخ و بەندەنەکانی هەورامان و ژیانی رابردووم لەناو سەیرانگە و سەرکانی و هەوارگەکانیدا دێتەوە بەرچاو، ئەوحاڵەتە ناخم نەشە پێدەبەخشێت و دەمباتە ناو جیهانێکی خەیالاّوی، ئەو کاتە هەست دەکەم لەناو ئەو سروشتە بەهەشتیەدام و ئیدی گوڕ و توانای چڕینم سەد چەندان دەبێت و بەدلّی خۆم و پڕبەناخم دەچریکێنم، هەرلەو کاتانەشە کە لەوانەیە لەگۆرانیەکەی خۆم ڕازی بم و واهەست بکەم کەبەڕاستی گۆرانیم چڕیوە. دەنا لەکات و ساتەکانی دیکە پێموایە شتێکی تەقلیدی و دەستکرد و رووکەش دەبێت و هیچیدی.
+ ماوەیەکە هەست بەوە دەکرێ لایەنی سیاچەمانە بەرەو کزی دەچێت بەتایبەتی لەناو گۆرانیبێژە لاوەکاندا... چۆن سەیری ئەم دۆخە دەکەی؟:
= بەداخەوە راستە، هۆکارەکەشی ئەوەیەکە گەنجەکانمان لەسەر ئەو لایەنە ڕەسەنەی هونەری نەتەوەییمان پەروەردە نەکراون و لەراستیدا دەبێ بلّێم لایەنی پەروەردەی هونەرییان لاوازە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە و زیانی زۆری دەبێ بۆئەو سامانە دەوڵەمەندەی نەتەوەکەمان. سیاچەمانە وەکوو بناغەیەکی هەرە پتەوی مێژووی هونەریمان نەك هەردەبێ بپارێزرێ بەڵکوو دەبێ کاری زۆرتری لەسەر بکرێت و گەشەی پێ بدرێت و داهێنان و تازەگەریی لەسەر بکرێت و جیلە نوێیەکەشی لەسەر پەروەردە بکرێت. من نەبوون یا نەمانی سیاچەمانە بەنەمانی ڕۆحی نەتەوەیی ئەم گەلەمان دەزانم بۆیە زۆر پێویستە هەر هەموومان توانای خۆمان بۆپاراستن و بووژاندنەوەی تەرخان بکەین، بۆ وێنە هەرئەم پرۆژەیەی خۆت هەنگاوێکی زۆر پیرۆز و کاریگەرە و من هیوادارم تیایدا سەرکەوتوو بیت و بیگەیەنیتە ئەنجامێکی دلّخواز.

+ چۆن هونەرمەندەکان پۆلێن دەکەیت و خودی خۆت لەچ ئاستێکدا دەبینیت؟:

= بۆبەشی یەکەمی پرسیارەکەت تەنیا ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە مامۆستا ئوسمان لەپلەی یەکەم و لەسەرووی هەمووانەوەیە... بۆئەوانیدی هیچ ناڵێم و ناوی کەس ناهێنم بۆبەشی دووەمیش واتە بۆپێگەی خۆم... ئەوە جەماوەر دەبێ ڕای لەسەر بدات و من خۆم هیچم نییە بیڵێم ئەوەندە نەبێ کە: هیوادارم شیاوی ئەو ناوەبم کەبەسەرمدا براوە (هونەرمەندی گۆرانیبێژی هەورامان) و هیوادارم توانیبێتم یا بتوانم خزمەتێکی هەرچەند کەمی ئەو لایەنە بکەم.

+ لەمەڕ مێژووی گۆرانیەکان چی دەڵێی؟:

گۆرانیەکان زۆر کۆنن... مێژوویەکی زۆر دێرینیان هەیە و سنگ بەسنگ و زاربەزار گەیشتوونەتە ئێمە و لەم سەردەمەی ئێمەشدا کاك ئوسمان هەڵکەوتووە کەبتوانێ بەجوانی بیانڵێتەوە و بیانپارێزێت و دەوڵەمەندتریان بکات... ئەڵبەت ئاشکرایە کە ئەویش لەلایەن دیترانەوە ڕاهێنراوە لەسەریان و فێری گوتنەوەیان کراوە واتە نەزمەکانی پێ گوتراوە و فێر کراوە بەڵام ئەویش توانای زۆر و بەهرەیەکی چاکی هەبووە و لەکارەکەدا سەرکەوتووە و ئێستاش دەبینی بۆتە لووتکەی بڵندی سیاچەمانە کە هەموومان هیواداریین تەمەنی درێژتر بێت و هەرواش جێگەی لەناو سیاچەمانەدا هیچکات چۆڵ نەبێت.

+ سوپاس بۆبەشداریت و بەتایبەتی بۆگۆرانیە خۆشەکەت؟:

= منیش سووپاسی ئەم ماندوو بوونەوەی تۆ دەکەم و هیوادارم لەکارەکەتدا سەرکەوتوو بیت و هەموانیش هاوکارییەکی دڵسۆزانەت بکەن.

* * *

دیداری شازدەهەم

حمەمین خواشتی



+ چۆن کاک حمەمین خواشتی بناسین؟:

= حمەمین قادری کوڕی عەلی، لە گوندی خواشت، ساڵی 1327 (1948) لەدایکبووم و ئێستاش نیشتەجێی شاری سنەم و بەحمەمین خواشتی ناسراوم.

+ ئایا کاک حمەمین خواشتی خوێندەواریی هەیە؟:

= بەداخەوە نەخوێندەوارم... ئەو سەردەمەی منی تێدا دەژیام، خوێندنگە لەهەموو گوندێکدا نەبوو بۆ نموونە لەچەمی ژاوەرۆ تەنیا بێساران و ئەوێهەنگ قوتابخانەیان تێدا هەبوو، ئێمەش (زۆربەی خەڵکی گوندەکان) دەستکورت بووین و نەماندەتوانی خەرجی هاتوچۆ یا نیشتەجێ بوون دابین بکەین و بچینمە ئەوێهەنگ یا بێساران بۆ خوێندن. لەملاشەوە باوکەکان بەهۆی هەژاری و نەخوێندەواریشەوە، بایەخیان بەخوێندن و دواڕۆژی منداڵ نەدەدا، ئێمەیان دەکردە شوانی بەرغەل و ئەو کارەشیان بەلاوە باشتر

بوو لەخوێندن و قوتابخانە! ئەوەتە دەبینی ئەنجامە خراپەکەیشی لەمڕۆدا بەرۆکی گرتووین و هەمووومان نەخوێندەوار و کۆڵەوارین!

+ لەکەیەوە گۆرانی دەڵێیت؟:

= زۆر دەمێکە... لەساڵی 1352 (1973)وە دەستم پێکرد... ئەو سەردەمە رادیۆ و ڕێکۆردەر و ئەو شتانە نەبوون، هەر بۆ شایی و زەماوەند و کۆڕ و بۆنە گشتییەکان گۆرانیمان دەگوت، تا ساڵی 1354 ئەو ئامێرانە گەیشتنە لای ئێمەش و دەنگمان تۆمار کرد و لێماندایەوە، ئیتر لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوام گۆرانی دەڵێم و وەکوو هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ ناسراوم.

+ خەڵکی خواشت هەورامی نین، تۆ چۆن بوویتە گۆرانیبێژێکی هەورامی؟:

= گوندەکەمان چەند گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشی لێ بوون، گۆرانییان دەچڕی و دنیایان پڕدەکرد لە چیکەی خۆش.. منیش زۆرم گوێ لێدەگرتن چونکە هەر بەمنداڵی هۆگری گۆرانی بووم، تاوای لێهات فێربووم وڕۆیشتمە لایان و جاروبار لەگەڵیان دەمگوت و دەمدی دەنگم خراپ نیەو توانای چڕینیشم هەیە، ئیدی درێژەم پێدا و سەرەنجام بوومە گۆرانیبێژ.

+ خواشت کەوتۆتە ناوچەی چەمی ژاوەرۆ.. واتە بەڕێزت لە ژێر کاریگەریی گۆرانیبێژەکانی ژاوەرۆدا گۆرانیت گوتووە؟:

= من گوتم چەند گۆرانیبێژێکی گوندەکەی خۆمان.. دەنا ڕاستە چەمی ژاوەرۆیش هونەرمەندی گۆرانیبێژی هەبوون، بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین کە هەورامانی لهۆن لەگەڵ ژاوەرۆدا زۆر جیاوازە و بەراورد ناکرێت.. هەورامانی لهۆن بەراستی بێشکەی یەکەم و ڕەسەنی هونەرە و دەیان هونەرمەندی مەزنی وەك: ئوسمان و حمەحسێن و جەمیل و شەفێع و...ی تیادا هەڵکەوتوون کە نموونەیان هەرگیز نابێتەوە بەڵام هەورامانی ژاوەرۆ وانیە بەڵکوو جاروبار دەنگخۆشیکی تیادا هەڵکەوتووەو ئیدی تەواو، سەرەڕای ئەوەش گوندەکەی ئێمە (هەروەکوو خۆت گوتت) هەورامی نین و تەنانەت ژن و منداڵەکەی خودی منیش سۆرانین بەڵام من خۆم شەیدا و هۆگری هەورامان و گۆرانیی هەورامی بووم و

هەوڵی زۆریشم داوە تا فێربووم و ئێستاش شانازی دەکەم کەوەکوو گۆرانیبێژێکی هەورامان ناسراوم.

+ زۆرتر لەگەڵ کێ گۆرانیت گوتووە؟:

= لای خۆمان زۆرتر لەگەڵ کاك جەلال هەرسینی و چەند گۆرانیبێژێکی دیکە و ئیدی بەم دواییانەش لەگەڵ زۆربەی زۆری هونەرمەندەکانی هەورامان و بەتایبەتی لەخزمەتی (برایانی کەیمنەیی)دا بووم و گۆرانیم لەگەڵ گوتوون.

+ لەبواری شیعردا چۆنی.. چ شیعرێك زۆرتر بۆ گۆرانیەکان بەکاردێنیێ؟:

= پێموایە هیچ گۆرانیبێژێك بۆ شیعر پەکی ناکەوێ چونکە خەرمانی شیعری فۆلکلۆری هەورامان بەراستی زۆرزۆر دەوڵەمەندە.. منیش زۆرتر هەمان ڕێچکەم گرتووە، جاروباریش شیعری شاعیرە کۆنەکان (ئەوانەی کە بیستوومن و لەبەرم کردوون) و کەمێکیش شیعری خۆم: چەند ساڵ پێشتر کارەبا لێی دام و کەوتمە خەستەخانە، دواتر هۆنراوەیەکم بۆ ئەو دۆخەی ژیانم هۆنییەوە و کردم بەگۆرانی کە زۆریشی ئەڵێمەوە.

+ تۆچۆن سەیری گۆگرانی دەکەیت؟:

= گۆرانی بەلای منەوە پارچە زێڕێکی یەکجار درەخشانە و هەردەبێ زێڕینگەری کارامە و بەسەلیقە کاری لەسەر بکات... گۆرانی خاوێن کەرەوەی ژەنگاوی دڵ و زاخاودەری مێشکی مرۆڤە و عالەمێکی سەیر و پڕسەفا و خۆشەویستیت پێدەبەخشێ. گۆرانیی هەورامی زۆرزۆر کۆن و لەمێژینەیە دەکرێ بڵێم لەسەر دەستی چەند هونەرمەندێکی بەهرەدار و بەتوانا پارێزراون و گەشەیان سەندووە، بەتایبەتی کاك ئوسمان و حمەحسێن و جەمیل و... منیش بۆخۆم هەوڵمداوە جاروبار نەزمێك دابنێم جا تاچەند سەرکەوتوو بووم، نازانم.

+ ئەی چۆن دەڕوانیتە ئوسمان هەورامی؟:

= کاك ئوسمان لووتکەی هەرە بەرزی سیاچەمانەیە، من پێموایە ئوسمانێکی دیکە لەدنیادا لەدایك نەبووە و هەرگیزیش لەدایك نابێتەوە.. من بەخۆیشم گوت: ئەو مامۆستایەکی پایەبەرزە و ئێمە هەمووومان فەقێ و قوتابیی ئەوین، ئەو پێمان دەگەیەنێت

و ڕامان دێنێ، ئێمەش دەبێ وەکوو وەفا و ئەمەکدارییەك خزمەتی بکەین و ڕێگاکەی درێژە پێ بدەین.

+ سەرنجت لەمەڕ ئەم پرۆژە هونەرییە چییە.. تۆماری هەموو گۆرانی و گۆرانیبێژەکانیش لەکتێبێکدا چ کاریگەرییەکی دەبێت؟:

= کتێب دەبێتە هۆی زیندوو مانەوە و پاراستنی کلتوور و کەلەپووری هەموو میللەتێك.. ئەگەر پێشتر کتێبێك لەسەر هونەری هەورامان بنوسرابا، ئێستا بارودۆخێکی زۆر باشترمان دەبوو.. سەدان هونەرمەندمان هەبوون ئێستا دەناسران و ناویان زیندوو دەمایەوە، کەچی ئێستا هەردەتوانین بڵێین لەژاوەرۆدا (شامراد) و (سەنعان) ناوێکمان هەبوون دەنگیان زۆر خۆش بوو یا هەورامان یۆسۆئاسکەیەکی هەبووە کە خودای سیاچەمانە بووە.. لەوە زیاتر نایانناسین و نازانین چۆن ژیاون و چییان کردووە و ئەم کاروانە دوورودرێژە هونەرییەمان چۆن گەیشتۆتە ئێستا و...، هیوادارم ئەم پرۆژە و ئەم کتێبەی بەڕێزت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و هەنگاوێك بێت بۆپاراستنی هونەری ئەم سەردەمەمان و ناساندنی ئاستی بەرزی هونەری هەورامان بەدیترانیش.

+ لەناو گۆرانیەکاندا کامە گۆرانیت لەهەموویان خۆشتر دەوێت و چ بەزمێکیان زۆرتر و هەمیشە بۆخۆت دەڵێیتەوە؟:

= من زۆر حەیفە بەلامەوە کە بڵێم کامە بەزم باشە یان خراپە یان کامەیانم خۆشدەوێت و حەزم لەکامەیان نیە.. گۆرانی وەکوو باخ و بێستانێکی چڕ و پڕبەرهەمە و هەموو جۆرە گوڵ و میوە و خونچە و بۆن و ڕەنگێکی تێدایە کەهەرهەمووشیان لەجێی خۆیاندا خۆش و دڵگیرن، ئیتر دەگەڕێتەوە لای زەوق و سەلیقە و چێژی خۆت کەلەو باخە ڕازاوەیەدا چی هەڵدەبژێری، من بەشبەحاڵی خۆم حەزم لەهەموویانە و لەهەمووشیان هەڵدەبژێرم.. بۆگوتنەوەی زۆرتری بەزمێکیش، دەبێ بڵێم: کاك ئوسمان کاسێتێکی بۆ ناردبووم و سیاچەمانەیەکی تیادا گوتبوو زۆرزۆرم پێخۆش بوو و زۆربەی کات لەگەڵ خۆمدا و بۆخۆمی دەڵێمەوە.. سیاچەومانەکە ناوی (سەرکەو وێت) بەزمی خاڵۆ (خواکەرەم)ە... سیاچەمانەیەکی تا بڵێی دڵگیر و ڕۆحنەوازە:...

(( توخا.. شاناشۆ شەرار.. کنا هۆ سەرەکەو وێت.. دەی شاتە.. گیان.. براڵوو

وەگیان لەیل

ئەرێ گیانە شیرینەکەم.. تادنیا دنیان.. کالۆکولّ.. سەرەکەو وێت.. توخا.. من پەی تۆ نالّوو

وەگیان لەیل))

+ ئاماژەت بەهۆنراوەیەکی خۆت کرد.. دەکرێ زۆرتر باسی بکەیت؟:

= ئەو پارچە هۆنراوەیەم بۆکارەساتی کارەبا لێدانەکەی خۆم هۆنیەوە.. جەژنی قوربانی سالّێ 1364 (1985) بوو، من دەبوو بڕۆمەوە بۆلای منداڵەکانم کەچی کارەبا لێی دام و ماوەیەکی دوورودرێژ کەوتمە خەستەخانە، لەئاکامیشدا هەم سەرم و هەم لاقیشم زیانی زۆریان پێگەیشت و ئێستاش وەك دەبینی هەمیشە دوو چۆشەقە (داردەست)م بەدەستەوەن و ئاوا گیرۆدە بووم.. ئەو کاتە لەخەستەخانەدا کولّی دلّی خۆم بەو هۆنراوەیە و بەزمێکی تایبەت و حەزینی گۆرانی هەلّڕشت:

(( یەکی شەست و سێ ئەوەلّی بەهار

مالّم بارئەکا بابچم بۆشار

دلّەکەم شادە وەك گولّی بەهار

خواندەنش بۆ من هاتنم بۆشار

دلّەکەم شادا وەك گولّ بەهار بو

ڕۆژی عەرەفەی جەژنی قوربان بو

وارد بی پەنەم نوقسانی گەورە

سزام مەدانێ هەرسات بەتەوەر

دانش وەسەرم بەرقی هەوایی

نیەن دکتۆرێ کەرۆم دەوایی

نالّەنالّمەن نالّەی بێسامان

چوار مانگ و شەش ڕۆ جەبیمارستان

یاران هامسەران کەس نیەن جەلام

هەتاکوو کفن ببڕن وەبالاّم

بامن بنالۆ نالّەی بێ سامان

لاشەم هەڵگرن بۆ بیمارستان

دنیاکە بۆ من هەر تەق و لەقە

لەتاف جوانی گرتمە دەسم جووتێ چۆ شەقە

منالّ ڕەش و ڕووت هەروەکوو هەتیم

توخا کەسێ نیا بدۆ یارمەتیم

ئەسیرم بەدەس تیری بێگانە

بەستەریم بەسەر جەخەستەخانە

عەدنانم باردێ بەلوقمانەوە

شایستە و شەهلا بەدەرمانەوە

شایستە و شەهلا هانە بەرگی ڕەش

نیە لەبەریان نەلیباس نەکەوش

دەسی عەدنانی گرتووە بە دەسی

فرمێسك ئەبارێ لەچاوی مەسی))

*   *   *

هەڵبژاردەی ئەلبوومێکی هونەریی هونەرمەندانی

هەورامـــــــــان:...



ئەو کێوستانە بەرز و بەرێـزە                ئـەو دارستانە سەوزو بەهێزە
یان ئەو چەند ماڵە خاك و بەردینە                کە لەمێژ لانکەی ئەشق و ئەوینە
ئەو ژینگە جوانەی کە بەسەدان                قەقنەس و ئوسمان هەورامیی خولقان
(کێمنە)ی سەربەرزی هونەر پەروەر بوو                بەری باخیشی ئەشق و هونەر بوو
بەڵام ئەژدیهای جەنگ و وێرانـی                سووتاندی و کردی بە چۆڵەوانــــــی

*



مشکی (کێش) بەسەرەکان لە ڕاستەوە: ڕەزابەگی کەڕاوا، حمەحسێن کەیمنەیی، ئوسمان هەورامی.



ئوسمان هەورامی و دایکی هونەرمەندی (مریەم) خان.



ئوسمان هەورامی، تیپی مۆسیقای شنروێ، هەڵەبجە

له ڕاستەوە: فەتحوڵڵا ئەمینی، ئوسمان هەورامی، تۆفێق دزاوەری، حمەحسێن کەیمنەیی و جەلیل عەباسی



فەتحوڵڵا و ئەشرەف، هەڵپەڕکێ، سەیرانگای بزازەرا



لەراستەوە: حەسەن خاوەر، حمەحسێن، ئوسمان، جەمیل، رەحمە دەڵەمەرزی و...





لەڕاستەوە: فەتحوڵڵا، حمەحسێن، ئوسمان، تۆفێق و عەزیز سادق ئاوایی

لەڕاستەوە: جەلیل عەباسی، فەتحوڵڵا، سەباح هەورامی



ئەشرەف دزاوەری و ئوسمان هەورامی



جەهانبەخش



جەلال هەرسینی و فەتحوڵڵا ئەمینی



فەتحوڵڵا و تۆفیق و حمەحسێن



جەمیل نەوسوودی، فەتحوڵڵا ئەمینی، تۆفیق دزاوەری



ئوسمان هەورامی، سەباح هەورامی و فەتحوڵڵا ئەمینی



جەلال هەرسینی، جەلیل عەباسی



ئوسمان هەورامی و قوربانی خالیدی



ئوسمان هەورامی، حمە هەورامی و جەمیل نەوسوودی



ئوسمان هەورامی، تۆفیق و حمەحسێن




قوربانی و خالی باوان لە زەماوەندێکدا



لەڕاستەوە: ڕۆستەم، سابیر شیانی، سەباح، عەتا و...



ئوسمان هەورامی لە تەمەنی گەنجێتیدا



حمەمین خواشتی



ڕاوەستاو: ڕۆستەم، سەباح، عەتا / دانیشتوو: سەلیم ڕەحیمی، سبحان خالدی، دانەر



قوربانی و سەباح



تۆفیق، فەتحوڵڵا، جەلیل عەباسی



قوربانی، ڕەحمە، فەتحوڵڵا، عەینەدین، بەخشە، حمەحسێن، جەمیل، تۆفیق، سیروان و...



ئوسمان هەورامی



فەتحوڵڵا و جەلیل



تۆفیق و جەلیل



ناوی تێکەڵکراوی چەند گۆرانییەکی هەورامی

(پشتبەرگی پێشووی ئەم بەرهەمە)



وێنەی رووبەرگی پێشووی ئەم بەرهەمە




تێبینییەك لەمەڕ دوو لاپەڕەی کۆتایی (رووبەرگ و پشتبەرگی پێشووی ئەم بەرهەمە:...

کاتی خۆی دۆست و برای هێژا و بەڕێزم کاك رەزا پێنجوێنی (کۆمپۆتەری زەڕنگار) لە مەریوان زەحمەتێکی زۆری لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا کێشا و پێکەوە شێوازی پشتبەرگ و رووبەرگی ئەم کتێبەمان داڕشت و لەبەرواری 1367/3/7 (1988)دا درایە وەزارەتی فەرهەنگی ئێران بۆ وەرگرتنی ئیجازە چاپ بەڵام بەداخەوە بوویە قوربانیی هەستی

نەخۆشی  سانسۆرچییە شەوپەرستەکانی رژێمی ئیسلامی و هەمیشە رسوای ئاخوندە بەدناوەکانی ئێران!  بۆیە لێرەدا وەکوو وەفایەك بۆ ئەو هەموو زەحمەتەی کاك رەزا، لە کۆتایی بەرهەمەکەدا هێنانمەوە تا بەمجۆرە یادێکم لە دۆستایەتییە یەکرِەنگەکەی و ئاستی داهێنانی لە بواری هونەرکاریی کۆمپیۆتەردا کردبێتەوە.

سڵاو بۆ ئاهوورامانی پیرۆز و یاوەرەکانی

جەلیل عەباسی (قەقنەس)

هەولێر، ئاداری 2007زاینی

نەورۆزی 2707ی کوردی و 3775ی ئاهوورایی

* * *

راستییان گوتووە کە دەڵێن: "هەوارامان زاین زەدەی گۆرانی سیاچەمانەیە"... سیاچەمانە تا بڵێیت مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، پەیوەندی بە هۆرەوە هەیە لەگەڵ سروودی گاتاکان و سروودەکانی ئەمرۆ مەزدادا هاتووە و چریکەی (ئاهورایی)یە. لە مەڵبەندێکی ڕازاوەی کوردستان کە هەورامانە بە سروشتە جوان و ڕازاوەکەی جێگەی خۆی کردۆتەوە، ئەم شوێنە بۆتە شوێنی داهێنان و ئەفراندن و پێگەیاندنی هەزاران شاعیر و گۆرانیبێژان کە دەنگ و سەدایان گۆرانی "سیاچەمانە، کنا لەیل، بەزمی سەحەری، دەرەیی، گۆشی خاو، وەردەبەزم، چەپلەی خاو و گرژ، بەزمی میناوەی، بەرزە چڕی" دروست کردووە.

– لەم کتێبەدا برایانی کەیمەنەیی و دەیان دەنگخۆش پێیان ئاشنا دەبین.. کە لە گۆرانی وتندا زۆر سەرکەوتوو بوون، دەڵێی لە زانکۆیەکی بەرزی هونەریپدا پێگەییبوون کە هەورامانە و ماندووبوونێکی زۆریان چەشتووە تا لە دلی چەماوەردا جێگای خۆیان کردۆتەوەو شارەزای مەقامەکان و بەزمەکانن، بە دلسۆزی و پاکی هونەری سیاچەمانەیان پاراستووەو بەسەر (هەواکا)ندا زالبوون بە تایبەتی لە کاتی لەرینەوەی تەلەکانی حونجەرەو گەروو.

– سیاچەمانەی هەوارمان سولتانی موزیکایە... خۆی لەخۆیدا ئەنسکلوپیدیایە...سەرجەم مێژووی نەتەوەی کوردی تیا ڕەنگداوەتەوە.

– ژن و پیاوی هەورامان دەنگخۆشن و چریکەیەکی ڕۆحنەوازیان هەبووە، ژنەکان هاندەری کورەکانیان بوون..ناوی ژنە ناودارە گۆرانیبێژەکان لە مێژووی هونەری هەوراماندا تۆمار کراوە بە تایبەتی کەسانی وەك "نازەنین، گولباخ، فەرخی، مریەم دایکی عوسمان هەورامی، بەیزا (ئەمانە خاوەنی دەنگێکی زولاڵ و گەروویەکی بێگەرد بوون.

– پاراستنی ئەم گۆرانی و گۆرانیبێژانە کە دەنگێکی ڕەسەنی ناوچەکەیان هەیە ئەمانەتێکە کەوتۆتە سەرشانی هەموو کوردێك بە تایبەتی کەسانی ناوچەکە، ئەڵبەتە کاك جەلیل عەباسی ئەرکێکی زۆر و ماندووبوونێکی زۆری بینیوە کە بەرهەمی برایانی کێمنەیی و هونەرمەندانی خرکردۆتەوەو وەك یەکەم بەرهەم کە مێژوو و ئاواز و ناو ناوبانگی ئەم هونەرمەندانەی زیندوو کردۆتەوەو لە فەوتان ڕزگاریان دەکات، بۆیە دەستخۆشی لێ دەکەم و بە هیوای بەرهەمی زۆرتر و پشوویەکی درێژتر.

پ. د. شوکریە ڕەسوڵ

DEZGAY MUZÎK Û KELEPÛRÎ KURD
KURDISTAN/Hewlêr /2007

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.